رووداو
RÛDAW

ژمارە (568) دووشەممە 2019/9/2 - 11ی گەلاوێژ 2719 (750) دینار




# ژنەکەی بەردەم دادگای هەولێر بە پاساوی "شەرەف" کوژراوە

**رووداو- هەولێر**

لە هەولێر پیاوێک ژنە 27 ساڵانەکەی لەبەردەم دادگای تێهەڵچوونەوەی هەولێر کوشت. باوکی ژنەکەش دەڵێت "کچەکەم باجی هەڵەکانی دا".

رووداوەکە پێشنیوەڕۆی رۆژی 2019/9/1 لە کاتێکدا روویدا کە شادی جاسم حەمەدی تەمەن 27 ساڵ بەمەبەستی جیابوونەوە لە هاوژینەکەی چووبووە دادگای تێهەڵچوونەوەی هەولێر. عیماد جاسم کە برای شادیەیە و لە کاتی رووداوەکە لەگەڵ خوشکەکەی بووە، بە (رووداو)ی راگەیاند: "لەگەڵ شادیە چووین بۆ دادگا و بڕیار بوو زاواکەشمان بێت، بەڵام نەهات، بۆیە هاتینە دەرەوە و ویستمان بڕۆینەوە بۆماڵەوە، ئۆتۆمبێلەکەم لە گەراج بوو، چووم بیهێنمە دەرەوە، گەیشتمە نزیک ئۆتۆمبێلەکە و گوێم لە دەنگی تەقە بوو، ئاوڕم دایەوە خوشکەکەم لەسەر زەوی کەوتبوو". بە گوتەی عیماد، زاواکەیان شەش گوللەی دەمانچەی لە سەری شادیە داوە، هەر لە شوێنی رووداوەکەش دەستگیرکراوە.

شادیە جاسم لە ساڵی 2012 لەگەڵ (ئا.ق.ح)ی ئامۆزای هاوسەرگیرییان کردووە. جاسم حەمەد، باوکی شادیە لەبارەی کێشەی نێوان کچ و زاواکەی بە (رووداو)ی راگەیاند "کچەکەم لەگەڵ زاوای (ئا) بەیەکەوە بینرابوون. دواتر کچەکەم و ئەو کوڕە بەتۆمەتی ناپاکی دەستگیرکران و سزادران". گوتیشی "هەموو هەڵەیەک باجێکی هەیە، کچەکەم باجەکەی دا. من هیچ کێشەم لەگەڵ زاواکەم و بنەماڵەکەی نییە، یاساش چۆن مامەڵە لەگەڵ دۆسیەکە دەکات با بیکات".

«2



**عارف قوربانی:**
یەکێتی، کۆنگرەی بۆ چییە؟
18

کێشەی ئامینە کاکەباوە و پارتی چەپ بە جیابوونەوە کۆتایی هات
5

خولێکی دیکەی مشتومڕ لەسەر یاسای نەوت و غازی عێراق بەڕێوەیە
3

## 10 رۆژی دیکە پرۆژە یاسای چاکسازی رەوانەی پەرلەمان دەکرێ

# دەستکاری مووچەی دوو هەزار پلەی تایبەت دەکرێ

**رووداو- سلێمانی**

ئەندامێکی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێ، ئەنجوومەنی وەزیران لە قۆناغی کۆتایی ئامادەکردنی پرۆژە یاسای چاکسازیدایە و ئەگەر پرۆژە یاساکە پەسەند بکرێ، دەستکاری مووچەی 2000 پلەی تایبەت دەکرێ.

جەلال محەممەد، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند "لە ئەنجوومەنی وەزیران لیژنەیەک بە سەرۆکایەتی وەزیری داد و ئەندامێتی وەزیری دارایی، پێشمەرگە و ناوخۆ پێکهاتووە و سەرقاڵی تەواوکردنی پرۆژە یاسای چاکسازین بۆ ئەوەی بینێرنە پەرلەمان.

پەرلەمانی کوردستان لە مانگی ئابی ساڵی رابردوو لەسەر تێپەڕاندنی پرۆژە یاسای چاکسازی رووبەڕووی رەخنەی زۆر بووەوە، ئەویش بەهۆی زۆریی مووچەی پەرلەمانتاران و خانەنشینی پەرلەمانتاران.

ئەو ئەندامەی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان، ئاماژە بۆ "زیاتر لە 2000 پلە تایبەت" دەکات و دەڵێ: "2000 لەوانە پلە تایبەتی پارتی و یەکێتین و مووچەکانیان لە 4 ملیۆن و 500 هەزار دینار کەمتر نییە. بەپێی پرۆژە یاساکە مووچەکانیان دەستکاری دەکرێت، یان کەمدەکرێتەوە یان دەبڕدرێت. هەر بۆیە پارتی پاشان یەکێتی، زیانمەندی یەکەمی یاساکەن. گۆڕان و حیزبەکانی دیکەش هەندێک مووچەخۆری پلە تایبەتیان هەیە".

بەڵام ئێستا کە پرۆژە یاساکە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە نەگەیشتووە بە پەرلەمان، ترسی ئەوە دروستبووە لە نێو فراکسیۆنەکان کە دواجار لە ژێر گوشاری ئەوانەی مووچەکانیان بەر مقەستی یاساکە دەکەوێت، گرفتی بۆ دروست بکرێ.

جەلال محەممەد، باسی دانانەوەی سندوقی خانەنشینی دەکات. بەپێی یاساکە، ئەو پارەیەی مانگانە لە مووچەی فەرمانبەران دەبڕدرێ "دەخرێتە ئەو سندوقە و بەو پارەیە مووچەی خانەنشینان دەدرێ و ئیدی مووچەی خانەنشینی هیچ پەیوەندییەکی بە بودجەوە نامێنێ".

ئەگەرچی دەنگۆ هەیە کە هەندێک لە فراکسیۆنەکان لەوانەش یەکێتی دژی تێپەڕاندنی یاساکە بێ بەو شێوەیەی حکومەت ئامادەی کردووە، بەڵام زیاد شەهید جەبار، ئەندامی فراکسیۆنی یەکێتی لە لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان ئەو دەنگۆیانە بە "قسەی ناڕاست" ناودەبات و دەڵێ: "تیمی ئێمە لە ئەنجوومەنی وەزیران بەشدارییەکی زۆر باشیان هەیە لە ئامادەکردنی پرۆژە یاساکە، ئەوەش مانای ئەوەیە کە ئێمە پێشوازی لێدەکەین".



«3

# لە سلێمانی بازگە بۆ "وەرگرتنی سەرانە" دادەنرێ

**رووداو- سلێمانی**

ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی چەند رۆژێکە سەرقاڵی بەدواداچوونە بۆ چەند بازگەیەکی نوێ کە لە سلێمانی دادەنرێن و دەڵێت بازگەکان بۆ "وەرگرتنی سەرانەیە".

کەریم عەلی، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بە (رووداو)ی راگەیاند ماوەیەک لەمەوبەر زانیارییان پێگەیشت کە لە نزیک بنکەی هاتوچۆی تاسڵوجە، چەند کەسێک سەرقاڵی دانانی بنکەیەکی دیکەی وەرگرتنی باجن لە ئۆتۆمبیلی بارهەڵگر و تانکەری نەوت "ئەوەش نایاساییە و رێگەپێدراو نییە".

ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی کە هاوکات سەرۆکی لیژنەی پیشەسازی و وزەیە، نیگەرانە لەو حاڵەتە و دەڵێ "نووسراو ئاراستەی داواکاری گشتی دەکەین، بۆ ئەوەی پێمان بڵێن کێن ئەوانەی دەتوانن ئۆفیس و بازگەی لەو جۆرە دابنێن کە پیشەکەیان تەنیا وەرگرتنی سەرانە بێت".

بەپێی یاسا بەرکار و رێگەپێدراوەکان کە لەپەرلەمانی کوردستانەوە دەردەچن، دەسەڵاتی دانانی بازگە و ئۆفیسی لەو جۆرە تەنیا لە دەسەڵاتی وەزارەتی دارایی و ناوخۆیە و دانانی هەر بازگەیەکیش، پێویستی بە رەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران هەیە.

جەلال کەریم، بریکاری وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند: "وەزارەتی ناوخۆ ئاگای لە دانانی ئەو جۆرە ئۆفیسانە نییە". هەروەها د.هەڤاڵ ئەبوبەکر، پارێزگاری سلێمانیش بێئاگایە لە دانانی ئەو ئۆفیسانە و لەوبارەوە گوتی: "هیچ شتێکی فەرمی لە ئێمە داوا نەکراوە. پێویستە لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار کە وەزارەتی داراییە قسە بکرێت".

ئۆفیسە نوێیەکە کە وەک ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی دەڵێ "ژمارەیەک چەکدار بۆ وەرگرتنی سەرانە دایانناوە"، دەکەوێتە سەر رێگای (بازیان – سلێمانی) و لەسەر ئەو رێگا سەرەکییەیە کە دێتە نێو شاری سلێمانییەوە.

نەوزاد نووری مەحموود، بەڕێوەبەری ناحیەی بازیان بە (رووداو) راگەیاند "داوامان لەو بەڕێزانە کرد کە سەرقاڵی دانانی ئۆفیسەکەن، پێمانگوتن بێنە لامان و رەزامەندی وەربگرن و قسەی لەبارەوە بکەین، بەڵام ئەوان گوتیان پارە تەنیا لە تانکەرەکانی سووتەمەنی وەردەگرین".

«3

# وەزیرێکی کورد داوای مافی پەنابەری لە کەنەدا دەکات

**رووداو- هەولێر**

وەزیرێکی کوردی سەردەمی سەدام حوسێن داوای مافی پەنابەرێتی لە حکومەتی کەنەدا کردووە. حکومەتی کەنەدا سەرەتا کێشەی لەگەڵ کەیسەکەیدا نەبووە، بەڵام دواتر گومانیان بۆ دروستبووە.

بابەکر مەحموود ئاغا پشدەری، وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە سەردەمی بەعس، لە حوزەیرانی 2015 کاتێک لە ئۆتاوا بوو، داوای مافی پەنابەرێتی لە حکومەتی کەنەدا کردبوو. بەگوێرەی راپۆرتێکی کەناڵی (گلۆباڵ نیوز)ی کەنەدی، هەفتەیەک پێش داواکەی بابەکر، حکومەتی عێراق ئاگاداری کردبووەوە کە چیدی ئامادەنین خەرجیی چاودێری و چارەسەرییە پزیشکییەکانی بدەن.

بەرپرسانی فەرمانگەی کۆچبەری لە کەنەدا پاش ماوەیەک لەبەر ئەوەی بابەکر "بەرپرسی باڵا"ی رژێمی بەعس بووە، داواکەیان رەتکردووەتەوە. وەزیرە کوردەکە بە دەستەی کۆچبەران و پەنابەرانی کەنەدای گوتووە کە ئەو ناچار کراوە لە کابینەی حکومەتدا وەک وەزیر بمێنێتەوە.

یەکەمجار دادوەرێکی دەستەکە ئەو پاساوەیان لێ قەبووڵ کردبوو و داواکەیان پەسەند کردبوو، بەڵام دادوەرانی دەزگای پاراستنی گشتی لەگەڵ ئەو بۆچوونەی دەستەی کۆچبەران و پەنابەراندا کۆک نەبوون، بۆیەش داوای تێهەڵچوونەوەیان کرد و سەرکەوتووش بوون. راپۆرتەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە دادوەری تێهەڵچوونەوە هاگ باسمەجیان بڕیارەکەی پێشووی هەڵوەشاندووەتەوە.

دادوەرەکە ئاماژەی بەوە داوە کە بابەکر لە هەردوو حکومەتی ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام حوسێندا "بەرپرسیارێتی گەورە"ی هەبووە، بۆ نموونە لە کاتی جەنگی ئێران- عێراقدا گوتەبێژی حکومەت بووە، رێککەوتنی لەگەڵ وڵاتانی دیکە واژۆ کردووە و رۆڵی هەبووە لەو هەوڵانەی بۆ هێنانی کرێکاری بیانی بۆ عێراق دەدران.

«6

# کرێنشینان سکاڵا لەسەر دوو وەبەرهێنەر تۆمار دەکەن

**شکار ئەحمەد**
**رووداو- هەولێر**

کۆمەڵەی داکۆکی لە مافی کرێنشینان لەڕێگەی داواکاری گشتییەوە دوو سکاڵا لەدژی وەبەرهێنەران تۆمار دەکات. بە گوتەی بەرپرسانی کۆمەڵەکە، وەبەرهێنەرەکان پارەی نزیکەی 2000 کرێنشینیان خواردووە.

یەکێ لە سکاڵاکانی کۆمەڵەکە لەسەر خاوەنی پڕۆژەی کۆمەڵگەی (سیدار ستی)یە لە هەولێر. کارزان رەسوڵ، گوتەبێژی کۆمەڵەکە بە (رووداو)ی راگەیاند "ساڵی 2014 لە وەبەرهێنان مۆڵەتی وەرگرتووە، بەڵام دوای پێنج ساڵ تەنانەت بناغەکەشی دیار نییە، پارەی 970 کەسی خواردووە".

سامان عارەب، بەڕێوەبەری گشتی وەبەرهێنان لە هەولێر، لەبارەی ئەو وەبەرهێنەرە بە (رووداو)ی گوت: "ساڵی 2013 خاوەنەکەی بەناوی پڕۆژەی نیشتەجێبوون پارەی لە خەڵک وەرگرتووە و مۆڵەتیشی نەبووە، بۆیە درایە دادگا و دەستگیرکرا".

سکاڵای دووەمی کۆمەڵەی داکۆکی لە مافی کرێنشینان لەدژی خاوەنی پڕۆژەی (مینا ستی)یە لە سلێمانی، کە دەبوو هەزار یەکەی نیشتەجێبوون بۆ کرێنشینان دروست بکات، بەڵام پڕۆژەکەی جێبەجێ نەکرد "لەم پڕۆژەیە پارە لە هەزار کەس وەرگیراوە".

بەپێی زانیارییەکانی کۆمەڵەکە، لە هەرێمی کوردستان 11 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون بەناوی کرێنشینان و مۆڵەتیان وەرگرتووە " لە هەولێر 5000 یەکە و لە دهۆک 3300 یەکە و لە سلێمانیش 2700 یەکە، بەڵام وەهمی بوون و لەلایەن وەبەرهێنەرەکانەوە هیچ یەکەیەکی نیشتەجێبوونیان تێدا دروست نەکراوە".

«4

ئابووری 8

جووتیاران روو لە چاندنی توتن دەکەنەوە



شرۆڤە 14

بۆچی نرخی زێڕ بەرزبووەتەوە؟

ژنان 12

بەغدا ناسنامە ناداتە کچێکی هەڵەبجەیی



تاراوگە 11

60 کۆچبەری کورد لە گۆڕستانێکی یۆنان نێژراون



## تۆمەتبارێکی داواکراو لە فڕۆکەخانەی هەولێر دەستگیردەکرێ



**ڕووداو- هەولێر**

حکومەتی هەرێمی کوردستان یارمەتی بەرپرسانی هەرێمی تایوان دەدات بۆ دەستگیرکردنی تۆمەتبارێکی عێراقی و دۆزینەوەی شوێنی منداڵەکەی. کان یێن مین، بەڕێوەبەری "یەکەی کاروباری تاوانە نێودەوڵەتییەکان"ی هەرێمی تایوان ڕایگەیاند، تۆمەتبارەکە ناوی "عەلی حەمەد جومعە"یە و دوای ئەوەی تۆمەتی کوشتنی خەسوو و خەزوورە تایوانییەکەی دراوەتە پاڵ، لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر دەستگیرکراوە. کان مین دەڵێت، شوێنی مانەوەی منداڵە تەمەن یەک ساڵەکەی عەلی و هاوژینە تایوانییەکەی دیار نەبوو و هەربۆیە بە یارمەتی پۆلیسی فیدراڵی ئوسترالیا پەیوەندییان بە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کردووە تاوەکو لە دۆزینەوەی ئەو منداڵەدا یارمەتیان بدەن و لەو ڕێگەیەوە توانراوە ئەو کورە لە ماڵی خزمێکی عەلی لە مووسڵ بدۆزنەوە..

# ژنەکەی بەردەم دادگای هەولێر بە پاساوی "شەرەف" کوژراوە



شادیە بە تۆمەتی ناپاکی هاوژینی ساڵ و نیوێک لە زیندان بووە

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

لە هەولێر پیاوێک ژنە 27 ساڵانەکەی لەبەردەم دادگای تێهەڵچوونەوەی هەولێر کوشت. برایەکی ژنەکە دەڵێ زاواکەیان بۆ ئەو تاوانە هاندراوە. باوکی ژنەکەش دەڵێت "کچەکەم باجی هەڵەکانی دا".

ڕووداوەکە پێشنیوەڕۆی ڕۆژی 2019/9/1 لە کاتێکدا ڕوویدا کە شادی جاسم حەمەدی تەمەن 27 ساڵ بەمەبەستی جیابوونەوە لە هاوژینەکەی چووبووە دادگای تێهەڵچوونەوەی هەولێر.

عیماد جاسم کە برای شادیەیە و لە کاتی ڕووداوەکە لەگەڵ خوشکەکەی بووە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لەگەڵ شادیە چووین بۆ دادگا و بڕیار بوو زاواکەشمان بێت، بەڵام نەهات، بۆیە هاتینە دەرەوە و ویستمان بڕۆینەوە بۆ ماڵەوە، ئۆتۆمبێلەکەم لە گەراج بوو، چووم بیهێنمە دەرەوە، گەیشتمە نزیک ئۆتۆمبێلەکە و گوێم لە دەنگی تەقە بوو، ئاوڕم دایەوە خوشکەکەم لەسەر زەوی کەوتبوو".

بە گوتەی عیماد، زاواکەیان شەش گوللەی دەمانچەی لە سەری شادیە داوە، هەر لە شوێنی ڕووداوەکەش دەستگیرکراوە. عیماد پێیوایە زاواکەیان پێشتر پلانی بۆ کوشتنی شادیە داناوە، کاتێکیش ئەو لە خوشکەکەی جیابووەتەوە، پلانەکەی جێبەجێ کردووە.

شادیە جاسم لە ساڵی 2012 لەگەڵ (ئا.ق.ح)ی ئامۆزای هاوسەرگیرییان کردووە، بەڵام منداڵیان نەبووە. جاسم حەمەد، باوکی شادیە لەبارەی کێشەی نێوان کچ و زاواکەی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "کچەکەم بە ویستی خۆی هاوسەرگیری کرد. بەمدواییە تووشی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بوون، کچەکەم لەسەر ئەو کێشەیە کوژرا".

لەبارەی ئەو کێشە کۆمەڵایەتییەش جاسم حەمەد دەڵێ: "چەند ساڵێک لەمەوبەر کچەکەم لەگەڵ زاوای (ئا) بەیەکەوە بینراون. دواتر کچەکەم و ئەو کوڕە بەتۆمەتی ناپاکی دەستگیرکران و سزا دران".

شادیە ساڵ و نیوێک لە زیندان بووە و سێ مانگ بوو حوکمەکەی تەواو بووبوو، بەڵام هەر لە زیندان داوای جیابوونەوەی لە (ئا) کردبوو. باوکی شادیە دەڵێت: "ئەو سوور بوو لەسەر جیابوونەوە. لەو ماوەیە سێ جار چووەتە دادگا. ئەوە چوارەم جاری بوو بچێتە دادگا، بەڵام هاوژینەکەی ئامادە نەبووە و لەبری ئەوە لە دەرەوەی دادگا کچەکەمی کوشتووە".

برای ئەو ژنە پێیوایە بنەماڵەی زاواکەیان ئەویان هانداوە بۆ تاوانەکە و دەڵێ: "دایک و باوک و براکەی هانیانداوە خوشکەکەم بکوژێت، پێیانگوتووە چۆن ڕێگە دەدات داوای جیابوونەوەی لێبکات، دەبێت بیکوژێت".

بەڵام باوکی شادیە هیچ گلەییەکی لە زاواکەی نییە و دەڵێ: "کچەکەم لەگەڵ زاوای (ئا) هەڵاتبوون. هەموو هەڵەیەک باجێکی هەیە، کچەکەم باجەکەی دا. من هیچ کێشەم لەگەڵ زاواکەم و بنەماڵەکەی نییە، یاساش چۆن مامەڵە لەگەڵ دۆسیەکە دەکات با بیکات، ئەگەر ئازادیش بکرێ هیچ کێشەیەکم نییە، ئەو برازامە و وەکو کوڕی خۆمە".

موقەددەم فەرمان محەممەد، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ساڵی 2017 شادیە و کەسێکی دیکە بەپێی ماددەی 377 لە یاسای سزادانی عێراقی دەستگیرکراون تاوەکو حوکمەکەیان تەواو بووە و دواتر ئازاد کراون". مقەدەم فەرمان گوتیشی: "دوای ئازادبوونی، شادیە پێیوابوو مەترسی لەسەر ژیانی هەیە، بۆیە 20 ڕۆژ لە شەڵتەر مایەوە. دواتر خۆی داوای کرد بچێتەوە لای باوکی، باوکیشی بەڵێنی دا هیچ توندوتیژییەک بەرامبەر کچەکەی نەکەن".

هەر سەبارەت بە ڕووداوەکە، لیوا عەبدولخالق تەڵعەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە بکوژەکە هەر دوای تاوانەکەی خۆی ڕادەستی ئاسایش کردووە و بەپێی ماددە 406 لە یاسای سزادانی عێراقی دۆسیەی بۆ کراوەتەوە.

# لە مووسڵ شەش قەزا و 11 ناحیەی نوێ دروست دەکرێن

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

بڕیارە لە سنووری پارێزگای نەینەوا شەش قەزا و 11 ناحیەی تازە دروست بکرێن. ئەنجومەنی قەزای مووسڵ پرۆژەی سێ ناحیەی لە سنووری قەزای ناوەندی مووسڵ پێشکەشی ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا کردووە، سەرۆکی کوتلەی برایەتیش لە ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا دەڵێت ئەو بابەتە لەگەڵ سەرکردایەتی کوردیش باسکراوە.

ڕۆژی 2019/9/1 ئەنجومەنی قەزای مووسڵ بەفەرمی داوای لە ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا کرد سێ ناحیە بکرێنە قەزا و چوار کۆمەڵگاش بکرێنە ناحیە. ئێستا چاوەڕێی وەڵامی ئەنجومەنی پارێزگا دەکەن.

مستەفا ئەحمەد، سەرۆکی ئەنجومەنی قەزای مووسڵ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، داواکاریی زۆر کۆمەڵگا و شارۆچکەمان بۆ هاتبوو کە بکرێن بە قەزا و ناحیە، ئەوانیش داواکارییەکانیان بۆ ئەنجومەنی پارێزگا بەرز کردووەتەوە.

پارێزگای نەینەوا لە 31 یەکەی ئیداری پێکدێ (نۆ قەزا و 22 ناحیە). سەرۆکی ئەنجومەنی قەزای مووسڵ ناوی ئەو شارۆچکانەی ئاشکراکردن کە داوایان کردووە بکرێنە قەزا، ئەوانیش ناحیەکانی باشیک، گەیارە و حەمام عەلیلن. ئەو کۆمەڵگایانەشی داوایان کردووە بکرێتە ناحیە بریتین لە: بایبۆخت و بزاوایە لە سنووری باشیک، کۆمەڵگەیەک لە سنووری حەمام عەلیل، میشراق و شۆرە لە سنووری گەیارە.

> سەرۆکی فراکسیۆنی برایەتی لە ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا:
>
> لەگەڵ سەرکردایەتی کورد باسی گۆڕانکاری لە یەکە ئیدارییەکانی مووسڵ کراوە

دوای ڕزگارکردنی مووسڵ لە دەستی داعش لە ساڵی 2017، قسەی زۆر لەسەر چارەنووسی ئەو پارێزگایە کراوە، هەندێک لە ناوچەکانی پارێزگای نەینەوا دەکەونە سنووری ماددەی 140ی دەستووری عێراق. تاوەکو ئێستا چەند جارێک باس لە دابەشکردنی پارێزگاکە بەسەر چەند هەرێمێک یان یەکەیەکی ئیداری کراوە.

بەرەکات شەمۆ، سەرۆکی کوتلەی برایەتی و پێکەوەژیان لە ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، پرۆژەی دروستبوونی قەزا و ناحیەی نوێ لە سنووری پارێزگای نەینەوا تازەیە، لە دوای نەمانی داعشەوە ئەو بابەتە هەیە، تەنانەت لەگەڵ سەرکردایەتی کوردیش باسکراوە.

سەبارەت بە داواکارییەکەی ئەنجومەنی قەزای مووسڵ، بەرەکات شەمۆ گوتی: "دروستکردنی یەکەی ئیداریی نوێ، ڕێکاری خۆی هەیە، سەرەتا دەبێ خەڵکی ئەو ناوچانە داواکاری بەرز بکەنەوە بۆ ئەنجوومەنی قەزای خۆیان، پاشان ئەوان پێشکەشی ئێمەی دەکەن، دەبێ زۆرینەی ئەنجوومەن دەنگی لەسەر بدات. پاشان دەچێتە وەزارەتی پلاندانان و ڕەزامەندی ئەوانیشی پێویستە".

بەرەکات ناوی چەند شارۆچکەیەکی دیکەی ئاشکرا کرد کە بڕیارە ئەوانیش ببنە قەزا و ناحیە و دەڵێت، جگە لەو سێ ناحیەی سنووری قەزای ناوەندی مووسڵ، هەریەک لە ناحیەی سنوونێ لە سنووری شنگال، ناحیەی ڕەبیعە لە سنووری تلەعفەر و ناحیەی محەلەبیە لە سنووری بەعاج دەبنە قەزا، یازدە کۆمەڵگەش دەکرێنە ناحیە.

بەرەکات شەمۆ پێیوایە ئەو گۆڕانکارییانە لە ئیدارەی پارێزگای نەینەوا بەشێکی زۆر لە کێشە ئیدارییەکانی ناوچە کوردنشینەکان لە سنووری پارێزگای نەینەوا چارەسەر دەکات.

# سەرۆکی پێشووی تیپێکی هونەری خۆی دەخنکێنێ



**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

بەکر مستەفا کە زۆر شەیدای هونەری میللی بوو، خۆی بۆ ئاهەنگێکی خزمێکیان ئامادە کردبوو، بەڵام نەچوو بۆ ئاهەنگەکە و لە ماڵەکەی خۆیدا خۆی هەڵواسی. ئەو شایەتحاڵانەی تەرمەکەیان بینیوە، دەڵێن هێشتا هیدفۆنی مۆبایلەکەی هەر لە گوێیەکانیدا بوو.

بەکر مستەفا، تەمەن 45 ساڵ کە پێشتر سەرۆکی تیپی هونەری میللیی نهێل بووە، ڕۆژی 2019/8/30 لە نێو ماڵەکەیدا لە گوندی بەلاڤەی سەر بە ناحیەی دێرەلووک، خۆی خنکاند.

بەنگین مستەفا کە برای بەکرە، یەکەمین کەس بووە چووەتە سەر ڕووداوەکە و دەڵێت: "شەوی 29ی مانگ، بەکر تاوەکو سەعات 11ی شەو لەگەڵ دوو هاوڕێی لە سەنتەری ناحیەی دێرەلووک بوون، شەو گەڕاوەتەوە ماڵەوە. ڕۆژی دواتر ئاهەنگی خزمێکمان هەبوو، هاوژین و منداڵەکانی لە ماڵ نەبوون".

بەنگین کە زانیویەتی بەکری برای بە تەنیایە، بەدوایدا چوو بوو بۆ ئەوەی بچێتە لای ئەوان نانی نیوەڕۆ بخوات. لە دەرگای دابوو، بەڵام کەس دەرگای لێ نەکردبووەوە. بەنگین دەڵێت: "لە پەنجەرەوە سەیری ژوورەوەم کرد، بینیم بە شوێنی پانکەکەوە خۆی هەڵواسیوە، یەکسەر بانگی پۆلیس و خەڵکی گوندم کرد".

بەنگین لەو ڕۆژەوە لە شۆکدایە و دەڵێت: "نە ئێمە و نە بەکری براشم کێشەمان لەگەڵ کەس نەبووە، نازانین بۆچی خۆی کوشتووە".

بەکر مستەفا لە ناوچەکەیاندا بە کەسێکی هونەرپەروەر ناسرابوو، بە تایبەتی هونەری میللی. یەکێک لە دامەزرێنەرانی تیپی هونەری میلیی نهێل بووە لە ساڵی 2009، ساڵێک دواتر بووەتە سەرۆکی تیپەکە. ماڵەکەشی پڕ کردبوو لە شتی فۆلکۆری و لە مۆزەخانەیەک دەچوو. سوبحی بەلاڤەیی کە ئامۆزای بەکرە، دەڵێت: "شەوێک پێش ئەوەی خۆی بخنکێنێ، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی بووە لە دەرەوە، چەند جارێک بە هاوڕێکانی گوتبوو کارێکی گرنگم هەیە دەبێ زوو بگەڕێمەوە ماڵەوە، سەعات 11 شەو تەلەفۆنێکی گرنگم هەیە و دەبێ قسە بکەم. کاتێک تەرمەکەیان بینیبوو هیدفۆنەکەی هەر بە گوێوە بوو، تا ئەو کاتەی خۆی خنکاندووە قسەی لەگەڵ کەسێک کردووە، بەڵام دیار نییە ئەو کەسە کێیە، پۆلیس تەلەفۆنەکەی بردووە و لێکۆڵینەوە دەکات".

باری ئابووریی بەکر باش نەبووە، بەڵام خزم و ناسیاوەکانی دەڵێن کەسێکی زۆر دڵکراوە بووە و لەو باوەڕەدا نین لەبەر خراپیی باری ئابووری خۆی خنکاندبێ. سوبحی دەڵێت: "ئەو ڕۆژەی خۆی خنکاندووە، ئاهەنگی ژنبراکەی بووە، خۆی بۆ ئاهەنگەکە ئامادە کردووە، هیچ نەخۆشییەکی دەروونی نەبووە، بۆیە چاوەڕێی لێکۆڵینەوەی پۆلیس دەکەین، بۆ ئەوەی بزانین بۆچی خۆی کوشتووە".

## بەهۆی ئۆپەراسیۆنی تورکیا بۆ سەر حەفتانین

# دانیشتووانی 15 گوندی زاخۆ ئاگادار دەکرێنەوە نەچنە گوندەکانیان

**ناسر عەلی**
**ڕووداو — دهۆک**

هێزەکانی تورکیا لە سنووری چیای حەفتانین دوو کیلۆمەتر دێنە نێو خاکی هەرێمی کوردستان، ئەمەش ترس و دڵەڕاوکێی لەلای دانیشتووانی 15 گوندی ناوچەکە دروست کردووە. هێزە ئەمنییەکانی ناوچەکەش داوا دەکەن خەڵک هاتوچۆی ئەو گوندانە نەکات.

ڕۆژی 2019/8/24 سوپای تورکیا قۆناغی سێیەمی ئۆپەراسیۆنی "چنگ"ی بۆ سەر هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە ناوچەی حەفتانین دەستپێکرد، ئێستاش بە قووڵایی دوو کیلۆمەتر هاتوونەتە نێو خاکی هەرێمی کوردستان.

حەفتانین ناوچەیەکی شاخاوییە لە سنووری ناحیەی دەرکاری سەر بە قەزای زاخۆ. لە پاڵ هەرێمی قەندیل و زاپ، تورکیا ئەو ناوچەیەی بە هەرێمی حەفتانین ناوزەد کردووە.

عەزیز ساڵح دانیشتووی گوندی شەرانش لە سنووری ناحیەی دەرکار بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ژیانی ئێمە لەسەر کشتوکاڵە، بەڵام چەند ڕۆژێکە لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە ئاگادار کراوینەتەوە کە نەچینە ناوچەی حەفتانین، پس ئاغا و نزیکەی 13 گوندی دیکە".

زیاتر لە 20 ساڵە شەڕی تورکیا و گەریلاکانی پەکەکە لەسەر خاکی باشووری کوردستان درێژەی هەیە، تاوەکو ئێستا تورکیا چەند جارێک ئۆپەراسیۆنی بۆ سەر گەریلاکانی پەکەکە لەنێو خاکی باشووری کوردستان کردووە. ئەمە جگە لەوەی لە ڕێگەی فڕۆکە و تۆپەوە زوو زوو ناوچەکە دەکەوێتە بەر بۆردومان.

دوایین ئۆپەراسیۆنی تورکیا بۆ سەر پێگەکانی پەکەکە لە نێو خاکی باشووری کوردستان، ئۆپەراسیۆنی چنگە کە چوار مانگە دەستپێکردووە. ئۆپەراسیۆنەکەش لە زەمین و ئاسمانەوەیە.

زێرەڤان مووسا، بەڕێوەبەری ناحیەی دەرکار لە سنووری قەزای زاخۆ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو هێزە ئەمنییەکانی زاخو ئێمەیان ئاگادار کردەوە کە دانیشتووانی هەندێک لە گوندەکان لە ناحیەی ئێمە و باتیفا کە ژمارەیان 15 گوند دەبێ، هاتوچۆی ئەوێ نەکەن. گوندەکانیش بریتین لە حەفتانین، سینات، قەسرۆکێ، پس ئاغا و ئاڤا گیزێ و چەند گوندێکی دیکە".

سەبارەت بە ئۆپەراسیۆنەکەی سوپای تورکیا بۆ ئەو ناوچەیە، بەڕێوەبەری ناحیەی دەرکار دەڵێت ئێمە هیچ لەبارەی ئۆپەراسیۆنەکە نازانین، چونکە هەماهەنگی لەگەڵ ئێمە نەکراوە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە هێزەکانی پاسەوانی سنوور لە پارێزگای دهۆک بە (ڕووداو) ڕاگەیاند: "لە چەند شوێنێکی سنووری پارێزگای دهۆک، تورکیا دەربازی نێو خاکی هەرێمی کوردستان بووە. لە ڕۆژی 24ی مانگی ڕابردووەوە لە ناوچەی حەفتانین بە قووڵایی دوو کیلۆمەتر هاتوونەتە نێو خاکی هەرێمی کوردستان".

سەبارەت بە هەماهەنگی لەگەڵ هێزەکانی پاسەوانی سنوور کە سەر بە سوپای عێراقن، ئەو سەرچاوەیە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە گوتی: "ئەوان هیچ هەماهەنگییەکیان لەگەڵ ئێمە نەکردووە، بەڵام دەزانین لە سنوری حەفتانین نزیکەی دوو کیلۆمەتر هاتوونەتە پێشەوە".

## پارتی: کۆبوونەوەی سێقۆڵی لەگەڵ یەکێتی و گۆڕان دەکەین



**ڕووداو- هەولێر**

پارتیی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان کۆبووەوە و گوتەبێژی پارتیش دەڵێت، بۆ تاوتوێکردنی بابەتە پەیوەندیدارەکانی نێوان هەولێر و بەغدا کۆبوونەوەیەکی سێقۆڵی لەنێوان پارتی، یەکێتی و گۆڕان دەکەن. کۆبوونەوەکە ڕۆژی 2019/9/1 لە بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی لە هاوینەهەواری پیرمام بەڕێوەچوو. دوای کۆبوونەوەکە مەحموود محەممەد، گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا ڕایگەیاند، باسی پرسە هەنووکەییەکان و پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو لایان کردووە . بابەتە پەیوەندیدارەکانی سەبارەت بە کەرکووک و پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدایان تاوتوێکردووە، بەتایبەتی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان. گوتەبێژی پارتی ئاماژەی بەوەشکرد "سەرەڕای تاوتوێکردنی ئەو بابەتانە، کۆمەڵێک بابەتی دیکە هەیە پێویستە لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی باسی لێبکەین و بۆ ئەومەبەستەش کۆبوونەوەیەکی سێقۆڵیمان لەبەردەستە" .

## 10 ڕۆژی دیکە پرۆژە یاسای چاکسازی ڕەوانەی پەرلەمان دەکرێ

# دەستکاری مووچەی 2000 پلەی تایبەت دەکرێ



**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

ئەندامێکی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێ، ئەنجوومەنی وەزیران لە قۆناغی کۆتایی ئامادەکردنی پرۆژە یاسای چاکسازیدایە و چاوەڕوان دەکەن ڕۆژی 12ی ئەم مانگە بگاتە پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی لیژنە پێوەندیدارەکان کاری لەسەر بکەن.

جەلال محەممەد، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان دەڵێ، لە ئەنجوومەنی وەزیران لیژنەیەک بە سەرۆکایەتی وەزیری داد و ئەندامێتی وەزیری دارایی، پێشمەرگە و ناوخۆ پێکهاتووە و سەرقاڵی تەواوکردنی پرۆژە یاسای چاکسازین بۆ ئەوەی بینێرنە پەرلەمان "ئامانجی پرۆژە یاساکە کەمکردنەوەی خەرجییەکانی حکومەت و نەهێشتنی بندیوار و زیاتر لە مووچەیەکە".

پەرلەمانی کوردستان لە مانگی ئابی ساڵی ڕابردوو لەسەر تێپەڕاندنی پرۆژە یاسای چاکسازی ڕووبەڕووی ڕەخنەی زۆر بووەوە، ئەویش بەهۆی زۆریی مووچەی پەرلەمانتاران و خانەنشینی پەرلەمانتاران.

ئەو ئەندامەی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان، ئاماژە بۆ "زیاتر لە 2000 پلە تایبەت" دەکات و دەڵێ: "2000 لەوانە پلە تایبەتی پارتی و یەکێتین و مووچەکانیان لە 4 ملیۆن و 500 هەزار دینار کەمتر نییە. بەپێی پرۆژە یاساکە مووچەکانیان دەستکاری دەکرێت، یان کەمدەکرێتەوە یان دەبڕدرێت. هەر بۆیە پارتی پاشان یەکێتی، زیانمەندی یەکەمی یاساکەن. گۆڕان و حیزبەکانی دیکەش هەندێک مووچەخۆری پلە تایبەتیان هەیە".

بەڵام ئێستا کە پرۆژە یاساکە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە نەگەیشتووە بە پەرلەمان، ترسی ئەوە دروستبووە لە نێو فراکسیۆنەکان کە دواجار لە ژێر گوشاری ئەوانەی مووچەکانیان بەر مقەستی یاساکە دەکەوێت، گرفتی بۆ دروست بکرێ.

> **سندوقی خانەنشینی کارا دەکرێتەوە**
> پەرلەمانتارێک

جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان، ئەو ڕێککەوتننامەیە وەبیردێنێتەوە کە حیزبەکەی بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەم لەگەڵ یەکێتی و بزووتنەوەی گۆڕان واژۆی کردووە و کراوەتە بنەمای ئامادەکردنی کارنامەی حکومەتیش "لەو ڕێککەوتنانەدا باسی چاکسازیی هەمەلایەنە کراوە، هەموو لایەنێکیش پێی ڕازی بوون، تەنانەت لە بانگەشەی هەڵبژاردنیشدا هەموو پەرلەمانتاران بەڵێنی چاکسازییان بە دەنگدەرانیان داوە".

هیڤیدار ئەحمەد دەڵێت چاکسازیی پێویستی بە کەسێکە خۆی پیاوخراپ بکات: "سەرۆکی حومەت بڕیاری داوە خۆی پیاوخراپ بکات لە پێناوی چاکسازی و هەر ئەو یاسایەشە دەستی حیزب لە حکومەت و مووچە دوور دەخاتەوە".

ژمارەیەکی زۆر کادر و بەرپرسی حیزبی بە پلەی وەزیر و بەرەوخوار خانەنشینکراون بەبێ ئەوەی دەوامیان کردبێت. ئەویش بەپێی ڕێککەوتنێکی سیاسی پێشوەختەی نێوان لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، هەر حیزبە و لەڕێگای داواکارییەکانی لە حکومەت ژمارەیەکی زۆر ئەندام و لایەنگر و کادری بەناوی پاسەوانی بارەگا حیزبییەکان، یان خانەنشینی لەسەر میلاکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دامەزرێنرا.

ڕۆژی 2019/9/1 وەرزی نوێی یاسادانانی پەرلەمان دەستپێکرد، پەرلەمانتاران دەڵێن تێپەڕاندنی یاسای چاکسازی کاری لەپێشینەیان دەبێ.

جەلال محەممەد، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمان دەڵێت: "ئەگەر ئەو پرۆژە یاسایە پەسەند بکرێ، 16 یاسا و دوو بڕیاری پەرلەمان پێویستیان بە هەموارکردنەوە دەبێ".

جەلال محەممەد، باسی دانانەوەی سندوقی خانەنشینی دەکات. بەپێی یاساکە، ئەو پارەیەی مانگانە لە مووچەی فەرمانبەران دەبڕدرێ "دەخرێتە ئەو سندوقە و بەو پارەیە مووچەی خانەنشینان دەدرێ و ئیدی مووچەی خانەنشینی هیچ پەیوەندییەکی بە بودجەوە نامێنێ. لەمەودوا حکومەت دوای ئەوەی کەسێک خانەنشین دەکات، کەسێکی دیکە لە جێگەی دادەمەزرێنێ، چونکە مووچەی خانەنشینی لە کۆڵ بووەتەوە".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، حکومەت دەیەوێت یاساکە بەشێوەیەک پەسەند بکرێت کە یەکەکانی ژمێریاریی مووچەی خانەنشینی هێزەکانی 70 و 80 پێشمەرگەش یەکبخاتەوە و ئەوەش پرۆسەی یەکخستنی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ قۆناغی داهاتوو ئاسانتر دەکات.

ئەگەرچی دەنگۆ هەیە کە هەندێک لە فراکسیۆنەکان لەوانەش یەکێتی دژی تێپەڕاندنی یاساکە بێ بەو شێوەیەی حکومەت ئامادەی کردووە، بەڵام زیاد شەهید جەبار، ئەندامی فراکسیۆنی یەکێتی لە لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان ئەو دەنگۆیانە بە "قسەی ناڕاست" ناودەبات و دەڵێ: "تیمی ئێمە لە ئەنجوومەنی وەزیران بەشدارییەکی زۆر باشیان هەیە لە ئامادەکردنی پرۆژە یاساکە، ئەوەش مانای ئەوەیە کە ئێمە پێشوازی لێدەکەین".

# لە سلێمانی بازگە بۆ "وەرگرتنی سەرانە" دادەنرێ

**خونچە تەها**
**ڕووداو- سلێمانی**

ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی چەند ڕۆژێکە سەرقاڵی بەدواداچوونە بۆ چەند بازگەیەکی نوێ کە لە سلێمانی دادەنرێن. بەڕێوەبەری ناحیەی بازیان زانیارییەکەی پشتڕاستکردەوە و گوتی ئەوانەی سەرقاڵی دانانی ئۆفیسەکان بوون داوای ڕوونکردنەوەمان لێکردن، بەڵام گوتیان تەنیا پارە لە تانکەرەکانی سووتەمەنی وەردەگرین.

کەریم عەلی، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی دەڵێ ماوەیەک لەمەوبەر زانیارییان پێگەیشت کە لە نزیک بنکەی هاتوچۆی تاسڵوجە، چەند کەسێک سەرقاڵی دانانی بنکەیەکی دیکەی وەرگرتنی باجن لە ئۆتۆمبیلی بارهەڵگر و تانکەری نەوت "ئەوەش نایاسایییە و ڕێگەپێدراو نییە".

ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی کە هاوکات سەرۆکی لیژنەی پێشەسازی و وزەیە، نیگەرانە لەو حاڵەتە و دەڵێ بەدواداچوون دەکەین و دەبێت بزانین ئامانجی دانانی ئەو ئۆفیسانە چییە، ئایا حکومەت ئاگادارە یان نا".

کەریم عەلی، ئاماژەی بەوەدا کە "پێشتریش لە نزیک تاسڵوجە و کەڵەوانان و عەربەت بنکە و ئۆفیسی لەو جۆرە دانراون بۆ وەرگرتنی سەرانە و باج، بەڵام بە هەوڵ و بەدواداچوونەکانمان ڕێگریمان لێکردن و وەستاندمان". گوتیشی: "نووسراو ئاراستەی داواکاری گشتی دەکەین، بۆ ئەوەی پێمان بڵێن کێن ئەوانەی دەتوانن ئۆفیس و بازگەی لەو جۆرە دابنێن کە پیشەکەیان تەنیا وەرگرتنی سەرانە بێت؟".

بەپێی یاسا بەرکار و ڕێگەپێدراوەکان کە لەپەرلەمانی کوردستانەوە دەردەچن، دەسەڵاتی دانانی بازگە و ئۆفیسی لەو جۆرە تەنیا لە دەسەڵاتی وەزارەتی دارایی و ناوخۆیە و دانانی هەر بازگەیەکیش، پێویستی بە ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران هەیە.

جەلال کەریم، بریکاری وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ( ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "وەزارەتی ناوخۆ ئاگای لە دانانی ئەو جۆرە ئۆفیسانە نییە".

گوتیشی: "دانانی بازگە پەیوەندی بە وەزارەتی ناوخۆوە نییە".

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر، پارێزگاری سلێمانیش بێئاگایە لە دانانی ئەو ئۆفیسانە و لەوبارەوە گوتی: "هیچ شتێکی فەرمی لە ئێمە داوا نەکراوە. پێویستە لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار کە وەزارەتی داراییە قسە بکرێت".

ئۆفیسە نوێیەکە کە وەک ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی دەڵێ "ژمارەیەک چەکدار بۆ وەرگرتنی سەرانە دایانناوە"، دەکەوێتە سەر ڕێگای (بازیان – سلێمانی) و لەسەر ئەو ڕێگا سەرەکییەیە کە دێتە نێو شاری سلێمانییەوە.

کەریم عەلی دەڵێ: "لە ماوەی ڕابردوو لە گەرمیانیش سەرانە لە خەڵک وەرگیراوە بە ناوی کۆمپانیای دڵنیاییەوە، بەڵام دوای بەدواداچوونی لایەنی پەیوەندیدار توانرا بە زۆر کارەکەیان بوەستێنن".

> **ئەو کارە نایاساییە و نووسراو ئاراستەی داواکاری گشتی دەکەین**
> ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی

بەپێی بڕیارێکی ئەنجوومەنی وەزیران، لە هیچ شار و شارۆچکەیەکی کوردستان بازگەی وەرگرتنی سەرانە نابێت دابنرێت و قەدەغەیە. بۆیە کەریم عەلی دەڵێت: "ئەوە بڕیارشکێنییەکی ئاشکرای حکومەتە و دەبێت لێپێچینەوە بکرێت و نەهێڵدرێت".

بەڕێوەبەری ناحیەی بازیان نایشارێتەوە کە ئاگاداری حاڵەتی لەو جۆرەیە و بە (ڕووداو) ڕاگەیاند، دوای ئەوەی لەو بابەتە ئاگادارکرانەوە "داوامان لەو بەڕێزانە کرد کە سەرقاڵی دانانی ئۆفیسەکەن، پێمانگوتن بێنە لامان و ڕەزامەندی وەربگرن و قسەی لەبارەوە بکەین، بەڵام ئەوان گوتیان پارە تەنیا لە تانکەرەکانی سووتەمەنی وەردەگرین".

نەوزاد نووری مەحموود، بەڕێوەبەری ناحیەی بازیان هەروەها دەڵێ، ئەوان نەیانتوانی هیچ نووسراوێکی فەرمیش بهێنن کە ڕێگەیان پێبدات ئەو کارە بکەن و بەردەوامبن لەسەری .

بەڕێوەبەری ناحیەی بازیان کاتێک زانیویەتی چەکدارەکان بەردەوامن لە کارەکەیان و گوێ بە داواکاریی ئەوان نادەن، پەیوەندی بە سەرۆکی شارەوانی ئەڵڵاییەوە کردووە و داوای لێکردوون بڕۆن لە کابینەی ئۆفیسەکەیان بنووسن نایاسایییە "چونکە کابینەکەشیان لەسەر لێواری ڕێگاکە داناوە کە بەپێی یاسا دەبێت 40 بۆ 50 مەتر دووربێت لە ڕێگاکەوە".

لە هەرێمی کوردستان چەند بازگەیەکی فەرمی هەن کە دەکەونە دەروازەی شارەکانەوە و ئەوانیش سەر بە وەزارەتی دارایی و ئاسایشن و بە فەرمی کاری خۆیان ڕادەپەڕێنن. هەرچەندە زۆرجار لەلایەن خەڵکەوە ڕەخنەش لە هەڵسوکەتی بازگەکان دەگیرێت.

نەوزاد نووری مەحموود، بەڕێوەبەری ناحیەی بازیان قسەکانی ئەندامەکەی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێ: "هەمان ئۆفیس بۆ هەمان مەبەست لە بانی مەقان و عەربەت و کەڵەوانان دانرابوون. دوای بەدواداچوون ڕێگەی کارکردنیان لێگیرا و وەستێنران، چونکە بە ئاشکرا پارەیان لەو بارهەڵگرانە وەردەگرت کە کەلوپەل و سووتەمەنی دەگوازنەوە".

گوتیشی: "ماوەی مانگێکە زانیاریمان پێگەیشتووە لەبارەی ئەو چەکدارانەوە کە ئۆفیسی پارە وەرگرتنیان داناوە".

## هەوڵ دەدرێ یاسای نەوت و غاز بە تێبینییەکانی شەهرستانییەوە ببرێتەوە پەرلەمان

# خولێکی دیکەی مشتومڕ لەسەر یاسای نەوت و غاز بەڕێوەیە

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

وەرزی نوێی یاسادانانی پەرلەمانی عێراق دەستپێدەکات، پەرلەمانتارێکی کورد دەڵێت داوایان کردووە لەم وەرزەی یاسادانانەدا کار بۆ دەرکردنی یاسای نەوت و غاز بکرێت، بەڵام لە ناو هەندێک لە کوتلە عێراقییەکاندا ئەو داوایە بە هەند وەرناگیرێت.

بەختیار شاوێس، ئەندانی فراکسیۆنی یەکێتی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، باسی هەوڵەکانی ساڵانی ڕابردوو دەکات بۆ تێپەڕاندنی ئەو یاسایە "ئەوان پرۆژە یاسایەکیان هێنا و ئێمە پەسەندمان نەکرد، ئێمەش پرۆژە یاسامان هەبوو، ئەوان دژی بوون، دەبێت پرۆژە یاسایەک بێت هەردوولا پێی ڕازی بین".

ناکۆکییەکانی هەولێر و بەغدا لەسەر پرۆژە یاسای نەوت و غاز دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتەی حوسێن شەهرستانی وەزیری نەوت بوو لە کابینەکەی نووری مالیکیدا.

بایەزید حەسەن، ئەندامی خولی پێشووتری پەرلەمانی عێراق و ئەندامی لیژنەی نەوت و وزەی ئەوکات، باسی وردەکاریی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق دەکات لەبارەی یاسای نەوت و غازەوە و دەڵێ: "حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا گەیشتبوونە ڕێککەوتن، بەڵام وەزارەتی ئەوکاتی نەوت کە بەدەست حوسێن شەهرستانییەوە بوو، بە پشتیوانی مالیکی پرۆژە یاساکەی بە چوار هاوپێچی زیادکراوەوە نارد بۆ پەرلەمان و پوختەی تێبینییە زیادکراوەکانیش بریتی بوو لە کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر نەوت".

بە گوتەی بایەزید حەسەن، لە هاوپێچەکاندا "25 بۆ 27 بیرە نەوت و 65 بلۆکی نەوتی دەستنیشانکرابوون کە حکومەتی عێراق دەیویست تەنیا خۆی مامەڵەیان لەگەڵ بکات. هەروەها باسی دامەزراندنی ئەنجوومەنی فیدراڵی نەوت و غاز کرابوو کە تەنیا یەک نوێنەری کوردی تێدابوو، ئەوەش بەلای کوردەوە مایەی قبووڵ نەبوو".

ئێستا سێ پرۆژە یاسای نەوت و غاز لە پەرلەمانی عێراقن، یەکەم لە ساڵی 2007 پێشکەش کرا، بەڵام لەبەر نەبوونی تەوافوقی سیاسی بە هەڵواسراوی مایەوە، پرۆژەی دووەم لە ساڵی 2011 لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقەوە نێردراوە بۆ پەرلەمان. پرۆژەی سێیەمیش لەساڵی 2012 لەلایەن لیژنەی نەوت و وزەی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە. بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) هەندێک لە پەرلەمانتارە شیعەکان، بیر لەوە دەکەنەوە جارێکی دیکە و لەم وەرزەی یاسادانانەدا، پرۆژەکە بە چوار هاوپێچەکەی شەهرستانییەوە بهێننەوە پەرلەمان.

بایەزید حەسەن دەڵێت: "پرۆژەکە بەبێ هاوپێچەکانی وەزارەتی نەوتیش هێشتا جێی ڕەزامەندی کورد نەبوو، بەڵام باشتر بوو لەوەی کە شەهرستانی دەیویست، چونکە بە پشتبەستن بە ماددەی 112 ی دەستوور هەندێک دەسەڵاتی دابوو بە حکومەتی هەرێمی کوردستان ".

ماددەی 112ی دەستووری عێراق تایبەتە بە دیاریکردنی دەسەڵاتی هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکانی نەوت بۆ دانانی سیاسەتی نەوت و گەشەپێدانی ئەو کەرتە، بەڵام هەولێر و بەغدا لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ ئەو ماددەیەی دەستوور هەیە.

عەلی بەلۆ، ڕاوێژکاری پێشووی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان لە هەرێمی کوردستان، دەڵێ کێشەی کورد ئەوەیە هەموو پرۆژە یاساکانی تایبەت بە نەوت و غاز بە "عەقڵییەتی مەرکەزی" ئامادە دەکرێن. بەپێی ئەو پرۆژە یاسایەی ساڵی 2007 کە دەستکاری کرابوو "تەنانەت بیرە نەوتی شیواشۆکیش دەبوو لە ژێر دەسەڵاتی بەغدا بێت. چونکە بەغدا لە یاسای نەوت و غازدا دەیەوێت هەموو ئەو بیرە نەوتانەی دوای ڕووخانی سەددام هەڵیکەندوون، لە ژێر ڕکێفی خۆی بن، ئەوانەشی لە دوای دەرچوونی یاساکە لێدەدرێن هاوبەش بن".

عەلی بەلۆ گوتی: "لە خولی دووەمی پەرلەماندا عەدنان جەنابی، سەرۆکی لیژنەی نەوت و گاز پرۆژە یاسایەکی دیکەی ئامادە کرد و باشتر بوو، بەڵام کوتلەی مالیکی ڕەتیانکردەوە".

قاسم محەممەد، بڕیاردەری لیژنەی نەوت و غاز لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، پێشتر ڕایگەیاندبوو، لە گفتوگۆی چەند ڕۆژی ڕابردووی نێوان سەرۆکوەزیران و سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەراندا کە نوێنەری دوو فراکسیۆنی گەورەی پەرلەمانن، هەردوولا ڕازی بوون لەسەر ئەوەی ڕەشنووسی ساڵی 2007 ببێتە بنەما بۆ گفتوگۆ، ئێمەش وەکو کورد ڕەشنووسی 2007 بە گونجاو دەزانین.



## دیندار زێباری: هیچ ئاوارەیەک بە زۆر ناگەڕێنینەوە

**ڕووداو- هەولێر**

دوای ئەوەی ڕێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناشنال ڕایگەیاند؛ سەدان ئاوارەی عێراقی لە کەمپێکی حەمام عەلیل بە زۆر بۆ شوێنەکانیان دەگەڕێندرێنەوە، دیندار زێباری، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەڵێت "هێزە ئەمنییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ کەسێک بە زۆر ناگەڕێننەوە و گەڕانەوە ئارەزوومەندانەیە". دیندار زێباری، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕایگەیاند "هەموو ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان ئاگادارکراونەتەوە لەوەی ئازادن لە گەڕانەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان، جگە لەو کەسانەی تۆمەتبارن بەوەی پەیوەندییان بە داعشەوە هەبووبێت، کە ئەوانیش بەپێی یاساکانی هەرێمی کوردستان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت".

### پارەی زیاتر لە 2000 کەسیان خواردووە

# کۆمەڵەی کرێنشینان سکاڵا لەسەر دوو وەبەرهێنەر تۆمار دەکەن

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

کۆمەڵەی داکۆکی لە مافی کرێنشینان لەڕێگەی داواکاری گشتییەوە سێ سکاڵا لەدژی وەبەرهێنەران تۆمار دەکات. بە گوتەی بەرپرسانی کۆمەڵەکە، وەبەرهێنەرەکان پارەی نزیکەی 2000 کرێنشینیان خواردووە. گوتەبێژی کۆمەڵەکە دەڵێ زۆربەی پرۆژەکانی کرێنشین و کەمدەرامەتان وەهمین.

یەکێ لە سکاڵاکانی کۆمەڵەکە لەسەر خاوەنی پرۆژەی کۆمەڵگەی (سیدار ستی)یە لە نێوان کەسنەزان و بنەسڵاوە لە شاری هەولێر. کارزان ڕەسوڵ دەڵێت: "ساڵی 2014 لە وەبەرهێنان مۆڵەتی وەرگرتووە. بڕیار بوو یەکەکان بۆ کرێنشینان بێ و لەماوەی سێ ساڵدا تەواو بکرێ، بەڵام دوای پێنج ساڵ تەنانەت بناغەکەشی دیار نییە".

سکاڵاکە لەسەر وەبەرهێنەرێکە بەناوی (خ.ع.م) کە بە گوتەی کارزان پارەی 970 کەسی خواردووە، کەمترین پارەش کە وەریگرتووە 8000 دۆلارە و زۆرترینیشی 12 هەزار و 700 دۆلارە: "پرۆژەکە وەهمی بوو، کەسیش نازانێت خاوەنەکەی ئێستا لە کوێیە".

سامان عارەب، بەڕێوەبەری گشتی وەبەرهێنان لە هەولێر، لەبارەی ئەو وەبەرهێنەرە بە (ڕووداو)ی گوت: "ساڵی 2013 خاوەنەکەی بەناوی پرۆژەی نیشتەجێبوون پارەی لە خەڵک وەرگرتووە و مۆڵەتیشی نەبووە، بۆیە درایە دادگا و دەستگیر کرا".

> **11 هەزار یەکەی نیشتەجێبوونی وەهمی بەناوی کرێنشینەوە مۆڵەتیان وەرگرتووە**
>
> گوتەبێژی کۆمەڵەی کرێنشینان

سکاڵای دووەمی کۆمەڵەی داکۆکی لە مافی کرێنشینان لەدژی خاوەنی پرۆژەی (مینا ستی)یە لە سلێمانی، چونکە زیاتر لە 30 مانگ بەسەر ئەو وادەیەدا تێپەڕیوە کە دەبوو هەزار یەکەی نیشتەجێبوون بۆ کرێنشینان دروست بکات، بەڵام پرۆژەکەی جێبەجێ نەکرد "لەم پرۆژەیە پارە لە هەزار کەس وەرگیراوە کە کەمترینی 8000 دۆلار و زۆرترینی 11 هەزار و 300 دۆلاری داوە".

لەبارەی کێشەی پرۆژەی (مینا ستی) لە سلێمانی، عەزیز سەعید، بەڕێوەبەری گشتی وەبەرهێنان لە سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "پرۆژەکە شکستیهێنا، بۆیە مۆڵەتەکەمان هەڵوەشاندەوە، وەبەرهێنەرەکەمان دایە دادگا، ئێستا دۆسیەکەی لە دادگایە، بۆ قەرەبووی خەڵکەکەش ئەوانەی داوای پارەکەیان دەکردەوە پێماندانەوە، ئەوانی دیکەش لە پرۆژەیەکی دیکە قەرەبوو کرانەوە".

بەگوتەی کارزان ڕەسوڵ، تەواونەکردنی ئەو پرۆژانە چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی لێکەوتووەتەوە. لەوانەش: "دوو حاڵەتی جیابوونەوەی هاوژینەکان و هەڵوەشانەوەی خێزانەکان، لە یەکێکیاندا کەسێک قەرزی لە ماڵی خەزووری کردووە، دواتر داوای پارەکەیان لێکردووەتەوە و نەیبووە، بۆیە ژنەکەی لێی جیابووەتەوە. یەکێکیشیان زێڕی خێزانەکەی فرۆشتووە. ژنەکەی داوای زێڕەکانی لێکردووەتەوە و بووە بە کێشەیان و جیابوونەتەوە".

گوتەبێژی کۆمەڵەکە دەڵێت بە نرخێکی زۆر کەم زەوی بەناوی پرۆژەی نیشتەجێبوون بۆ کرێنشینان لە باشترین شوێنی هەولێر دراوە بە وەبەرهێنەرێک، ئەویش لەسەر خۆی تاپۆ کردووە. کارزان ڕەسوڵ گوتی: "دەستەی وەبەرهێنان لە ساڵی 2011 ڕووبەری 9 دۆنم زەوی لەسەر ڕێگەی سەرەکی




هەولێر - کەسنەزان داوە بە وەبەرهێنەر بۆ ئەوەی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ کەمدەرامەت و کرێنشینان دروست بکات. بۆ هەر مەترێک زەویش تەنیا یەک دۆلاری لێوەرگیراوە".

گوتیشی: "دەبوو وەبەرهێنەرەکە لە ماوەی سێ ساڵدا پرۆژەکە تەواو بکات، بەڵام تائێستا تەنیا 5 دۆنمی کردووە بە پرۆژەی نیشتەجێبوون، ئەو یەکانەش بۆ خەڵکی کەمدەرامەت و کرێنشین نەبووە، چوار دۆنمەکەی دیکەشی پەرژین کردووە".

بەپێی زانیارییەکانی کۆمەڵەکە، لە هەرێمی کوردستان 11 هەزار یەکەی نیشتەجێبوونی وەهمی بەناوی کرێنشین و کەمدەرامەتان مۆڵەتیان وەرگرتووە. گوتەبێژی کۆمەڵەکە دەڵێت "هەولێر پشکی شێری بەردەکەوێت کە 5000 یەکەیە و لە دهۆک 3300 یەکە و لە سلێمانیش 2700 یەکەی نیشتەجێبوون بەناوی کرێنشینان و کەمدەرامەتان مۆڵەتیان پێدراوە، بەڵام وەهمی بوون و لەلایەن وەبەرهێنەرەکانەوە هیچ یەکەیەکی نیشتەجێبوونیان تێدا دروست نەکراوە".

گوتەبێژی کۆمەڵەی کرێنشینان ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە کرێنشینان لە دۆخێکی خراپدا دەژین و بەشێک لەوانە بۆ کرێی خانوو گورچیلەیان دەفرۆشن "زیاتر لە 9 کەس گورچیلەی خۆیان فرۆشتووە بۆ ئەوەی بتوانن کرێی خانووەکانیانی پێبدەن".

گوتەبێژی کۆمەڵەی کرێنیشینان دەڵێت باشترە حکومەت دابەشکردنی زەوی ڕابگرێت و شوقە بۆ کرێنشینان دروست بکات، دەتوانێت لەسەر ڕووبەری 400 مەتر زەوی و نزیکەی 18 شوقە دروست بکات و 18 خێزان لێی سوودمەند بن، خزمەتگوزاریشی کەمتر پێویستە.

> **9 کەس بەهۆی کرێی خانوو گورچیلەیان فرۆشتووە**

### 97 هەزار کرێچی ئەندامی کۆمەڵەی کرێچیانن

بەپێی ئەو داتایانەی لەبەردەستی کۆمەڵەکەیە، ساڵ لەدوای ساڵ ژمارەی کرێنشینان زیاتر دەبێت. کارزان ڕەسوڵ دەڵێت: "لە هەرێمی کوردستان 97 هەزار و 600 ئەندامـمان هەیە کە کرێچین، تەنیا لە سەنتەری هەولێر، بێجگە لە قەزا و ناحیەکانی دەوروبەری زیاتر لە 89 هەزار کرێنشین هەن کە 24 هەزار و 700یان لەلای ئێمە ئەندامن و ناسنامەیان هەیە. لە سلێمانی زیاتر لە 93 هەزار کرێنشین هەیە، زیاتر لە 31 هەزاریان ئەندامی ئێمەن، لە دهۆکیش 18 هەزار و 300 کرێنشین ناسنامەیان هەیە و ئەندامی کۆمەڵەکەمانن".

# لە ڕانیە بیرێک ڕێگرە لە دابەشکردنی شوقە بەسەر کرێچیاندا

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو - هەولێر**

لەکۆی 30 باڵەخانەی نیشتەجێبوون بۆ کرێنشین و کەمدەرامەتان لە سنووری دەڤەری ڕاپەڕین، تەنیا یەکێکیان دابەشکراوە، بەرپرسی کۆمەڵەی داکۆکی لە مافی کرێنشینانی ڕاپەڕین دەڵێ، پرۆژە هەیە بەهۆی یەک بیری ئیرتیوازی شەش مانگە ڕاگیراوە.

تارق حوسێن مەمەند، لێپرسراوی لقی ڕاپەڕینی کۆمەڵەی داکۆکی لە مافی کرێنشینانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕایگەیاند: "لە دەڤەری ڕاپەڕین چەند پرۆژەیەکی نیشتەجێبوون بۆ کرێنشین و کەمدەرامەتان دروستکراون، حکومەت هەندێکیانی بە نیوەچڵی جێهێشتووە، بەشێک لەو پرۆژانەش تەواو بوون، بەڵام بەهۆی کێشەی بچووکەوە دابەش ناکرێن".

بە گوتەی تارق حوسێن، پرۆژەکە دوو بەشە: بەشێکیان بەڵێندەرەکە شکستی هێنا و پرۆژەکەی بەجێهێشت، بەشەکەی دیکەیان کە 4 باڵەخانەیە و 44 یەکەی نیشتەجێبوونی تێدایە، ماوەیەکی زۆرە تەواو بووە و ئامادەیە بۆ دابەشکردن، تەنیا ڕێگەپێدانی دەوێت بۆ لێدانی بیرێکی ئیرتیوازی و حکومەت ڕەزامەندی نادات، بۆیە شەش مانگە یەکەکان دابەش ناکرێن.

بەرهەم قەرەداغی، سەرۆکی کۆمەڵەی کرێنشینانی کوردستان دەڵێت: "جێی پێکەنینە پرۆژەیەک بە یەکەی نیشتەجێبوون و خزمەتگوزارییشەوە تەواو بووبێت و مۆڵەت نەدان بە بیرێک لەنێو پرۆژەکە بکرێتە بیانوو بۆ دابەشنەکردنی یەکەکان بەسەر خەڵکی کرێنشین و کەمدەرامەتدا".

ئیدارەی ڕاپەڕین کێشەی لێدانی بیرەکە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران دەگەڕێنێتەوە. دلاوەر قوباد، جێگری سەرپەرشتیاری ئیدارەی ڕاپەڕین بۆ کاروباری هونەری بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "کێشەی نەبوونی بیر لەنێو پرۆژەکە لەلای ئێمە نییە، بەڵکو لە ئەنجوومەنی وەزیرانە، چونکە لێدانی بیر پێویستی بە ڕەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران هەیە و بە نووسراو داوای ڕەزامەندیان لێکراوە، بەڵام هێشتا وەڵامیان نەداوەتەوە".

> **کێشەی بیرەکە لە ئەنجوومەنی وەزیرانە**
>
> ئیدارەی ڕاپەڕین

بەگوتەی تارق حوسێن، پرۆژەیەکی دیکەش بەهۆی قەرزداریی حکومەت دابەش ناکرێ: "پرۆژەیەکی دیکە لە قەڵادزێ هەیە بۆ کرێنشین و کەمدەرامەتان، ئەویش کارەکانی تەواو بووە، بەڵام بەڵێندەرەکە نزیکەی 40 ملیۆن دینار زیاتری خەرج کردووە و داوا لە حکومەت دەکات پارەکەی بدەنەوە، بەڵام حکومەت نایداتەوە، بۆیە ئەویش پرۆژەکە ڕادەستی حکومەت ناکات".

نەبوونی خزمەتگوزاری لە پرۆژەکانی نیشتەجێبوون لە دەڤەرەکە کێشەیەکی دیکەی پرۆژەکانی نیشتەجێبوونە لە دەڤەری ڕاپەڕین. تارق حوسێن دەڵێ: "لە ساڵی 2012ـەوە یەکەکانی نیشتەجێبوون لە بەشێکی پرۆژەکانی حاجیاوا و سەنگەسەر و چەند شوێنێکی دیکە تەواوبوون، بەڵام هیچ خزمەتگوزارییان بۆ دابین نەکراوە، کێشەی کارەبا، ئاو و ئاوەڕۆ، ڕێگاوبان و هاتوچۆیان هەیە، بۆیە تائێستا لە هەموو سنووری ئیدارەی ڕاپەڕین تەنیا لە چوارقوڕنە یەکەی نیشتەجێبوون بەسەر کرێنشین و کەمدەرامەتاندا دابەشکراوە، ئەویش بە کۆمەڵێک کەموکوڕییەوە کە بووەتە سەرئێشە بۆ خاوەن یەکەکان".

ئەم کێشانە تەنیا لە دەڤەری ڕاپەڕین نین، بەڵکو وەک بەرهەم قەرەداغی گوتی: "لە هەڵەبجە، سەیدسادق و شارۆچکەکانی دیکەش چەندین پرۆژە هەن کە سەدان یەکەی نیشتەجێبوونی بۆ کرێنشین و هەژاران تێدایە و لەبەر کێشەیەکی زۆر بچووک یەکەکان دابەش ناکرێن".

لەبارەی کێشەکانی پرۆژەکانی نیشتەجێبوون لە دەڤەری ڕاپەڕین، دلاوەر قوباد گوتی: "هیچ پرۆژەیەکی کرێنشین و کەمدەرامەتان لەسەر نەدانی پارە ڕانەگیراوە، هەموو پرۆژەکانی سنووری ئیدارەکەمان پارەیان بۆ تەرخان کراوە و دەست بە کارکردن تێیاندا کراوەتەوە، لە سنووری ئیدارەی ڕاپەڕین نزیکەی 30 باڵەخانە بۆ کرێنشین و کەمدەرامەتان هەن، بەشێکیان تەواو بوون و بەشێکیشیان کاریان تێدا دەکرێت، دواتر بەسەر خەڵکی موستەحەقدا دابەش دەکرێت".

ئاگرین عەبدوڵڵا، بریکاری وەزیری ئاوەدانکردنەوە بۆ کاروباری نیشتەجێکردن، سەبارەت بە کێشەی ئەو پرۆژانە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەو کێشەیە تەنیا لە قەڵادزێ و سنووری ئیدارەی ڕاپەڕین نییە، لە زۆربەی پرۆژەکانی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان هەیە، چونکە حکومەت لە چەند ساڵی ڕابردوودا نەیتوانیوە بە کاش پارەی بەڵێندەران بدات و زۆربەی جارەکان بەشێوەی چەک پێیداون".

گوتیشی: "ئەگەر حکومەت پارەیان بۆ خەرج بکات زۆربەی بەڵێندەران ئامادەن دەست بە پرۆژەکان بکەنەوە، بەڵام کێشەی گەورەمان ئەوەیە پارەی کاشمان نییە بیدەین بە بەڵێندەران بۆ تەواوکردنی پرۆژەکان، بەڵێندەر هەیە ملیارێک دیناری لە پرۆژەیەکدا خەرج کردووە، 800 ملیۆن دیناری بە کاش وەرگرتووەتەوە".

### ئەندامێکی لیژنەی باڵای سەرژمێری

# کورد دەیەوێ پرسیاری نەتەوە و ئایین لە فۆرمی سەرژمێریدا هەبێت

**سەنگەر ستار**
**ڕووداو- هەولێر**

مەحموود عوسمان، ئەندامی لیژنەی باڵای سەرژمێریی دانیشتووانی عێراق و بەڕێوەبەری ئاماری سلێمانی دەڵێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان شانبەشانی حکومەتی عێراق دەستی بە ئامادەکاری کردووە بۆ پرۆسەی سەرژمێریی گشتی لە عێراق کە وا بڕیارە لە ساڵی داهاتوودا بکرێ.

مەحموود عوسمان لە کاتی بەشداریکردنی لە بەرنامەی (ڕووداوی ئەمڕۆ)ی تەلەڤزیۆنی (ڕووداو) ڕایگەیاند، عادل عەبدولمەهدی سەرۆکوەزیرانی عێراق سوورە لەسەر ئەوەی لە مانگی 10ی ساڵی 2020 سەرژمێری گشتیی دانیشتووان بکرێ.

سەرۆکوەزیرانی عێراق بڕیاری داوە سەرژمێرییەکە لە یەک ڕۆژدا بکرێ و لە هەمان ڕۆژیشدا ئەنجامەکەی ڕابگەیەنرێ. مەحموود عوسمان دەڵێت: "بەڕێوەچوونی کارەکە لە یەک ڕۆژدا خەرجییەکی زۆر دەخاتە سەر حکومەت".

مەحموود عوسمان ئاشکرای کرد کە هەر تاکێک 42 پرسیاری ئاراستە دەکرێت و پرۆسەکەش بە سیستەمی ئەلیکترۆنی (تابلێت) دەکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستیان بە 300 هەزار تابلێت دەبێت، لەگەڵ 300 هەزار کارمەند لە سەرانسەری عێراق، هەرچەندە کێشەیان لەوە هەیە کە لە عێراق بواری ئایتی لاوازە، بەڵام ئەوان لەگەڵ کۆمپانیایەک ڕێککەوتوون بۆ ئەوەی زانیارییەکانی پرۆسەکە لە ڕێگەی سیمکارتێکی تایبەتەوە هەڵبگیرێت. ڕوونیشیکردەوە "هەرچەندە خەڵک مەترسی ئەوەیان هەیە سیستەمەکە هاک بکرێت و دەستکاریی ژمارەکان بکرێت، بەڵام هەموو لایەک دڵنیا دەکەینەوە بەهیچ شێوەیەک سیستەمەکە هاک ناکرێت، لەم سیستەمەشدا سوود لە ئەزموونی سەرژمێریی میسر و ئوردن وەردەگیرێ".

> **عادل عەبدولمەهدی دەیەوێ سەرژمێریی دانیشتووان لە یەک ڕۆژدا بکرێ**

کورد هەمیشە قوربانی سەرژمێرییەکانی پێشووی دەوڵەتی عێراق بووە لە کەمکردنەوەی ژمارەکەی، بەتایبەتی لە کەرکووک و ئەو ناوچانەی ئێستا دەکەونە چوارچێوەی ماددەی 140ی دەستووری عێراقەوە.

بەڕێوەبەری ئاماری سلێمانی دەڵێت: "حکومەتی هەرێمی کوردستان شانبەشانی حکومەتی عێراق دەستی بە ئامادەکاری کردووە و دەیەوێ سەرژمێرییەکی پاک و بێگەرد بکرێت، بەڵام پێویستە هەردوو پرسیاری نەتەوە و ئایین لە فۆرمی سەرژمێرییەکەدا هەبێت، لەکاتێکدا سەرژمێریی 2009 بەهۆی ئەم دوو پرسیارەوە هەڵوەشایەوە".

ئەندامەکەی لیژنەی باڵای سەرژمێریی گشتی باسی هەڵوێستێکی مەسعود بارزانی، سەرۆکی پێشووی هەرێمی کوردستان لەبارەی سەرژمێرییەوە دەکات و دەڵێت: "کاتی خۆی لە سەرۆک بارزانییان پرسی لە بەڕێوەچوونی سەرژمێری گشتی لە عێراق ناترسی ژمارەی ڕاستەقینەتان دەرکەوێت و ژمارەکە لە 17٪ کەمتر بێتەوە؟ لە وەڵامدا گوتبووی: ئێوە سەرژمێری بکەن خوا بکات ژمارەمان ببێتە 10٪، گرنگ ئەوەیە سەرژمێرییەک بێت پاک و بێگەرد بێت و ژمارەی ڕاستەقینەی هەموو لایەک بەدیارکەوێت".

> **ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان 5 ملیۆن و 821 هەزار کەسە**

لە بارەی ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستانیش، مەحموود عوسمان گوتی: "ئێستا ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان 5 ملیۆن و 821 هەزار کەسە، ئەو ژمارەیە ئەو ناوچانە ناگرێتەوە کە دەکەونە چوارچێوەی ماددەی 140ی دەستوور".

گوتیشی: "60٪ی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لەو چینەن کە دەتوانن کار بکەن و لەنێویشیاندا 43٪ی ئەم چینە کاریان هەیە، هەروەها 4٪ی منداڵان لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن، کە دەبوو ئەو ڕێژەیە یەکسان بێت بە سفر".

# لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێکخراوە ناحکومییەکان کاری حکومەت دەکەن

وریا غەفووری
ڕووداو– سەقز

ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەرەڕای بارودۆخی خراپی ئابووری، ئەو بۆشاییە پڕدەکەنەوە کە بەهۆی خراپیی کاری حکومەتەوە دروست بووە، ئەو ڕێکخراوانە چەندین سەنتەریان بۆ یارمەتیدانی منداڵانی بێسەرپەرشت و پەککەوتە کردووەتەوە.

نەبوونی و بێکاری، تا ئاستێکی بەرچاو چەندین کێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵگای کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروستکردووە، بەڵام خەڵک لەڕێی ڕێکخراوە ناحکومییەکانەوە هاوکاریی توێژی هەژاران و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان دەکەن.

بەپێی ئامارە فەرمییەکان، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کە هەر چوار پارێزگای (سنە، ورمێ، کرماشان و ئیلام) دەگرێتەوە، 2012 ڕێکخراوی ناحکومی هەن کە لە بوارەکانی پاراستنی ژینگە، ڕاهێنان و پاراستنی کۆمەڵایەتی، پێشخستنی زمانی دایک و بواری خێرخوازی کاردەکەن. لەم ژمارەیە 358 ڕێکخراویان تایبەتن بە کاری خێرخوازی و پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان. ئەم ڕێکخراوانە جێدەستیان دیارە لە بوارەکانی بەخێوکردنی بەساڵاچووان، منداڵان و ژنانی بێکەسوکار و هەروەها بەخێوکردنی ئەو کەمئەندامانەی کە خێزانەکانیان توانای ڕاگرتنی ئەوانیان نییە.

فەرهاد ئەمینپوور، کە ماستەری لە بواری کۆمەڵناسیدا هەیە، پێیوایە لەگەڵ بەرەوپێشچوون و بەسیستەمکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، دیاردەی خێرخوازی و چاکەخوازی شێوازێکی نوێ بەخۆوە دەبینێ و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لەم دیاردەیە بێبەش نییە.

> لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان 358 ڕێکخراوی تایبەت بە کاری خێرخوازی و پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان هەن

ئەمینپوور بە (ڕووداو)ی گوت: "گەشەسەندنی ئەم جۆرە دیاردانە لە جیهاندا کە میهرەبانی و خەمخۆریی مرۆڤەکان بۆ یەکتر ڕێکدەخات، ڕەنگدانەوەی لەسەر کوردستان هەیە، لەم ساڵانەی دواییدا شێوازێکی پسپۆڕیانەی بەخۆوە گرتووە. هۆشیاری کۆمەڵگای کوردستانیش زەمینە بۆ ئەم ڕێکخراوانە خۆش دەکات و شێوازێکی هاوچەرخیان پێدەبەخشێ. هەموو ئەمانە ئاماژەن بۆ پێشکەوتنی هۆشیاری کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگاکەمان".

زۆربەی ناوەندەکانی حەواندنەوەی ئەم کەسانە بە هاوکاریی خەڵکی خێرخواز و بەسەرپەرشتی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بەڕێوەدەچن. بەگوێرەی بەدواداچوونی (ڕووداو) زیاتر لە 70%ی خەرجیی ئەم جۆرە شوێنانە لەسەر ئەرکی خەڵکانی خێرخواز و خۆبەخش دابین دەکرێ.



520 هەزار بەساڵاچوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەن کە زۆربەیان پێویستیان بە هاوکارییە (فۆتۆ: ڕووداو)

بەپێی ئامارە فەرمییەکان، نزیکەی 142 هەزار کەمئەندام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەن. ئامارەکان هەروەها باس لە زیاتر لە 520 هەزار بەساڵاچوو دەکەن لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە زۆربەیان پێویستیان بە هاوکاری هەیە. دەربارەی منداڵانی بێکەسوکار، هەروەها ئەو ژنانەی خۆیان سەرپەرشتی خێزانەکانیان دەکەن، ئامارێکی ورد لەبەردەست نییە.

شاری سەقز یەکێکە لەو شارانەی چەندین ناوەندی حەوانەوەی بۆ بەساڵاچووان، کەمئەندامان و منداڵانی بێ کەسوکار تێدا کراوەتەوە و لەلایەن ڕێکخراوە ناحکومییەکانی شارەکە، لەسەر ئەرکی خێرخوازان خەرجییەکانیان دابین دەکرێت.

عەلیڕەزا سیابانی، بەڕێوەبەری خانەی بەساڵاچووانی سەقز، باسی چۆنیەتی دروستکردنی خانەی بەساڵاچووان لەم شارە دەکات و دەڵێت: "چەند دەوڵەمەندێکی سەقز لە ساڵی 2004 زەوییەکی 5 هەزار مەترییان کڕی و بیرۆکەی دامەزراندنی ئەم خانەیەیان داڕشت. دوای تێپەڕبوونی حەوت ساڵ، لە ساڵی 2011 خانەکەمان دەرگای واڵاکرد بۆ وەرگرتنی بەساڵاچووان".

سەبارەت بە خەرجیی بەساڵاچووەکان لە خانەکەدا، سیابانی بە (ڕووداو)ی گوت: "هەر بەساڵاچوویەک مانگانە پێویستی بە 250 دۆلارە. 30%ی ئەم پارەیە لەلایەن ڕێکخراوی بێهزیستی (خۆشبژێوی) کە ڕێکخراوێکی حکومییە بۆ پشتیوانی کەمئەندامان، منداڵان و بەساڵاچووان دابین دەکرێت. ئەوەی دیکەش لەلایەن کەسانی خێرخوازی شارەکە کۆدەکرێتەوە".

ئێستا 59 بەساڵاچوو لەم خانەیە دەمێننەوە کە 29 ژن و 30 پیاون. بە تەمەنترین بەساڵاچووی ئەم ناوەندە تەمەنی 120 ساڵە و بچووکترینیشیان ژنێکە کە هیچ کەسوکاری نییە و کەمئەندامە و تەمەنی 40 ساڵە، بەهۆی ئەوەی سەقز ناوەندێکی بۆ ڕاگرتنی ژنانی کەمئەندام تێدا نییە، لەم ناوەندەدا دەمێنێتەوە.

حوسێن غەفاری مامۆستایەکی خانەنشینە، بەڕێوەبەری خانەی کەمئەندامانی شیفایە لەسەقز. غەفاری دەڵێت: "ناوەندەکەمان لەسەر ئەرکی کەسانی خێرخواز دامەزراوە. ئێستا 11 کەمئەندامی زەینی و جەستەیی دەحەوێنێتەوە. مانگانە لە یارمەتی پزیشکی بگرە تا کەلوپەل و پارە دەگەیەنینە زیاتر لە 50 کەمئەندامی شارەکە".

محەمەد موورادی خێرخوازێکی دیاری شاری سەقزە، بە گوتەی بەرپرسی خانەی کەمئەندامانی شیفا، هەموو ساڵێک بڕێکی زۆر پارە دەبەخشێتە ئەم خانەیە، هەروەها بەهۆی پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ کەسانی دەوڵەمەندی شارەکانی دیکەی ئێران، پارە و کەلوپەل بۆ خانەی شیفا کۆدەکاتەوە: " لەدوایین هەوڵیدا زیاتر لە 50 هەزار دۆلاری لە خێرخوازانی تاران و تەورێز بۆ کەمئەندامانی سەقز کۆکردووەتەوە".

غەفاری باس لە هەوڵی موورادی و هاوڕێکانی دەکات بۆ دروستکردنی خانەی کەمئەندامان کە ئێستا لە خانوویەکی کرێدان و دەڵێت: "خانەکە پێویستی بە 400 هەزار دۆلارە، موورادی لەگەڵ هاوڕێکانیدا هەزار مەتر زەوی و 100 هەزار دۆلاریان دابین کردووە بۆ دروستکردنی ئەم خانەیە".

# کێشەی ئامینە کاکەباوە و پارتی چەپ بە جیابوونەوە کۆتایی هات

ڕووداو – ستۆکهۆڵم

ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو 2019/8/28 ئارۆن ئیتزلار، سکرتێری میدیایی پارتی چەپی سوێدی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا ڕایگەیاند کە ئامینە کاکەباوە، پەرلەمانتاری پارتەکەیان لە ڕیزەکانی حیزب دوورخراوەتەوە، بەڵام ئامینە کاکەباوە دەڵێت خۆی دەستی لەکارکێشاوەتەوە.

ئامینە کاکەباوە، 49 ساڵ، کوردی دێرینی سوێد و ئەندامی پەرلەمان لەسەر لیستی پارتی چەپ، بە (ڕووداو)ی گوت کە لە میدیاکانەوە هەواڵی دەرکردنی لە پارتەکەی زانیوە: "ڕاستە بۆ ماوەیەکی زۆر ئامادەی کۆبوونەوەکانی ئەو پارتە و پەرلەمانیش نەبووم، وەک ئەوان تۆمەتباریان کردووم، بەڵام مۆڵەتی نەخۆشیم هەبووە".

ئەگەرچی پارتی چەپ دەڵێن کاکە باوەیان دەرکردووە، بەڵام میدیاکانی سوێد وایان بڵاوکردەوە کە ئامینە کاکەباوە دەستی لەکارکێشاوەتەوە. ئەویش دوای ئەوەی دەرکەوت لەڕێی چاوپێکەوتنێکەوە لەگەڵ تەلەڤزیۆنی فەرمیی سوێد (SVT)، ئامینە ئامادەگی بۆ دەستلەکارکێشانەوە لەو پارتە ڕاگەیاندووە، بەڵام پارتەکەی لە ڕێگەی ئەو کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەوە ویستوویەتی دەستپێشخەری بکات. دواتر پارتەکەی ملی دا و ڕایگەیاند بە وازهێنانی ئامینە کاکەباوە، چیدی قسە لەسەر ئەو بابەتە ناکەن.

## بۆچی وازی هێنا؟

ئامینە کاکەباوە لەبارەی هۆکاری دەستلەکارکێشانەوەکەی بە (ڕووداو)ی گوت: "کێشەی من لەگەڵ ئەو پارتە بۆ زیاتر لە 12 ساڵ کاری پەرلەمانیم دەگەڕێتەوە، تێنەگەیشتنێکی زۆر لە نێوانمان هەیە، بەتایبەت لە پرسەکانی ژنان و پیاوسالاری و مزگەوت و کوشتنی بە پاساوی شەرەف".

کاکەباوە ئاماژەی بەوەدا کە ئەو زۆرتر کێشەی لەگەڵ سەرکردایەتی تازەی حیزبەکەیدا هەبووە و گوتی: "سەرکردایەتی ئێستا موجامەلەیەکی لەڕادەبەدەری دەنگدەرانی و جەماوەری ئیسلامی و ئاینیی خۆی دەکات و کێشەکەمان لەوەوە سەرچاوەی گرتووە".



ئامینە کاکەباوە لە سیاسەتی سەرکردایەتیی نوێی پارتی چەپ ڕازی نییە

دەنگۆیەک لە نێو کوردی سوێد بڵاوبووەتەوە، گوایە پارتی چەپ لە ژێر گوشاری دەوڵەت و لە بەرژەوەندی تورکیا و ئێران ئەو کارەی کردووە. کاکەباوە لەوبارەیەوە دەڵێت: "دەقیقەن وا نا، بەڵام پارتەکانی ئێستای سوێد و خودی دەوڵەت، پێچەوانەی سیاسەتی ئۆلف پاڵما و سەرکردایەتی کۆنی بزووتنەوە سۆسیالیستەکانە. گرنگییان داوە بە پەیوەندی ئابووری، لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی ئابووری ئەو کارانە دەکەن و باڵانس ڕادەگرن".

گوتیشی: "ئەوان موجامەلەی ئیسلامی سیاسی و وڵاتانی چەوسێنەرەوە و تەنانەت ڕاسیزمیش دەکەن".

ئامینە کاکە باوە، ماوەیەکی زۆرە کار و چالاکییەکانی خۆی ڕاگرتووە و مۆڵەتیشی وەرگرتووە. کۆتایی مانگی ڕابردوو تەلەڤزیۆنی فەرمیی سوێد (SVT) دیدارێکی لەگەڵ ساز کرد. ماوەیەکی کەم پێش پەخشکردنی دیدارەکە، کێشەکان تەقینەوە، ئەوەش بەهۆی دەنگۆی ئاشکراکردنی ناوەڕۆکی دیدارەکە بۆ سەرکردایەتی پارتەکە، گوایە پێشتر پێیان گوتراوە کە ئامینە لەو دیدارەدا دەستلەکارکێشانەوەی خۆی ڕادەگەیەنێ. کاکەباوە دەڵێت کە زانییان لەو بەرنامەیە وازهێنانەکەی ڕادەگەیەنێ، گوتیان لە ڕیزی حیزب دەرکراوە.

ئامینە دەڵێت کە پارتی چەپ ناتوانێ دەریبکات، تەنیا بۆیان هەیە پێشنیاز بکەن و لە کۆنگرە دەنگی لەسەر بدەن "بەڵام خۆم لە 2019/8/29 بە فەرمی دەستم لەکارکێشایەوە".

> **ئامینە کاکە باوە:**
> پارتی چەپ دەرینەکردووم، خۆم دەستم لەکارکێشاوەتەوە

دوای بڵاوبوونەوەی دەستبەرداربوونی (ڕووداو) پەیوەندی بە پارتی چەپەوە کرد، بەڵام تەنیا جەختیان لەسەر دوایین بەیاننامە کردەوە کە تێیدا هاتووە "لەبەر ئەوەی ئامینە خۆی وازیهێناوە، ئیدی بە پێویستی نازانین لەو پرسە و داهاتووی بکۆڵینەوە و کۆتایی بە ڕاگەیاندن و لێدوان لەوبارەیەوە دەهێنین".

سەرچاوەیەک لە پارتی چەپی سوێد بە (ڕووداو)ی گوت ئامینە پێشتر بەرنامەی هەبووە پەیوەندی بە حیزبێکی دیکەوە بکات. بەڵام ئەو خۆی ڕەتیکردەوە و گوتی وەک کەسێکی سەربەخۆ ئەو خولەی پەرلەمان تەواو دەکات.

## سۆماڵییەکان پێیانخۆش بوو

ڤیدیۆیەکی پێشتری ئامینە کاکەباوە کە بە مۆنتاژ دەستکاریکراوە و لە دژی سۆماڵییەکانی سوێدە، دیسان هاتەوە گۆڕێ. ئەگەرچی کاکەباوە پێشتر لەسەر ئەو ڤیدیۆیە داوای لێبووردنی کردبوو، بەڵام ئەمە سۆماڵییەکانی سارد نەکردەوە.

پارتەکەی لە ئامینە، بەشی سۆماڵی ڕادیۆی سوێد، لە پەراوێزی هەواڵەکەدا ڕاپرسییەکیشی بۆ گوێگرانی سۆماڵی کردبوو، 91%ی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە پێیانوابوو پارتی چەپ کارێکی باشی کردووە کە ئەو ژنەی دوورخستووەتەوە. تەنیا 4%یان بە کارێکی خراپیان زانیبوو. 5%ی دیکەش بە نازانم وەڵامیان دابووەوە.

ئەبلەحەد مادوو، چالاکڤانێکی سۆماڵیی دانیشتووی سوێد خۆشحاڵە بەو هەواڵە و بە (ڕووداو)ی گوت: "پارتی چەپ بڕیارێکی دروستی داوە، دەبوو زووتر ئەو بڕیارە بدات".

## لە پێشمەرگایەتییەوە بۆ پەرلەمان

ئامینە کاکەباوە کە لە شاری بۆکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە، لە تەمەنی 13 ساڵی بووەتە پێشمەرگەی کۆمەڵە. لەکۆتایی سەددەی ڕابردوو ڕووی کردووەتە ئەورووپا و لە سوێد گیرساوەتەوە. ئەو کە گەیشتە سوێد خوێندەواری نەبوو، بەڵام دواتر لە باشترین زانکۆی ئەو وڵاتە (زانکۆی ستۆکهۆڵم) وەرگیرا.

ئامینە سێ خولە لەسەر یەک دەبێتە ئەندامی پەرلەمانی سوێد، لە هەڵبژاردنی ئەم خولەدا لە ساڵی 2018 ، لەدوای سکرتێری پارتی چەپ دووەم زۆرترین دەنگی پارتەکەی بەدەستهێنا.

یۆهان ئۆلسۆن، نووسەری بەناوبانگی سوێدی کتێبێکی بەناونیشانی "ئامینە لە کلاشینکۆفەکەی گەورەتر نەبوو، لە پێشمەرگایەتییەوە بۆ پەرلەمانی سوێد" لەبارەی کاکەباوە نووسیوە.

# لە 200 قوتابخانەی کوردستان "پەروەردەی ئەخلاق" دەخوێنرێ

## ئەم وانەیە لە پۆلی یەک تاوەکو نۆی بنەڕەتی دەخوێنرێ

شکار ئەحمەد
ڕووداو – هەولێر

پرۆگرامی (پەروەردەی ئەخلاق) کە لەلایەن ڕێکخراوی یونیسێف بە هاوکاریی بانکی نێودەوڵەتی بەڕێوەدەچێت، ئەمساڵ لە 200 قوتابخانەی هەرێمی کوردستان وەکو تێست دەخوێنرێ.

کاوە کەریم، بەڕێوەبەری گشتیی پرۆگرامەکان لە وەزارەتی پەروەردە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ڕێکخراوی یونیسێف بە هاوکاریی بانکی نێودەوڵەتی و لەگەڵ ژمارەیەک لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان پرۆگرامێکی تایبەتی هەیە بەناوی (پەروەردەی ئەخلاق) کە لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا و وڵاتانی کەنداوە و لە 21 دەوڵەت دەخوێنرێ".

کاوە کەریم ئاماژە بە وردەکاری پرۆژەکە دەدات و دەڵێت: "پرۆژەکە بابەتێکە پێیدەگوترێت (کارامەییەکانی ژیان) کە هاوشێوەی ئەو بابەتەیە وڵاتی ژاپۆن پەیڕەوی دەکات بەناوی (پەروەردەی ئەخلاق)، هەر وڵاتێک ناوێکی لێدەنێت، پرۆژەکە لە ساڵی 2016ـەوە دەستپێکردووە و بۆ یەکەمجار لە ئیمارات بەهەمان ناو (پەروەردەی ئەخلاق) خوێنرا. لە هەرێمی کوردستانیش بەناوی (کارامەیی بەها کۆمەڵایەتییەکان) دەبێت".

عێراقیش یەکێک بووە لەو وڵاتانەی لە پرۆژەکەدا بەشدارە، بەڵام وەک کاوە کەریم دەڵێت، کوردستانیان لە عێراق جیاکردەوە: "قبوڵمان نەکرد لەگەڵ عێراق بین و گوتمان هەرێمی کوردستان و عێراق دوو شوێنی جیاوازن، داوامانکرد کوردستان وەکو وڵاتێک لە پرۆژەکەدا تەماشا بکرێت نەک وەکو بەشێک لە عێراق، کۆمەڵێک هۆکاری وەک بابەتی پێکەوەژیان و یەکسانیی ڕەگەزی نێر و مێمان دا بە UN. ئەوانیش داواکارییەکەیان قبوڵکردین، کوردستان وەکو دەوڵەتێک لە پرۆژەکەدا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ".

ئەو پرۆگرامە دەکرێتە مەنهەج و لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستاندا دەخوێنرێت. کاوە کەریم دەڵێت: "پرۆژەکە مەنهەجێکی تەواوە، لە پۆلی یەک تاوەکو نۆی بنەڕەتییە، هەر کتێبێک چوار بابەت لەخۆدەگرێت، ئەوانیش هاونیشتمانیبوون، مافی مرۆڤ، کارامەیی و بەهاکان، هەریەک لەو بابەتانەش ورد دەکرێنەوە و لە هەر پۆلێک چەند بابەتێکی لاوەکی لەخۆدەگرێت، بۆ نموونە لە پۆلی یەکی بنەڕەتی باس لە ئەمانەت و ڕاستگۆیی دەکرێت، لە پۆلی 8ـیش بابەتی هەڵبژاردن هەیە".

بە گوتەی کاوە کەریم، هەر لە چوارچێوەی پرۆگرامەکەدا پرۆژەی دیکەش هەیە. ئەویش دروستکردنی 90 ڤیدیۆی ئەنیمەیشنە تایبەت بە چۆنیەتی بەکارهێنانی ئاو و کارەبا، ژینگەپارێزی و زۆر بابەتی دیکە.

کاوە کەریم دەشڵێت: "دروستکردنی ڕۆحیەتی کێبڕکێ لەنێو قوتابخانە و پەروەردەکانیش یەکێکە لە پرۆژەکانی ناو پرۆگرامەکە و ساڵانە خەڵاتێکی کارامەیی لەسەر ئاستی پەروەردەکان دەبەخشین بەو قوتابخانە و پەروەردانەی زۆرترین چالاکییان لە بوارەکانی مافی مرۆڤ، پێکەوەژیان، ژینگە و بابەتەکانی دیکە هەبێ. ساڵانەش چالاکترین قوتابخانە هەڵدەبژێردرێ و خەڵات دەکرێ".

بابەتێکی پرۆگرامەکە (ئەنجوومەنی ڕۆشنبیریی بەریتانی)یە کە باس لە بابەتی مافی مرۆڤ دەکات لە گشت وانەکاندا، بۆ نموونە لە وانەی بیرکاری پرسیارێک وەکو بیرکاری شیکار دەکرێت، بەڵام لەهەمانکاتدا ئەو شیکارییە پەیوەست دەکرێتەوە بە پرسی مافی مرۆڤ و لەگەڵی دەگونجێنرێ.

## نیو ملیۆن دۆلار بۆ پرۆژەکە

سەبارەت بە پارەی پرۆگرامەکە و چۆنیەتی دابینکردنیشی، بەڕێوەبەری گشتی پرۆگرامەکانی وەزارەتی پەروەردە دەڵێت: "یونیسێف نزیکەی نیو ملیۆن دۆلاری بۆ پرۆگرامەکە داناوە و بە سێ قۆناغ خەرجی دەکات. ئەگەر پێویست بێت ئامادەن بودجەی زیاتریشی بۆ دابین بکەن".

ئالان حەمەسەعید، وەزیری پەروەردە سەبارەت بەو پرۆگرامە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "یەکێک لە بابەتە گرنگەکانی پەروەردە ئەوەیە کە ئەمساڵ وانەیەکی نوێ بەناوی (کارامەیی بەها کۆمەڵایەتییەکان) وەک تێست لە 200 قوتابخانە لە هەموو شارەکانی هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێ. ئەم وانەیە گرنگی بە لایەنی ڕەوشت، ژینگە و تەندروستی دەدات، وانەکەش زیاتر جەخت لەسەر وێنە دەکاتەوە نەک نووسین. مامۆستای پێویستی لەسەر ڕاهێنراوە و بە زمانی کوردییە، هەوڵ دەدەین لە ساڵی داهاتوو وانەکە لە سەرجەم قوتابخانەکان بخوێنرێت".

# وەزیرێکی کورد داوای مافی پەنابەری لە کەنەدا دەکات

**ڕووداو- هەولێر**

وەزیرێکی کوردی سەردەمی سەدام حوسێن داوای مافی پەنابەرێتی لە حکومەتی کەنەدا کردووە، دوای ئەوەی حکومەتی عێراق پێی ڕاگەیاندووە کە چیدی ئامادە نین خەرجییەکانی شوشتنی گورچیلەی بۆ بدەن. حکومەتی کەنەدا سەرەتا کێشەی لەگەڵ کەیسەکەیدا نەبووە، بەڵام دواتر گومانیان بۆ دروستبووە.

بابەکر مەحموود ئاغا پشدەری، وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە سەردەمی بەعس، لە حوزەیرانی 2015 کاتێک لە ئۆتاوا بوو، داوای مافی پەنابەرێتی لە حکومەتی کەنەدا کردبوو. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی کەناڵی (گڵۆباڵ نیوز)ی کەنەدی، هەفتەیەک پێش داواکەی بابەکر، حکومەتی عێراق ئاگاداری کردبووەوە کە چیدی ئامادەنین خەرجیی چاودێری و چارەسەرییە پزیشکییەکانی بدەن.

بابەکر لە ساڵانی 1977 هەتا 1989 لە حکومەتەکانی ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام حوسێندا وەزیر بووە. بەرپرسانی فەرمانگەی کۆچبەری لە کەنەدا پاش ماوەیەک لەبەر ئەوەی بابەکر "بەرپرسی باڵا"ی ڕژێمی بەعس بووە، داواکەیان ڕەتکردووەتەوە، لەکاتێکدا حکومەتی بەعس بەشێوەی سیستەماتیک مافەکانی مرۆڤی پێشێل کردووە و تاوانی دژی مرۆڤایەتی کردووە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (گڵۆباڵ نیوز)، وەزیرە کوردەکە بە دەستەی کۆچبەران و پەنابەرانی کەنەدای گوتووە کە ئەو ناچار کراوە لە کابینەی حکومەتدا وەک وەزیر بمێنێتەوە، لە دەقی داوای تێهەڵچوونەوەکەشدا ڕایگەیاندووە ڕژێمی سەدام حوسێن "ئەوەندەش دڕندە نەبووە".

یەکەمجار دادوەرێکی دەستەکە بڕیاری دابوو کەیسەکەی بابەکر مەحموود ئاغا وەربگیرێ، تەنانەت ئەو پاساوەشیان لێ قەبووڵ کردبوو کە ناچارکراوە لە کابینەی حکومەتی بەعسدا پۆستی وەزارەت وەربگرێ، بەو پێیەش لە بەرپرسیارێتی ئەو تاوانانە بێبەری دەبێ کە لە کاتی کارکردنی ئەو لە حکومەتدا لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە کرابوون.

بەڵام دادوەرانی دەزگای پاراستنی گشتی لەگەڵ

> ڕژێمی سەددام ئەوەندەش دڕندە نەبوو
>
> **وەزیرە کوردەکە**

ئەو بۆچوونەی دەستەی کۆچبەران و پەنابەراندا کۆک نەبوون، بۆیەش داوای تێهەڵچوونەوەیان کرد و سەرکەوتووش بوون. بەپێی ڕاپۆرتەکە، لەو کاتەدا بابەکر ڕەسووڵ مافی ئەوەی پێدرابوو چارەسەری پزیشکی وەربگرێ.

ڕاپۆرتەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە دادوەری تێهەڵچوونەوە هاگ باسمەجیان بڕیارەکەی پێشووی هەڵوەشاندووەتەوە. لە بەشێک لە بڕیارە نوێیەکەدا هاتووە: "هەفتەیەک پێش ئەوەی داوای مافی پەنابەرێتی بکات، بابەکر ئاگادار کرابووەوە کە حکومەتی عێراق چیدی خەرجییە تەندروستییەکانی نادات. ئەو سێ جار لە هەفتەیەکدا پێویستی بە دیالیزە (واتە شۆردنەوەی گورچیلە) هەیە، بۆیە ئەوە (واتە بڕیاری پاش داوای تێهەڵچوونەوە) وەک حوکمی مەرگ وایە بۆی".

دیار نییە ئاخۆ وەزیرەکەی پێشووی حکومەتی عێراق هەتا ئێستاش ئەو چارەسەرییە وەردەگرێ کە لە چوارچێوەی پرۆگرامی فیدراڵیی کاتیی تەندروستیدا پێی دەدرا.

باسمەجیان بە کەناڵە کەنەدییەکەی ڕاگەیاندووە کە کاتێک بابەکر مەحموود ئاغا داوای مافی پەنابەرێتی کرد، ماوەی سێ ساڵ بوو لەگەڵ هاوژینەکەی لە کەنەدا دەژیا. هاوژینەکەی لە ساڵی 2012 لە باڵیۆزخانەی عێراق لە ئۆتاوا دەستی بە کار کردبوو. بەپێی بڕیارەکەی دادگای کەنەدا، هەتا بابەکر داوای پەنابەرێتی نەکرد، هەوڵەکان بۆ ڕەتکردنەوەی مانەوەی لە کەنەدا و دیپۆرتکردنەوەی دەستپێنەکرد.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، وەزیرە کوردەکە لە کاتی داواکردنی مافی پەنابەرێتیدا ڕۆڵی خۆی لە حکومەتی بەعسدا بە بچووک لە قەڵەم داوە و جەختی لەوە کردووەتەوە کە هیچ دەسەڵاتێکی ڕاستەقینەی نەبووە و قازانجی لە پۆستەکەی لە کابینەی حکومەتی بەعس نەبینیوە.

دادوەرەکە ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە کە بابەکر لە هەردوو حکومەتی ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام حوسێندا "بەرپرسیارێتی گەورە"ی هەبووە، بۆ نموونە لە کاتی جەنگی ئێران- عێراقدا گوتەبێژی حکومەت بووە، ڕێککەوتنی لەگەڵ وڵاتانی دیکە واژۆ کردووە و ڕۆڵی هەبووە لەو هەوڵانەی بۆ هێنانی کرێکاری بیانی بۆ عێراق دەدران.

باسمەجیان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە وەزیرە کوردەکە دەرفەتی زۆری هەبووە عێراق جێبهێڵێ، بەڵام هەتا 1990 کە پۆستی بەڕێوەبەری گشتیی ڕێکخراوی کاری عەرەبی پێنەدرا هەر لە عێراق مایەوە. بابەکر لە ساڵی 1990 ئەو پۆستەی بۆ ماوەی پێنج ساڵ وەرگرت و دواتر لە 1995 جارێکی دیکە هەڵبژێردرایەوە و دەبوو هەتا ساڵی 2000 لەو پۆستە بمێنێتەوە، بەڵام لە 1999 یاسای ماوەی خولی بەڕێوەبەرانی گشتیی ڕێکخراوەکە هەموار کرایەوە و کۆتایی بە ماوەکەی هات.

ریچارد لەیگ، پارێزەری بابەکر مەحموود، داوای چاوپێکەوتنی بۆ هاوژینی موەکیلەکەی کردووە، بەڵام ئامادە نەبووە ئاشکرای بکات ئاخۆ بابەکر و هاوژینەکەی هەر لە کەنەدا ماون یان نا، تەنیا ئەوەندەی گوتووە کە موکیلەکەی لە دۆخێکدا نییە لێدوان بۆ میدیا بدات.

چارەنووسی بابەکر مەحموود ئاغا پشدەری، تەمەن 82 ساڵ، هەتا ئێستا دیار نییە، ئاژانسی خزمەتگوزاری سنووری کەنەدا ئامادە نەبووە هیچ زانیارییەک بدات، لەبەر ئەوەی "زانیارییەکان تاکەکەسین". سکۆت باردسلی، گوتەبێژی وەزارەتی ئامادەباشیی فریاگوزاری و پاراستنی گشتیی کەنەدا، ئامادە نەبووە باس لە چارەنووسی وەزیرەکەی حکومەتی بەعس بکات، تەنیا ئەوەندە نەبێ کە بەهۆی مەترسییەکانی شەڕ لە عێراق، حکومەتی کەنەدا دیپۆرتکردنەوەی پەناخوازان بۆ ئەو وڵاتەی قەدەغە کردووە.

سەرەڕای ئەو قەدەغەیەش، باردسلی جەختی لەوە کردووەتەوە کە لە هەندێک هەلومەرجدا کەسەکە دەکرێ وەک "مەترسییەک بۆ سەر خەڵک" لەقەڵەم بدرێ، لەوانەش ئەو حاڵەتەی کە پەناخوازەکە بەشێوەیەکی بەرفراوان مافەکانی مرۆڤی پێشێل کردبێ. لەو حاڵەتەدا حکومەت ڕێگە بە خۆی دەدات کەسەکە دیپۆرت بکاتەوە، تەنانەت ئەگەر وڵاتەکەی بە مەترسیداریش بزانرێ.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، ئەوە یەکەمجار نییە بەرپرسێکی عێراقی داوای مافی پەنابەرێتی لە کەنەدا بکات. لە شوباتی 2014، فەیسەڵ عەبدولڕەحمان عەلی ئەلعانی کە ئەفسەرێکی گەورەی سوپای پێشووی عێراق بووە، داوای مافی پەنابەرێتی لە کەنەدا کردبوو. فەیسەڵ گوتبووی کە ئەگەر بگەڕێتەوە عێراق لیپێچنەوەی لەگەڵ دەکرێ، چونکە موسوڵمانی سوننەیە و پێشتر پەیوەندی بە حکومەتی عێراقەوە هەبووە.

ئەویش هاوشێوەی بابەکر مەحموود گوتبووی کە هیچ "دەسەڵاتێکی ئەوتۆ"ی لە حکومەتی عێراقدا نەبووە، بەڵام دادگای کەنەدا بڕیاری دابوو ئەگەر کەسێک ناونیشانی "بەرپرسی باڵا"ی لە ڕژێمێکدا وەرگرت، ئەوە ئۆتۆماتیکی مافی ئەوەی نامێنێ داوای مافی پەنابەرێتی بکات.

باسمەجیا بە تەلەفزیۆنە کەنەدییەکە دەڵێ: "بابەکر ڕەسووڵ ناچار نەکرابوو لەو پۆستە باڵایەدا بمێنێتەوە. بە داخەوە بەپێی ماوەی دوورودرێژی کارکردنی لەو پۆستەدا، پێدەچێ چاوی حوکمی بینینی ئەو هەموو تاوانەی نەمابێ کە ڕژێمی عێراق دەیکردن".


بابەکر (ناوەڕاست) لە ساڵانی 1977 هەتا 1989 لە سەردەمی ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام حوسێندا وەزیر بووە

> پێدەچێ بابەکر چاوی حوکمی بینینی تاوانەکانی سەدامی نەمابێ
>
> **دادوەرێکی کەنەدی**

# بەغدادی و سەرکردەکانی داعش لە کوێن؟

**ڕووداو- هەولێر**

هەفتەی ڕابردوو قۆناغی چوارەمی "ویستی سەرکەوتن"ی هێزە عێراقییەکان بۆ تێکشکاندنی پاشماوەکانی داعش لە بیابانەکانی ڕۆژئاوای عێراق و بە ئامانجکردنی سەرکردە باڵاکانی ئەو ڕێکخراوە دەستپێکرد، لە نێویشیاندا ئەبووبەکر بەغدادی کە هەتا ئێستا زانیارییەکی ئەوتۆ لەبارەیەوە لەبەردەست نییە.

شرۆڤەکارانی ئەمنیی عێراق و سەرچاوە ئاگادارەکان لە پارێزگای دێرەزوور بە ماڵپەڕی (ئەلمۆنیتەر)یان ڕاگەیاندووە کە گومان دەکرێ بەغدادی و سەرکردە عێراقییەکانی دیکەی داعش لە سووریا بن. یەکێک لە سەرچاوەکان کە خەڵکی دێرەزوورە و پەیوەندیی باشی لەگەڵ خەڵکی ناوچەکەدا هەیە، دەڵێت کەسێک بەناوی جەبار عێراقی دەشێ زانیاری بەسوودی لەبارەی شوێنی بەغدادی لەبەردەست بێ.

بە گوتەی سەرچاوەکە، جەبار عێراقی لە هۆزی شەمەرە کە هۆزێکی بەدەویی عێراقییە. جەبار عێراقی دەسەڵاتی هۆزەکەی بەکاردەهێنێ بۆ ئەوەی لە سنوورەکان هاتوچۆ بە سەرکردەکانی داعش بکات.

هۆزی شەمەر یەکێک لە گەورەترین هۆزە عەرەبییەکانە. سەرەتا لە ئیمارەتی جەبەل شەمەر لە سعودیە بوون. ئێستا ئەم هۆزە خەڵکێکی زۆری لە ڕۆژهەڵاتی سووریا و ڕۆژئاوای عێراقیش هەیە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ناوەندی ڕوانگەکان لەبارەی تیرۆریزم (Perspective on Terrorism)، بەشی زۆری سەرکردە باڵاکانی داعش عێراقین. لە ڕاپۆرتێکی مانگی حوزەیرانی ئەو ناوەندەدا هاتووە کە لە 26 سەرکردەی باڵای داعش، 21 یان خەڵکی عێراق و 3 کەسیان خەڵکی سووریا و دوو سەرکردەکەی دیکەش سعودی و ئەورووپین. جیا لەمە لە کۆی 88 فەرماندەی ئەو ڕێکخراوەش 60 فەرماندەیان عێراقین و تەنیا چوار کەسیان سوورین.

هۆزەکانی جەنابی (لە باشووری بەغدا و نزیک تکریت) و جبوور (لە نەینەوا) بە پێنج فەرماندە بۆ هەرکامیان زۆرترین فەرماندەیان لەناو داعشدا هەیە. دوای ئەوانیش هۆزی ئەبوعیسا (لە فەللوجە) دێ بە چوار فەرماندە. هۆزەکانی ئەبو مەرعی (لە ناوچەی ڕومادی)، موشاهەدە (لە باکووری بەغدا) و زەوبەع (لە فەللوجە) و کەربەلا (لە قائیم) و موحەممەدە (لە قائیم) هەرکامیان دوو فەرماندەیان لە نێو داعشدا هەیە. 20 هۆزی دیکەش، هەرکامیان

> هیچ گومانی تێدا نییە بەغدادی لە سووریایە، چونکە عێراق چیدی شوێنێکی گونجاو نییە بۆ داعش
>
> **شارەزایەکی کاروباری تیرۆر**

یەک فەرماندەیان لە داعشدا هەیە و هۆزی 27 فەرماندەی دیکەش دیار نییە.

سەرچاوەکە بە (ئەلمۆنیتەر)ی ڕاگەیاندووە، جەبار عێراقی فەرماندەی سەربازیی ویلایەتی جەزیرەیە و زۆر لە بەغدادییەوە نزیکە، ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە کە زۆر سەرچاوە پێیانگوتووە بەغدادی لە کاتی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی باغۆز لە ئاداری 2019 لەگەڵ شوانەکان هاتووەتە ناو عێراق. لە دەیە و نیوی ڕابردوودا پێکهاتەی خێڵەکی ناوچەکانی ناوەڕاستی عێراق و ململانێی نێوان هۆزەکان هۆکارێکی گەورە بووە بۆ کۆکردنەوەی ئەندام و هاتوچۆی چەکدارەکانی قاعیدە و داعش.

بەغدادی ماوەیەک لە بیابانی ڕومانە لە پارێزگای ئەنبار ماوەتەوە، بەڵام ئێستا لە دیوی سووریایە. کۆمەڵێک سەرچاوەی هەواڵگری پێشتر ئاماژەیان بۆ ئەوە کردبوو کە بەغدادی لە کاتی ئۆپەراسیۆنی باغۆزدا بریندار بووە، بۆیەش گومان دەکرێ هاتوچۆی نێوان سووریا و عێراق کارێکی ئاسان نەبووبێ بۆی. بەغدادی لە کۆتاییەکانی مانگی نیسانی ئەمساڵ لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا دەرکەوت کە قۆناغێکی نوێی چالاکییەکانی داعشی ڕاگەیاند.

زانیارییەکان لەبارەی فەرماندە کوژراو و زیندووەکانی داعش چوونیەک نین. پێشتر ئەبوو عەلی ئەلبەسری، فەرماندەی شانەی هەواڵگریی سقووری عێراقی، بە ماڵپەڕەکەی ڕاگەیاندبوو کە زۆربەی فەرماندە سەربازییەکانی داعش کوژراون، بەڵام ژمارەیەکی کەمیان هێشتا لە عێراقن و ژمارەیەکی زیاتریش لەو فەرماندانە لە سووریان.

فازڵ ئەبوو ڕەغیف، شارەزای کاروباری تیرۆر، بە ڕاپۆرتەکەی ڕاگەیاندووە کە "هیچ گومانی تێدا نییە بەغدادی لە سووریایە، چونکە عێراق چیدی شوێنێکی گونجاو نییە بۆ پەرەپێدانی شانەکانی داعش". بە بۆچوونی ئەبوو ڕەغیف، داعش ئێستا لە ئیدلب، تەدمر و کەمپی ئەلهۆل لە پارێزگای حەسەکە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا بۆ بنکەی جەماوەری و پشتیوانی دەگەڕێ.

هیشام ئەلهاشمی، شارەزا و ڕاوێژکاری عێراقیی کاروباری تیرۆر، لە لێدوانێکدا بۆ ڕاپۆرتەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "هیچ کەس نازانێ ئێستا پلەبەندیی دەسەڵات لە داعشدا چۆنە" لەبەر ئەوەی ئەو ڕێکخراوە لە 2018 وە شێوازی کاری خۆی گۆڕیوە. لەبارەی سەرکردەکانی خۆیەوە زیاتر لە جاران بە نهێنی کار دەکات.

ئەلهاشمی کە یەکێک لە ئامادەکارانی ڕاپۆرتەکەی ناوەندی ڕوانگەکان لەبارەی تیرۆریزمە، ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە ئەمریکا خەڵاتی بۆ سەری سێ ئەندامی باڵای داعش داناوە، لەوانەش بەرپرسی دیوانی دارایی و دوو پیاوی هۆزی جبوور.

> **26** لە کۆی سەرکردەی داعش، **21** یان عێراقین

بەگوێرەی بەیاننامەیەکی هەفتەی ڕابردووی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، ئیدارەی واشنتن خەڵاتی پێنج ملیۆن دۆلاری بۆ هەر چەشنە زانیارییەک داناوە کە کوشتن یان دەستگیرکردنی نوعمان عەبد نایف نەجم ئەلجبووری، سامی جاسم محەممەد ئەلجبووری و ئەمیر محەممەد سەعید عەبدولڕەحمان ئەلمەولای لێ بکەوێتەوە.

وەسیق ئەلهاشمی، بەڕێوەبەری گرووپی عێراقی بۆ توێژینەوە ستراتیژییەکان، بە دەنگی ئەمریکا (VOA) دەڵێ: "ئەم کەسانە ڕۆڵی گەورەیان هەبووە لە ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی داعش، دوای ئەوەی ئەو گرووپە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی لە عێراق و سووریا لەدەست دا، لە چەند مانگی ڕابردوودا ئەبووبەکر بەغدادی زۆر پشتی بەوان بەستووە بۆ ڕێکخستنەوەی گرووپەکە و پەیوەندیکردن بە گرووپە بچووکترەکانەوە، دوای ئەوەی کاربەدەستە باڵاکانی ڕێکخراوەکە لە شەڕدا کوژران".

بەرپرسانی ئەمریکی و شارەزایان پێیانوایە ئەلمەولا شوێنگرەوەی بەغدادی دەبێ. ئەلمەولا کە بە حاجی عەبدوڵڵاش ناسراوە، بە ئیدیۆلۆگی سەرەکیی داعش دادەنرێ و حوکمەکانی ئەو لە پشت زۆربەی بیروباوەڕە توندئاژۆکانی داعشە و گومان دەکرێ خۆی چاودێری هەندێک لە هێرشەکانی داعش لە دەرەوەی سووریا و عێراق بکات.


ئەمریکا خەڵاتی بۆ سەری بەرپرسی دیوانی دارایی داعش و دوو پیاوی هۆزی جبوور داناوە (فۆتۆ: AFP)

> پێکهاتەی هۆزەکان هۆکارێکی گەورە بووە بۆ کۆکردنەوەی ئەندام و هاتوچۆی چەکدارانی قاعیدە و داعش لە نێوان عێراق و سووریا

کەنیزەکەکانی خەلافەت..



# فەیروز بۆ سکاڵاکردن لە دژی فەلەستینییەک چووە دادگای داعش

چیرۆکی 29

نەوزاد مەحموود
ڕووداو- دهۆک

سێ چەکدار وەک ئەوەی یەکەمینجار بێت لە ژیانیاندا تفەنگ بەدەستەوە بگرن ، لە حەوشەی ماڵەکەدا تەقەیان دەکرد، ئەو گومانی کردبوو ئەوان تەقە لە تانکیی سەربانی ماڵەکەیان بکەن. هەموو خێزانەکەیان پێچایەوە و بردیاننە ماڵی دراوسێکەیان کە زۆربەی خزمەکانیان لەوێ دەستبەسەر بوون. ئەوە حاڵی گوندی وەردێ بوو لە درەنگانی شەوی سێی ئابی 2014 دا. سێ چەکدارەکە لەگەڵ ژمارەیەک چەکداری دیکە پێکهاتن لەسەر ئەوەی زوو لۆرییەکان بەڕێبخرێن نەوەک خەڵکی گوندەکە بیر لە هەڵاتن بکەنەوە: "پێویست بەو ترس و شڵەژانە ناکات، بۆ کارێکی پێویست دەتانبەینە تەلەعفەر و دەگەڕێنەوە". بەرپرسەکەیان وایگوت.

نزیکەی 150 کەس لەنێو بارهەڵگرەکەدا بەسەر یەکدا کەوتبوون. کچێکی باریکەلەی تەمەن 13 ساڵ بەدرێژایی دوو کاژێری هەڵبەز و دابەزی ئۆتۆمبیلەکە تێکۆشابوو بۆ ئەوەی نەکەوێتە ژێرپێی هاوگوندییەکانی. ئەو کچە فەیروز بوو کە باوکی بەهۆی سەرسامبوونی بە دەنگە بەسۆزەکەی خانمە گۆرانیبێژی لوبنانی، ئەو ناوەی لێنابوو.

لە تەلەعفەر دایانبەزاندن، وەک مێرووستانێک کە ئاو چووبێتە کونەکەیانەوە، بە شپرزەیی بەنێو یەکدا دەهاتن و دەچوون بەبێ ئەوەی لە هیچ تێبگەن.

**چەکدارێکی داعش بە فەرمی منی لە خۆی مارە کرد**

لەو تاریکییەدا هەرچۆن بوو دایک و باوک و براکانی دۆزییەوە.

هەر لەگەڵ زەردەپەڕدا، چەکدارێکی داعش 10 کچی لەنێو چەندین ئافرەتدا جیاکردەوە کە فەیروز یەکێک بوو لەوان، پاشان خرانە نێو پاسێکی بیست نەفەرییەوە بەرەو مووسڵ: "دوو چەکدار و شۆفێرێک لەنێو پاسەکەدا بوون، ئێمە دەگریاین و ئەوان پێدەکەنین. دەستیان بۆ درێژ دەکردین و گاڵتەیان بە پرسیارەکانمان دەهات".

## ئوم حاتەم

لە مووسڵ برانە نێو خانوویەکی دوو نهۆمی: "پاسەوانەکە پێیگوتین خۆتان خاوێن بکەنەوە و ئەمشەو بۆ خۆتان بحەوێنەوە، ئێمە دڵخۆشبووین کە هیچ نەبێ شەوێک پشوو دەدەین، بەڵام لە نیوەی شەودا کەسێک دەهات و بەخەبەری دەهێنایین و بۆ کچی جوان دەگەڕا. ئەو شەوە نیوەی کچەکانیان برد، دواتر بە گریانەوە دەگەڕانەوە لامان".

فەیروز تێبینی کردبوو، شۆفێری ئەو پاسەی لە تەلەعفەرەوە ئەوانی هێنا، بەردەوام چاودێری دەکات. ئەو هەر لەنێو پاسەکەدا هەستی بەوە کردبوو کە شۆفێرەکە نیشانەی لێگرتووە: "ڕۆژی دواتر هات و بە من و کچێکی هاوڕێمی گوت لەگەڵی بڕۆین، ئێمەی بردە خانوویەک. کەسێکی لەگەڵ بوو ناوی ئەبوو ئەنەس بەغدادی بوو. بەمنی گوت بچمە ژوورەکەی دیکە، بەڵام هاوڕێکەم توند دەستی گرتبووم، بە لێدان ئێمەیان لە یەک جیاکردەوە و چوومە ژوورەکەی دیکە، ئەبوو ئەنەس هاتە لای من و شۆفێرەکە لای ئەو مایەوە".

دوو ڕۆژ بەو شێوەیە فەیروز و هاوڕێکەی، خواردنی ئەبوو ئەنەس و شۆفێرەکە بوون. بە گوێرەی ئەو وەسفەی فەیروز دەیکات، ئەبوو ئەنەس، باڵاکورتێکی ئەسمەری تەمەن 25 ساڵ بووە، زۆر پێداگیری لەسەر ئەوە دەکرد کە ئەو کچانە فێری پەروەردەیەکی ئیسلامییانە بکرێن.

کچەکانیان بردە فێرگەیەکی پەروەردەیی داعش کە ژنێک بەنێوی ئوم حاتەم سەرپەرشتی دەکرد. ئوم حاتەم لە ماوەی مانگێکدا فەیروزی فێری نوێژکردن و زۆربەی ئادابەکانی ئیسلام کردبوو. بۆ یەکەمجار فەیروزی بردە سەر بەرماڵێک و داوای لێکرد ڕووبکاتە کەعبە "دەبێت ناوەکەشت بگۆڕین، ناوی جوانتر هەیە لەوە". بەڵام فەیروز، ئەو ناوەی هەڵنەگرت و ئێستاش حەز ناکات ئەو ناوە ئاشکرا بکات کە ئوم حاتەم بۆی هەڵبژاردبوو. "ئوم حاتەم، ناچاری دەکردین وا هەڵسوکەوت بکەین کە خۆشحاڵین بەو گۆڕانکارییەی بەسەر ژیانماندا هاتووە، بەڵام ئەو کێشەکەی ئەوە بوو نەیدەزانی چی لە ناخی ئێمەدایە".

## بەرەو سەعدییە

ئوم حاتەم، وازۆی خستە سەر کاغەزێک و دایە دەست چەکدارەکان. ئەوە نووسراوی ڕەزامەندیی ئەو بوو لەبارەی تێگەیشتنی فەیروز لە بابەتە ئیسلامییەکان و ئامادەبوونی وەک ژنێک کە ببێتە خزمەتکاری چەکداران بە شێوەیەکی گوێڕایەڵانە. هەر بۆیە فەیروز، دوای چەند خولەکێک لە ئۆتۆمبیلێکی سەربازیدا خۆی بینییەوە کە شۆفێرەکە پێیگوتبوو ئەوان بەرەو پارێزگای دیالە بەڕێدەکەون و بەدیاریکراوی بۆ ناحیەی سەعدیەی سەر بە قەزای خانەقین.

سەعدییە بەدەست بۆردومانی فڕۆکە و ئەو هێرشە پێچەوانانەی پێشمەرگە دەیکردنە سەر داعش بۆ وەرگرتنەوەی، برستی لێبڕابوو. بەشێکی زۆری دانیشتووانەکەی ئاوارە ببوون. ئەو شارۆچکەیە بە درێژایی 35 ساڵی دەسەڵاتدارێتی سەددام حوسێن، پرۆسەی بەعەرەبکردن ڕوخسارە کوردییەکەی تێکدابوو. بەر لە هاتنی داعش بۆ سەعدییە، ژمارەی دانیشتووانی ئەو ناحیەیە 50 هەزار کەس بووە، کە 65%ی عەرەب و 30%ی کورد و 5%ی تورکمان بوون. بەڵام لەو ڕۆژە بەرایییانەدا، فەیروز لەوێ زۆربەی ماڵەکانی بە چۆڵی دەبینی.

فەیروزیان بردە ماڵێک و لەوێ دایاننا. ماڵێک کە پێدەچوو تەزووی کارەبای پێنەگەیشتبێ. تاریک و سارد. ماڵەکە ژنێک و دوو منداڵی تێدا دەژیان و هاوژینەکەی لە بەرەکانی جەنگ بوو. لەو ڕۆژانەی لەوێ مایەوە تێبینی کردبوو پیاوێکی سەروڕیش ماش و برنجی، زۆر هاتوچۆی ئەو ماڵە دەکات بەبێ ئەوەی خاوەن ماڵ بێت. ئێوارەیەک ژنەی خاوەن ماڵ داوای لە فەیروز کردبوو بچێتە ژوورەکەی دیکە و هەرلەوێ بمێنێتەوە و لەوێش بنوێ "کاتێک چوومە ژوورەکە، هیچم نەبینی و بە ئەسپایی دانیشتم، بەڵام لە پڕ دەرگاکە لە ناوەوە داخرا. ئەو پیاوەم بینی کە هاتوچۆی ئەوێی دەکرد، ئیدی دەرفەتی هەڵاتن و بەرەنگاربوونەوە نەما".

پیاوە تەمەن 50 ساڵەکە سەرەتا بە پرسیارکردن لە بارەی ژیان و کەسوکارەکەی و خەڵکی ناوچەکەی و ئاستی خوێندەواری دەستی بەکردنەوەی گرێی زمانی فەیروز کرد و دواتر کاری خۆی کردبوو.

**چەکدارێکی داعش دەیویست بە ناسنامەیەکی ساختەوە بمبات بۆ لوبنان**

پیاوەکە دواتر دەستی کردووە بە دڵدانەوەی فەیروز و پێیگوتووە "لەمەودوا تۆ موڵکی منی".

## لەگەڵ قازی سەعدیە

ئەو پیاوە قازی دادگای داعش بووە لە سەعدییە و ناوی ئەبوو نەعیم بووە. دادوەرەکە ژنی هەبووە لەگەڵ دوو منداڵ. فەیروزی بردبووە ماڵەکەی خۆی. ڕۆژانە خەڵک سەردانی ماڵەکەیان دەکرد و بۆ کاروباری دادگا و پرسی جۆراوجۆر گفتوگۆیان لەگەڵ دەکرد: "هەرچەندە قازی بوو، بەڵام هەندێکجار لەگەڵ چەکداران دەچووە شەڕ".

دوای ڕزگارکردنی سەعدیە، ئەبوو نەعیم ڕووی لە فەللوجە کردبوو. فەیروز زیاتر لە ساڵێک لەگەڵ ئەبوو نەعیم مایەوە. ئەبوو نەعیم بەپێی پیشەکەی، کەسێکی تێگەیشتووتر و خاوێنتر و هێمنتر بوو. فەیروز لە هەڵسوڕاندنی کاروبارەکانی ماڵ و خاوێنڕاگرتنی ماڵ و خزمەتکردنی منداڵەکاندا، کارێکی وای کردبوو هاوژینەکەی ئەبوو نەعیم تەنیا پەیوەندی دایکانەی بە منداڵەکانییەوە هەبێ، هیچ ئەرکێکی بەسەرشانەوە نەمابوو.

ئەبوو نەعیم لە فەللوجەش هەر قازی بوو. فەیروز زۆرجار لەگەڵ هاوژینی ئەبوو نەعیم دەچووە ماڵی ناسیاو و خزمەکانیان و لەگەڵ خۆی دەیبرد.

جارێکیان فەیروز لەگەڵ هاوژینی قازییەکە چوونەتە ماڵی والی فەللوجە و لەوێ بۆ یەکەمجار چاوی بە کچێکی ئێزدی تەمەن 15 ساڵ کەوتووە بە ناوی ماریا " ماریا زۆر جوان بوو، هەر لەبەر ئەوەش دابوویانە والی و کردبوویە کەنیزەک، هەرچەندە سێ ژنیشی هەبوو. من دەرفەتم بۆ دروستنەبوو یەک قسەش لەگەڵ ماریا بکەم".

ئەبوو نەعیم، ئێوارەیەک دوای پێچانەوەی سفرەی شێو، هەواڵێکی ناخۆشی بە فەیروز دا.

"ژیانی تۆ لەمەودوا دەگۆڕێ.. دەمەوێ بتفرۆشم.. ماوەیەکی زۆرە لەم ماڵە دەژیت، بەڵام ئیدی قەدری ئەم ماڵە تێدەگەیت".

بەڵام هاوژینەکەی ئەبوو نەعیم پێشنیازێکی خستە بەردەم مێردەکەی کە بەلای فەیروزەوە چاوەڕواننەکراو بوو "بۆ دەیفرۆشی؟ ئەگەر بە قسەی من بکەیت، بیکە بە ژنی ڕەسمی خۆت و با لێرە بمێنێتەوە".

بەڵام ئەوە هیچ قسەیەکی دیکەی بەدوادا نەهات تاوەکو دوو ڕۆژ دواتر کە فەیروز سەرقاڵی نانپێدانی بەیانیی منداڵەکان بوو، کەسێک لە دەرگای دا و چووە ژوورەکەی دیکە بۆ لای قازی. فەیروز گوێی لە قسەکانیان بوو لەبارەی ئەوەوە دەدوان. فەیروز بۆی دەرکەوت کە ئەبوو نەعیم ئەوی بە دیاری پێشکەشی چەکدارێکی داعش کردووە

## سوهەیبی فەلەستینی

ئەبوو نەعیم فەیروزی بانگکردە لای خۆی بۆ ئەوەی میوانەکەی ببینێ چ دیارییەکی پێشکەش دەکات. گەنجە تەمەن 20 ساڵە میوانەکە، هەموو ئەو وەسفانەی لە فەیروزدا بینی کە پێشتر ئەبوو نەعیم بۆی باسکردبوو. بۆیە ستایشی ئەبوو نەعیمی کرد.

ئەبوو نەعیم، داوای لە میوانەکەی کرد پێشنیازێکی لێوەربگرێ "نامەوێ وەک کەنیزەک بیبەی. دەمەوێ هەر خۆم لێرە گرێبەستێکتان بۆ بکەم و بیکەیتە هاوژینی ڕەسمی خۆت. ئەوە کارێکی باش دەبێت بۆت".

هەرچەندە ئەو زۆرتر خوازیاری ئەوە بوو ببێتە خاوەنی کەنیزەکێک، بەڵام ئەبوو نەعیم تێیگەیاند کە کچەکە لەسەر دەستی ئوم حاتەم وانەی ئاینی خوێندووە و فێری نوێژ و ئادابی ئیسلامی بووە. گرێبەستی هاوژینی ئەوان لەسەر دەستی قازییەکی داعش پڕ کرایەوە.

فەیروز، بۆ یەکەمینجار بووە هاوژینی کوڕێک کە لە فەلەستینەوە هەر لە ڕۆژە بەراییەکانی دروستبوونی داعشەوە خۆی گەیاندبووە دەوڵەتەکەی ئەبووبەکر بەغدادی. ناوی سوهەیب بوو. لەو گەنجانە بوو کە ساڵانێکی زۆر بەردی گرتبووە سەربازانی ئیسرائیل.

لەگەڵ سوهەیب چوونە ماڵە نوێیەکەیان و چەند مانگێکیان بە ئارامی تێپەڕاند: "لە شەش مانگی یەکەمدا زۆر باش بوو لەگەڵم. کەسێکی نەرمونیان و تاراددەیەک باش بوو. لەو مانگە سەرەتاییانەدا، جگە لە بیرکردنەوە لە کەسوکارەکەم و گوندەکەم و ژیانی ڕابردووم، کێشەیەکی وا گەورەم نەبوو".

سوهەیب، دەیویست فەیروز، وەک "ژنێکی موسوڵمان و گوێڕایەڵ" هەڵسوکەوت بکات و هیچی دیکە. فەیروزیش ئەو ئارامییەی پێویست بوو تاوەکو هەلێکی بۆ دێتە پێش و لە چنگی داعش هەڵدێ.

## ڕاهێنەری سەربازیی منداڵان

" لەشەشەمین مانگی هاوسەرگیریمان، هەستمکرد سوهەیب هێواش هێواش دەگۆڕا لەگەڵم. مامەڵەی ناخۆشتر و زمانی ڕەقتر دەبوو، بیانووی دەگرت و تەنانەت لێیدەدام".

ئێوارەیەک فەیروز لێی پرسیبوو: بۆچی وا گۆڕاوی؟

**سوهەیب: من منداڵم دەوێ. تۆ کەللەڕەقیت و ناتەوێ منداڵت ببێ.**

**فەیروز:** لەناو ئەو هەموو شەڕەدا منداڵت بۆچییە کە نازانی چیت بەسەردێ؟

**سوهەیب: ئێمە پێویستمان بە چەکداری دوارۆژە. فێرگەمان هەیە و منداڵان لەسەر شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەی کافران ڕادەهێنین.**

هاوژینەکەی فەیروز ڕاهێنەری فێرگەی منداڵان بووە و منداڵانی فێری شەڕکردن دەکرد. نێوانیان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ناخۆش دەبوو. تا وای لێهات سوهەیب چەندینجار دەمولووتی فەیروز خوێناوی بکات.

ئەوان بە بڕیاری داعش گواسترانەوە بۆ سووریا و هەرچۆن بوو زیاتر لە ساڵێکیشیان لەوێ گوزەراند. کڵپەی ئاگری شەڕ بەردەوام تاوی دەستاند و گەمارۆی هێزەکانی یەپەگە و سوپای سووریا و فڕۆکەکانی هاوپەیمانان زیاتر تەنگی بە داعش هەڵدەچنی. سوهەیب لە ڕاهێنەرایەتی منداڵان دوورخرایەوە و ئیدی زۆرتر لە بەرەکانی شەڕ دەمایەوە.

## سکاڵا لە دادگای داعش

ئەوان لە ڕەققە گیرسابوونەوە. لەبەر ئەوەی سوهەیب بە تەواوی ژیانی لەنێو شەڕگەکان قەتیس مابوو، بڕیاری دا فەیروز بباتە خانەیەکی تایبەتی ژنانی داعش و لەوێ بمێنێتەوە. خانەکە بۆ ئەو ژنانەی داعش تەرخانکرابوو کە هاوژینەکانیان کوژرابوون و لەوێ دەمانەوە تاوەکو سەرلەنوێ دەدرانەوە بە چەکداری دیکە: "هەرکات دەگەڕایەوە، دەیبردمە ماڵەوە بۆ شەوێک و دیسان دەیبردمەوە ئەوێ، هەموو جارێکیش تێر لێیدەدام".

فەیروز لەگەڵ ژنە داعشەکانی ئەو خانەیە کرابووەوە و دەردەدڵی خۆی لەوێ هەڵدەڕشت کە چۆن هاوژینەکەی هەموو جارێ بەردەبێتە گیانی و هەندێکجار دەستی لێ هەڵناگرێ تا شەلاڵی خوێنی دەکات.

"هەندێکیان هاوسۆزم بوون، یەکێکیان پێیگوتم دەتوانم بچمە دادگا و داوای جیابوونەوەی لێبکەم و بە یەکجاری لەو خانەیە لەگەڵ ئەوان بمێنمەوە".

چووە دادگاکەی داعش و سکاڵای خۆی بردە بەردەم دادوەر. بە درێژی گێڕایەوە کە چۆن لە دەست هاوژینەکەی بێزار بووە و ناتوانێ لەوە زیاتر لەگەڵی بمێنێتەوە: "دادوەرەکە پێیگوتم، ئێمە ناتوانین هیچ مافێک بدەینە تۆ و داواکارییەکەت قیمەتی نییە، چونکە تۆ پێشتر کەنیزەک بوویت".

داعش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ شار و شارۆچکەی زیاتری لەدەست دەدا. گەیشت بەوەی سوهەیب شەوێک بگەڕێتەوە ماڵەوە و بە فەیروز بڵێ: "دەمەوێ دەربازی سنووری تورکیات بکەم بۆ ئەوەی بچیتە لوبنان. من پلانم بۆ ئەوە داڕشتووە. ناسنامەی ساختەی سووریم دروستکردووە بۆت و دایکم لە فەلەستینەوە هاتووە بۆ سەر سنووری تورکیا و لەوێوە تۆ وەردەگرێت و دەتبات".

لەگەڵ سوهەیب چوونە بارەگایەکی داعش بە مەبەستی بەڕێکەوتن بەرەو سنووری تورکیا. بەڵام فەیروز سەری سوڕما لەوەی لەوێ بینی "بینیم هەموو چەکدارەکان وەک سوهەیب ریشیان تاشیبوو بۆ ئەوەی خۆیان تێکەڵی ئەو خەڵکە بکەن کە هەڵدەهاتن، شتەکان زۆر بە خێرایی گۆڕان، بڕوا بکە کەمتر لە دوو سەعات، چەکدارانی یەپەگەم بینی پەیدابوون و قۆڵی سوهەیبیان گرت و بردیان، منیش هەروا برامە نێو ژنەکان".

فەیروز هەر لەوێ داوای لە شەڕڤانانی یەپەگە کردبوو جلی تازەی بۆ بێنن. دوای ئەوەی جلیان بۆ هێنا. ئەو جلە داعشیانەی هەر لەوێ سووتاند کە پێنج ساڵ لە نێویدا ئازاری چەشتبوو. دواتر گەڕێندرایەوە نێو کەسوکارەکەی.

**منیان بۆ قازییەکی داعش برد بۆ سەعدیە**

**ساڵێک کەنیزەکی قازیی داعش بووم**

## داهاتی نەوتی عێراق لە مانگی ئابدا شەش ملیار دۆلار بووە

**ڕووداو– هەولێر**

عێراق لە مانگی ئابدا نزیکەی 112 ملیۆن بەرمیل نەوتی هەناردەکردووە و داهاتی ئەو نەوتەش زیاتر لە شەش ملیار دۆلار بووە. عاسم جیهاد، گوتەبێژی وەزارەتی نەوتی عێراق ڕایگەیاند "کۆی بڕە نەوتی خاوی هەناردەکراو لە مانگی ئابی ڕابردوودا لە کێڵگەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق گەیشتە 107 ملیۆن و 520 هەزار و 44 بەرمیل". عاسم جیهاد گوتیشی: "نەوتی هەناردەکراو لە کێڵگەکانی کەرکووکەوە بەڕێگەی بەندەری جەیهان لە هەمان ماوەوە گەیشتووەتە سێ ملیۆن و 253 هەزار و 665 بەرمیل. لە کێڵگەی گەیارەش گەیشتووەتە 928 هەزار و 963 بەرمیل.



### لە کوردستان مۆڵەتی دامەزراندن بە 10 کارگەی جگەرە دراوە

# جووتیاران ڕوو لە چاندنی تووتن دەکەنەوە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو– هەولێر**

دوای 20 ساڵ وازهێنان لە پیشەی باب و باپیرانی، سێ ساڵ لەمەوبەر خدر خانەقا جارێکی دیکە لە گوندەکەی خۆی تووتنی چاندەوە. خێرەکەی زۆر زیاتر بوو لە خەیار و تەماتە، بۆیە بڕیاری داوە درێژە بە چاندنی تووتن بدات.

چاندنی تووتن بەلای خدری خانەقاوە تەنیا ساڵی یەکەم کەمێک قورس بوو، چونکە بە گوتەی خۆی شەش گوندی دەوروبەری خۆی کردووە تاوەکو کەمێک تۆوی تووتنی دەستکەوتووە.

خدر سلێمان، جووتیارێکی گوندی خانەقای سەر بە ناحیەی وەرتێیە لە ناوچەی باڵەکایەتی، دەڵێت: "نزیکەی 12 ساڵ بوو زەوییەکەم دەکرد بە تەماتە و خەیار، بەڵام داهاتی کەم بوو، بۆیە سێ ساڵ لەمەوبەر بڕیارمدا بیکەم بە تووتن. ساڵی ڕابردوو 300 کیلۆ بەرهەمم هەبوو، ئەمساڵیش بەرهەمم باشە".

هەندێک ناوچەی کوردستان زۆر لەبارە بۆ چاندنی تووتن. پێشتر لە ناوچەی باڵەکایەتی و خۆشناوەتی و شارەزوور و بیتوێن بە هەزاران دۆنم زەوی دەکرایە تووتن. حکومەتی عێراق لەو ناوچانە لیژنەی وەرگرتنی تووتنی هەبوو کە تووتنی لە جووتیاران دەکڕییەوە. بەو تووتنە ڕۆژانە سێ ملیۆن پاکەت جگەرەی بەرهەم دەهێنا، بەشێکی لە ناوخۆ ساغ دەکردەوە و بەشێکیشی لێ هەناردە دەکرد، بەڵام لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری 1991 و دوای وەستانی کارگەکان، جووتیارانیش پشتیان لە چاندنی تووتن کرد.

سالح حەسەن، بەڕێوەبەری پێشووی کشتوکاڵی ڕانیە بە (ڕووداو)ی گوت: "پێشتر تەنیا لە بیتوێن نزیکەی 40 هەزار دۆنم زەوی دەکرایە تووتن. داهاتی 80%ی گوندەکان لەسەر چاندنی تووتن بوو، بەڵام دوای ڕاپەڕین کارگەکان داخران و وەرگرتنی تووتن ڕاگیرا و ئەم بەرهەمە ستراتیژییە پشتگوێخرا، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی خەڵک واز لە چاندنی بهێنێ، ئێستا لە بیتوێن ساڵانە تەنیا 40 تاوەکو 50 دۆنم تووتن دەچێنرێ".



بەهۆی خراپیی کواڵیتی ئەو جگەرانەی لە هەرێمی کوردستان هەن، ئێستا جگەرەکێشەکان ڕوویان لە کێشانی تووتن کردووە (فۆتۆ: ڕووداو)

سالح حەسەن پێیوایە ئەگەر وەزارەتی کشتوکاڵ پلانێکی ستراتیژی بۆ گەشەپێدانی تووتن هەبێت و کارگەکان ناچار بکرێن بەرهەمی جووتیاران بکڕنەوە و جگەرە و تووتنی هاوردە باجی زیاتری بخرێتە سەر، جارێکی دیکە خەڵک ڕوو لە چاندنی تووتن دەکاتەوە "چونکە لەچاندنی دۆنمێک تووتن، جووتیار نزیکەی 350 کیلۆ تووتنی دەستدەکەوێت، ئەگەر کیلۆی تەنیا بە 15 هەزار دینار بفرۆشێ، داهاتەکەی لە زۆر جۆری سەوزە و میوە باشترە".

ئامارەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ دەریدەخەن ماوەی چەند ساڵێکە جووتیاران ڕوویان لە چاندنی تووتن کردووەتەوە. بەپێی داتاکان لە ساڵی 2017 جووتیارانی هەولێر و دهۆک 135 دۆنم تووتنیان چاندووە، ساڵی ڕابردووش 192 دۆنم.

ئازووز ئەحمەد، بەڕێوەبەری توێژینەوە لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، دەڵێت: "زیاتر لە 20 ساڵە هیچ توێژینەوەیەکمان لەسەر چاندنی تووتن نەکردووە. چونکە چالاکییەکانی ئێمە بۆ پەرەپێدان و چارەسەری گرفتی ئەو بەرهەمانەن کە جووتیاران دەیانچێنن یان وەزارەتی کشتوکاڵ ئارەزووی گەشەپێدانی هەیە، بەڵام لە دوای داخستنی کارگەکان، تووتن لە پلانی وەزارەتی کشتوکاڵدا نەما. تەنانەت ئەو بەڕێوەبەرایەتیانەی تایبەت بوون بە توێژینەوەی تووتن داخران".

ئازووز ئەحمەد پێیوایە مادام خەڵک واز لە جگەرەکێشان ناهێنێ و ساڵانەش پارەیەکی زۆر بۆ کڕینی تووتن و جگەرە دەچێتە دەرەوە، بۆیە پێویستە جارێکی دیکە وەزارەتی کشتوکاڵ پلان بۆ گەشەپێدان و چاندنی تووتن دابنێ.

ئێستا لە بازارەکانی هەرێمی کوردستان لە پاڵ تووتنی کوردی، تووتنی ئێرانی و تورکیش هەن کە بە قاچاخ دەهێندرێن و نرخیشیان گرانە.

شوان مستەفا وەرتی، تووتنفرۆشێکی شاری هەولێرە، ساڵانە تۆنێک تووتنی خۆماڵی و دوو تۆن تووتنی ئێرانی و تورکی دەفرۆشێت، دەڵێت: "بەهۆی خراپیی کواڵیتی ئەو جگەرانەی لە هەرێمی کوردستان هەن، ئێستا جگەرەکێشێکی زۆر بەتایبەت گەنجان ڕوویان لە کێشانی تووتن کردووە، ئەوەش وایکردووە فرۆشی تووتن زیاد بێ".

سەبارەت بە نرخی تووتن، شوان وەرتی دەڵێت: "تووتنی ئێرانی بە گوێرەی کواڵیتییەکەی نرخەکەی لە نێوان 50– 100 هەزار دینارە، تورکییەکەش کیلۆی بە 50 تاوەکو 120 هەزار دینارە. تووتنی خۆماڵیش بە گوێرەی جۆرەکانی نرخی لە نێوان 40 تاوەکو 60 هەزار دینارە".

وەزارەتی کشتوکاڵ هیچ داتایەکی نییە لەسەر ڕووبەر و بەرهەمی ئەو تووتنەی پێشتر لە کوردستان دەچێنرا، بەڵام بەگوتەی ئەوانەی پێشتر لە کارگەی جگەرەی هەولێر کاریان کردووە، ساڵانە نزیکەی 350 هەزار تۆن تووتن لە جووتیاران دەکڕدرایەوە.

عەزیز ئیبراهیم مەربێن، کە 30 ساڵ کارمەندی کارگەی جگەرە بووە و ماوەی 15 ساڵیش سەرۆکی لیژنەی باڵای وەرگرتن و پشکنینی تووتن بووە لە هەردوو کارگەی هەولێر و سلێمانی، دەڵێت: "جووتیاران ساڵانە بە ڕووبەرێکی فراوان تووتنیان دەچاند، ئێمە لە هەموو قەزا و ناحیەکان لیژنەمان بۆ پشکنین و وەرگرتنی تووتن هەبوو. ساڵانە 300 تاوەکو 350 هەزار تۆن تووتنمان وەردەگرت. تووتنەکەمان ماوەی ساڵێک لە کۆگاکان هەڵدەگرت دواتر لەگەڵ تووتنی بولگاری و یۆنانی و ئەمەریکی تێکەڵمان دەکرد و لە کارگەکانی هەولێر و سلێمانی و بەغدا، پاکەتی بەغدا و سۆمەرمان لێ بەرهەم دەهێنا".

بە گوتەی مەربێن 85%ی ئەو تووتنەی وەریاندەگرت بەرهەمی جووتیارانی پارێزگای سلێمانی بووە، زیاتر لە 33 هەزار جووتیاریش داهاتیان لەسەر چاندنی تووتن بووە.

عەزیز مەربێن گوتی: "ڕۆژانە 3 ملیۆن پاکەت جگەرە لە کارگەکان بەرهەم دەهات، کارگەی هەولێر ڕۆژانە توانای بەرهەمهێنانی یەک ملیۆن، سلێمانی 750 هەزار و هەردوو کارگەکەی بەغداش ڕۆژانە ملیۆنێک و 250 هەزار پاکەتیان هەبوو، تووتنی کوردستان بەشی کارگەکانی نەدەکرد، بۆیە نزیکەی 35%ی لە دەرەوە دەهات".

بەپێی ئامارێکی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، تەنیا لە دوو ساڵی ڕابردوودا بایی سێ ملیار و 446 ملیۆن دۆلار جگەرە و تووتنی خاو و تووتنی نێرگەلە هاوردەی عێراق کراوە.

بۆ بەرهەمهێنانی جگەرە و تووتنی نێرگەلە، وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی مۆڵەتی بە دامەزراندنی 10 کارگە (7 کارگە بۆ جگەرە و 3 کارگە بۆ نێرگەلە) داوە، ئێستا سێ کارگە لەکاردان و کارگەکانی دیکەش لە قۆناغی دامەزراندندان.

مستەفا زوبێر، سەرپەرشتیاری کارگەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی گەشەپێدانی پیشەسازی لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دەڵێت: "ساڵانە پارەیەکی خەیاڵی بۆ هاوردنی جگەرە و تووتن دەڕوات، ئەمەش کاریگەری لەسەر ئابووریی وڵات دەبێت، بۆیە پێویستە وەزارەتی کشتوکاڵ جارێکی دیکە پلان بۆ گەشەپێدانی چاندنی تووتن دابنێت و هانی جووتیاران بدات تووتن بچێنن. بەدڵنیاییەوە کارگەکانی ناوخۆ تووتنی جووتیاران دەکڕنەوە، چونکە کواڵیتییەکەی زۆر باشە".

> **کارمەندێکی پێشووی کارگەی جگەرەی هەولێر:**
> **ساڵانە 350 هەزار تۆن تووتنمان لە جووتیاران دەکڕییەوە**

---

# پێشبینی بەرزبوونەوەی نرخی تەماتە دەکرێت




هەرێمی کوردستان ساڵانە پێویستی بە 185 هەزار تۆن تەماتەیە (فۆتۆ: ڕووداو)

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو– هەولێر**

بۆ هاوسەنگکردنی نرخ و بە بازاڕکردنی تەماتەی خۆماڵی، وەزارەتی کشتوکاڵ هاوردەکردنی تەماتەی بۆ کاتێکی نادیار قەدەغە کرد. بەم هۆیەوە پێشبینی بەرزبوونەوەی نرخی تەماتە دەکرێت، بەڵام جووتیاران دەڵێن بڕیارەکە درەنگ بوو، چونکە بەرهەمی تەماتە کەم بووەتەوە.

خاکی هەرێمی کوردستان گونجاوە بۆ چاندنی تەماتە، بەسوودوەرگرتن لە هەردوو شێوازی چاندنی کراوە و داپۆشراو دەتوانرێت چوار وەرزەی ساڵ تەماتە بچێنرێ. بەڵام لە وەرزی هاویندا جووتیاران گرفتی ساغکردنەوەی بەرهەمیان هەیە. بەهۆی زۆریی خستنەڕوو، بەرهەمی تەماتە تا ئاستی نیوەی تێچوو دادەبەزێت و جووتیاران تووشی زەرەرێکی زۆر دەبن.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ، هەرێمی کوردستان ساڵانە پێویستی بە نزیکەی 185 هەزار تۆن تەماتەیە، توانای بەرهەمهێنانی کێڵگەکانی ناوخۆش هیچ ساڵێک نەگەیشتووەتە نیوەی ئەم بڕە، بۆیە نزیکەی 65%ی ئەو تەماتەیەی لە بازاڕدا هەیە، هاوردەیە.

کەمال محەممەد، بەڕێوەبەری بەرهەمهێنانی سەوزە لە خانووی پلاستیکی لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، دەڵێت: "تەماتە لە چاندنییەوە تاوەکو پێگەیشتنی پێویستی بە نزیکەی 90 تاوەکو 120 ڕۆژ هەیە. لەم ماوەیەشدا پێویستی بە پەین و دەرمانی قڕکەر و دەستی کار هەیە، زۆر جاریش تووشی نەخۆشی دەبێت، بۆیە تێچووی یەک کیلۆ تەماتە نزیکەی 240 تاوەکو 260 دینار لەسەر جووتیار دەکەوێت".

بەرهەمی تەماتەی شێوازی کراوە و داپۆشراو لە ناوەڕاستی مانگی تەمووز تاوەکو کۆتایی مانگی ئاب دەگاتە لوتکە، خستنەڕوو لە خواست زیاتر دەبێت. لەم کاتانەشدا شارەکانی عێراق هێشتا خۆیان بەرهەمیان هەیە و لە ئێرانیش بە نرخی کەمتر لە کوردستان تەماتەیان بۆ دێت. هەر ئەمەش وادەکات نرخی تەماتە زۆر دابەزێ.

> **تێچووی کیلۆیەک تەماتە 270 دینارە و بە 135 دینار دەیفرۆشینەوە**
> جووتیارێک

بەپێی توێژینەوەکان سەلمێنراوە چاندنی تەماتە لەژێر خانووی پلاستیکی زۆر سەرکەوتووترە و بەرهەمدارترە لە چاندنی تەماتە بەشێوەی کراوە، بە جۆرێک لە خانووێکی پلاستیکی کە ڕووبەرەکەی 463 مەتر چوارگۆشەیە، نزیکەی 6 تاوەکو 7 تۆن بەرهەم دەدات، بەڵام لە هەمان ڕووبەر ئەگەر بەشێوەی کراوە بچێنرێت، تەنیا نزیکەی 900 کیلۆ بەرهەم دەدات. بەڵام لەکۆی زیاتر لە 23 هەزار خانووی پلاستیکی، ژمارەیەکی زۆر کەمیان تەماتەیان لێدەچێنرێ کە ئەوانیش زیاتر لە وەرزی هاویندا دەیچێنن.

مەلا کامل داود، جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی گەشەپێدانی خانووی پلاستیکی دەڵێت: "بەهۆی تێچووی زۆرەوە ئێستا هیچ جووتیارێک ئامادە نییە لە وەرزی زستاندا لە خانووی پلاستیکی تەماتە بچێنێت، چونکە پێویستی بە ڕووناکی و گەرمیی تایبەت دەبێ، بۆ گەرمکردنی خانووەکەی لە شەو و ڕۆژێکدا پێویستی بە 60 – 70 لیتر گاز هەیە، حکومەتیش هیچ بڕە گازێک بە نرخی پاڵپشت ناداتە جووتیاران، بۆیە جووتیاران جگە لە وەرزی هاوین لە وەرزەکانی دیکە تەماتە ناچێنن".

ساڵی ڕابردوو ژمارەیەکی زۆر لە جووتیاران لە وەرزی هاویندا خەیاریان لە خانووە پلاستیکییەکاندا چاند، بەرهەمی خەیار هێندە زۆر بوو، کیلۆی 100 دیناری بۆ جووتیاران نەدەکرد، بۆیە زۆربەی جووتیاران ئەمساڵ ڕوویان لە چاندنی تەماتە کرد.

مەلا کامل داود دەڵێت ئەمساڵ نزیکەی 20%ی خانووەکانی بازیان بە تەماتە چێنراون، بەڵام بەهۆی زۆریی خستنەڕووی تەماتە و لێشاوی هاوردەی تەماتەی ئێرانی بۆ عێراق، ئەو 350 دیناری ڕەسمەی وەزارەتی کشتوکاڵ خستییە سەر تەماتەی هاوردەکراو سوودی نەبوو.

بڕیاری قەدەغەکردنی تەماتەی هاوردەکراو لە ڕۆژی 2019/9/1 کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە. مەلا کامل پێیوایە بڕیارێکی باشە، بەڵام درەنگە "چونکە بڕیارەکە لە کاتێکدا دەرچووە کە جووتیاران زەرەرەکەیان کردووە. ئێستاش بەرهەمی تەماتە ڕووی لە کەمییە، بۆیە ئەو بڕیارە ناتوانێ قەرەبووی زەرەری جووتیاران بکاتەوە".

دانا لوقمان، 28 خانووی پلاستیکی لە ناوچەی بازیان هەیە، ئەمساڵ لە نێو 13 خانوودا تەماتەی چاندووە، دەڵێت: "ئەمساڵ بەرهەمی تەماتە و نرخەکەی لە بەرژەوەندی جووتیاران نەبوو، بۆ نموونە ئەمساڵ لە کۆی بەرهەمی 11 خانووی پلاستیکی 2500 سندوق تەماتەی 15 کیلۆییم فرۆشتووە کە کۆی بەرهەمەکەی دەکاتە 37 تۆن و 500 کیلۆ، واتە هەر خانووێک نزیکەی 3 تۆن و 400 کیلۆ بەرهەمی هەبووە، زیاتر لە نیوەی ئەو بەرهەمەم کیلۆی بە 135 دینار فرۆشتووە، لەکاتێکدا هەر کیلۆیەک تێچووەکەی نزیکەی 270 دینار لەسەر خۆمان کەوتووە، بۆیە ئەمساڵ قازانجمان بۆ دووکاندار و کۆمپانیاکان بوو".

دانا لوقمان، ئەندازیاری کشتوکاڵییە و پێشتر لە دەرەوە بووە و لە 8 وڵاتی ئەورووپی کشتوکاڵی کردووە، دەڵێت: "زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا 10%ی بودجەی گشتی بۆ کشتوکاڵ تەرخان دەکەن، بۆیە ئەگەر بمانەوێت کشتوکاڵ پێشبکەوێت، دەبێت سەرەتا حکومەت بودجەی زیاتر بۆ کشتوکاڵ تەرخان بکات".

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ بەرهەمی ساڵی ڕابردووی تەماتە بەراورد بە ساڵی پێشتر 20.6% کەمی کردبوو، بەڵام پێشبینی دەکرێت ئەمساڵ زیاتر لە ساڵی ڕابردوو تەماتە چێنرابێت.

کەمال محەممەد، بەڕێوەبەری بەرهەمهێنانی سەوزە لە خانووی پلاستیکی دەڵێت: "نزیکەی 8%ی خانووە پلاستیکییەکان بە تەماتە دەچێنرێن، بۆ ئەوەی بڕی چاندنی تەماتە و بەرهەمەکانی دیکەی وەک باینجان و بیبەر و پاقلەمەنییەکان زیاد بکەین، بڕیارماندوە لە ساڵی داهاتووەوە پەین و دەرمانی قڕکەری کرم و مێرووە زیانبەخشەکان و نایلۆن بە پاڵپشتی 50% بدەینە ئەو جووتیارانەی ئەو بەرهەمانە دەچێنن. تاوەکو تێچووی بەرهەمهێنان لەسەریان کەم ببێتەوە و بتوانن لە نرخدا کێبڕکێی بەرهەمی هاوردە بکەن".

گوتیشی: "لە ڕێگەی چالاککردنی هەردوو کارگەی دۆشاوی تەماتەی هەریر و شارەزور، هەوڵ بۆ بەبازاڕکردنی تەماتە دەدەین".

> **وەزارەتی کشتوکاڵ بەڵێنی بە جووتیاران داوە پەین، دەرمانی قڕکەر و نایلۆنیان بۆ تەماتە بداتێ**

**بڕی تەماتەی بەکاربراو (بە تۆن) لە شەش ساڵی ڕابردوودا**

| ساڵ | خۆماڵی | هاوردە | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| 2013 | 84.537 | 98.372 | 182.909 |
| 2014 | 64.782 | 120.218 | 185.000 |
| 2015 | 60.772 | 122.232 | 183.004 |
| 2016 | 86.205 | 102.862 | 188.068 |
| 2017 | 83.107 | 87.086 | 170.193 |
| 2018 | 66.029 | 98.948 | 164.977 |

# مەترسیی سکاڵاکان لەسەر کەرتی وزەی هەرێمی کوردستان



بەهرۆز جەعفەر*



(فۆتۆ: رووداو)

ساڵی 1977 هێڵی بۆڕیی نەوتی کەرکووک – جەیهان (عێراق – تورکیا) لە مەراسیمێکدا لەلایەن تەها محێدین مەعروف، جێگری ئەوکاتی سەرۆکی عێراق و سولەیمان دێمیرێل، جێگری ئەوسای سەرۆکوەزیرانی تورکیا کرایەوە. ئەم هێڵە لە کەرکووکەوە تا جەیهان (کە دەکەوێتە باشووری تورکیا) درێژییەکەی 970 کیلۆمەترە. هێڵی نەوتی عێراق- تورکیا (ITP) بە یەکێک لە هێڵە هەستیار و ستراتیژییەکانی ناوچەکە دادەنرێ.

نەوت و غازی سروشتی، تەنیا کاڵایەکی ئابووری نین، بەڵکو کەرەستەی هاوپەیمانێتی ستراتیژی و تۆپیکی نێو پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانن. دروستبوونی ناکۆکی لە هێڵی نەوتی عێراق- تورکیادا بەبێ دەستوەردانی ئەمریکا نابێت، کاریگەری لەسەر کوتلەکانی وزەی دەریای ناوەڕاست و ئابووریی تورکیاش هەیە. جگە لەوەی کەمبوونەوەی رادەی پشتبەستنی ئەورووپا بە نەوت و غازی سروشتیی رووسیا، خواست لەسەر نەوتی هەرێمی کوردستان و کەرکووک زیاتر دەکات. چاوەڕوان دەکرێت گەورەترین مەترسی بەردەم کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان بریتی بێت لەو سکاڵایەی کە حکومەتی عێراق لە ساڵی 2014 وە لەسەر تورکیا لە دادگای نێوبژیوانیی نێودەوڵەتیی سەر بە ژووری بازرگانیی پاریس تۆماری کردووە، ئەنجامی ئەمەش هەرچییەک بێت کێشە بۆ فرۆشتنی نەوت لە هێڵی بۆڕیی کوردستان- تورکیا دروست دەکات، لەپاڵ ئەمانەدا چەند سکاڵایەکی نێودەوڵەتی و نێوخۆیی لەسەر دۆسیەی نەوتی هەرێمی کوردستان هەن، لەوانە:

### یەکەم: سکاڵای حکومەتی عێراق لە ژووری بازرگانیی پاریس.

دادگای نێوبژیوانی نێودەوڵەتی بۆ کاروبارە بازرگانییەکان لە پاریس یاخود (ژووری بازرگانیی پاریس) وەکو رێکخراوێکی جیهانی وایە بۆ نێوبژیوانی (التحكيم- Arbitration) لەو ناکۆکیانەی دروست دەبن. لەم چەمبەرەدا هەریەکە لە عێراق و تورکیاش ئەندامن. سکاڵاکە لەسەر ئەو بنەمایە کراوە کە تورکیا گرێبەست یان سەفقەیەکی لەگەڵ حکومەتی عێراق کردووە لە چوارچێوەی هێڵی کەرکووک- جەیهان بۆ فرۆشتنی نەوتی عێراق لەو رێگەیەوە، بەڵام رێککەوتنەکە پێشێل کراوە (تورکیا سەروەریی عێراقی پێشێل کردووە). بەبێ گوێدانە بەغدا مامەڵەیەکی دیکەی هاوشێوەی لەناو هەمان وڵاتدا لەگەڵ هەرێمی کوردستان کردووە و هێڵی بۆڕیی کوردستان- تورکیای کردووەتەوە،

> تورکیا و عێراق هەر کامیان لە سکاڵاکەی دادگای نێوبژیوانی نێودەوڵەتی براوە بن، هەرێمی کوردستان زەرەر دەکات

بۆیە وەزارەتی نەوتی عێراق لە ساڵی 2014 لە دادگای ناوبراودا سکاڵای لەسەر حکومەتی تورکیا تۆمار کرد. ئەمە لەکاتێکدا روویدا کە تورکیا لە دوای رووخانی رژێمی سەدام حوسێن لە ساڵی 2003، پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق باش نەبوو. سەرەتا کە نووری مالیکی بوو بە سەرۆکوەزیران، بەهۆی نزیکییەوە لە ئێران هیچ ئۆفەرێکی بە تورکیا نەدا. دواتریش کە حەیدەر عەبادی، بۆ ماوەی یەک خول (چوار ساڵ) بوو بە سەرۆکوەزیران، هەمان سیاسەتی لەگەڵ تورکیا دووبارە کردەوە. بە پێچەوانەوە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا لە ساڵی (2007 تا 2017) بەهێز بووە. لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە و لاوازبوونی سوپای عێراق لە بەرانبەر داعش، عێراق کۆنترۆڵی ئاسایش و سەربازی بەسەر زۆر ناوچەی باکووردا لەدەست دا. هەرێمی کوردستان مرخی لەوە خۆشکرد کە نەوتی کەرکووک بە هێڵی بۆڕی کوردستاندا بفرۆشێ، بۆیە لە ساڵی 2014 بێ گوێدانە حکومەتی عێراق، نەوتی کەرکووکی هەناردە کرد. عێراقیش هەمان ساڵ سکاڵای تۆمار کرد. دواتر کە لە دوای ریفراندۆمی سەربەخۆیی و 16ی ئۆکتۆبەری 2017 وە حکومەتی عێراق بە زەبری هێزی سەربازی کۆنترۆڵی کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووک و مووسڵی کردەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان 40%ی ئاستی هەناردەکردنی نەوتەکەی لەدەستدا، پاشان ناچار بوو بگەڕێتەوە بەغدا بۆ دانوستاندن. ئێستا جارێکی دیکە سکاڵاکە سەری هەڵداوەتەوە. لەگەڵ ئەوەی کەیسەکەی پاریس لایەنی سەرەکی تێیدا عێراق و تورکیایە، بەڵام لێکەوتەی راستەوخۆی لەسەر هەرێمی کوردستان دەبێ. وا چاوەڕوان دەکرێت عێراق داواکە بباتەوە، ئەوکاتە تورکیا ناچار بە جێبەجێکردنی مەرجەکانی حکومەتی عێراق دەبێت، واتە هێڵی وزەی کوردستان – جەیهانی تورکیا نامێنێ، عێراقیش چۆنی بووێ ئاوا مامەڵە بە هەناردە و فرۆشتنی نەوتی کوردستانەوە دەکات. خۆ ئەگەریش تورکیا داواکە بباتەوە، ئەوا هەرێمی کوردستان زیانی گەورەتر دەکات و دەیان هێندە دەستوەردانی تورکیا لە هەرێمی کوردستان زیاتر دەکات.

> لاوازترین خاڵی وزەی هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە هیچ لۆبییەکی نێوخۆیی و دەرەکی بۆ نەکراوە

### دووەم: فیدراڵیزم و سەربەخۆ فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان

سکاڵای دووەم، داوای یاسایی تۆمارکراوی دادگای فیدراڵی عێراقە لەسەر هەرێمی کوردستان کە بۆچی سەربەخۆیانە نەوتی فرۆشتووە، بەڵام لەبەرئەوەی لە سەرجەم دانیشتنەکانی دادگا لەسەر ئەو کەیسە نوێنەری هەرێمی کوردستان لە بەغدا ئامادە نەدەبوو، کاری دادگا رێڕەوی یاسایی خۆی وەرنەدەگرت، بەڵام دوای ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی، هەرێمی کوردستان بڕیاری دا نوێنەری ئامادەبێت. ئێمە لێرەدا بۆ ئەوەی بزانین کێ دەیباتەوە (هەولێر یان بەغدا) لەڕووی یاسایی و دەستوورییەوە چەند مەتریاڵێکمان لەبەردەستە، یەکێک لەوانە دەستووری عێراقە، ئینجا یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستان، بەڵام بەبێ ئەوەی لە شێوازی پێکهاتنی ئەو فیدراڵیەتە بگەین کە عێراقی دوای 2003ی لەسەر بنیاتنراوە، ناتوانین تەتەڵەی کەرتی نەوت بکەین لە رووی یاساییەوە. راستە لە عێراقدا زلهێزە ناوچەیی و جیهانییەکان کێشەکان یەکلایی دەکەنەوە، بەڵام لایەنە عەرەبییەکان زۆرجار بەهۆی لێزانی لە دەستوور و یاسا بۆشاییەکیان دۆزیوەتەوە، بۆیە پێویستە لەمە بگەین.

فیدراڵیزم، ئاماژەیە بۆ سیستەمی دەوڵەت کە لە چەند کانتۆن یان هەرێم یان ویلایەتێک پێکدێت و تێیدا سیستەمێکی فەرمانڕەوایی ئاڵۆز (مرکب) هەیە. پرسیارەکە ئەوەیە ئەم فیدراڵیەتە لە یاسای دەستووری و سیستەمە دەستوورییەکاندا چۆن پێکدێت و لە عێراق چۆن پێکهاتووە؟ سەرەتا فیدراڵی یەکێتییەکی ئارەزوومەندانەیە لە نێوان ویلایەت یان هەرێمەکاندا کە هەر هەرێم یان ناوچەیەک لەناو ئەو سیستەمەدا مافی پاراستنی کولتوور و زمان و ئاین و سامانی ژێرزەوی و سەرزەویی خۆی هەیە. پێکهێنانی فیدراڵیزم لەسەر دوو بنەما دەوەستێ، بنەمای یەکەمیان ئەوەیە، بۆ هەر هەرێمێک خۆبەڕێوەبەرێتی (حوكمی زاتی) یەک هەیە و، هەریەکەشیان دەکرێت سیستەمی یاسادانان و دەسەڵاتی جێبەجێکردن و قەزای سەربەخۆی هەبێت، بەڵام دواجار هەموو هەرێمەکان لەژێر یاسا یان دەستووری دەوڵەتی فیدراڵیدا کۆدەبنەوە. بنەمای دووەمیش کە فیدراڵیەتی لەسەر بنیات دەنرێ، ئەوەیە کە هەموو هەرێمەکانی دەوڵەتەکە لەناو خۆیاندا رێکدەکەون لەسەر ملکەچبوون بۆ یەک یاسا ئەویش یاسا و دەستووری دەوڵەتی فیدراڵە. لێرەدا لە هەردوو حاڵەتەکەدا، لە پەیوەند بە فرۆشتنی سەربەخۆیانەی نەوتی هەرێمی کوردستان، دەکرێت کورد بە هەردوو حاڵەتەکە رازی بێت، چونکە ماددەی 110 لە دەستووری عێراق دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵی لە نۆ خاڵدا دیاریکردووە، بە یەک وشەش باسی نەوت و غازی سروشتی یان وزە ناکات.

ئینجا بەپێی یاسای ژمارە (22) ی ساڵی (2007)ی تایبەت بە نەوت و غازی هەرێمی کوردستان- عێراق لە ماددەی (1) خاڵی (8) دا ئەنجوومەنی هەرێمی هەیە، ئەم ئەنجوومەنەش تایبەتە بە نەوت و غازی هەرێمی کوردستان کە پێکدێت لە سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی، وەزیری سامانە سروشتیەکان و وەزیری دارایی. لەهەمان یاسادا لە ماددەی (30) ئاماژە بە دەسەڵات و تواناکانی وەزیری سامانە سروشتییەکان کراوە لە رێگەپێدان و مۆڵەت و بەکارخستن و هەناردەکردن و هەر رێککەوتنێکی دیکە. بەپێی مۆڵەتەکە، رێگەپێدان چ گواستنەوە بێت یان هەناردەکردن یان نوێکردنەوە لە دەسەڵاتەکانی وەزیرە. بەڵام ئایا بەرپرسانی نەوت بەبێ بەرانبەر ئەمە بۆ کۆمپانیاکان دەکەن؟

### سێیەم: سکاڵای کۆمپانیای دیناستی پیترۆلیۆم

لە سکاڵای سێیەمی سەر حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کە کۆمپانیای دیناستی پیترۆلیۆم- Dynasty Petroleum لە 20ی ئۆگەستی 2019 لە دادگای شاهانەی لەندەن تۆماری کردووە، باسی ئەوە دەکرێ کە دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە لە هەرێمی کوردستان خراپ یاسای نەوت و غازیان بەکارهێناوە. بەپێی راپۆرتەکەی ماڵپەڕی ئۆیەڵ پرایس- Oil Price کە لە 21ی ئۆگەست بڵاوی کردووەتەوە، کۆمپانیای ناوبراو دوو کۆمپانیای هاوبەشی کوردیی هەبووە، بە بەکارهێنانی گۆڕینی دەسەڵات (کۆنترۆڵ)، دیناسیتی پیترۆلیۆم دوو کۆمپانیای دەرەکی دیکەی هێناوەتە

> گەورەترین مەترسی بەردەم کابینەی نوێ سکاڵایەکی عێراقە لە دادگای نێوبژیوانی نێودەوڵەتی لە دژی تورکیا

ناوەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەو گرێبەستەی لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان هەیەتی، بەڵام دواتر داوای پارەی نایاسایی Illegal Paymentیان لە کۆمپانیاکە کردووە بەڕێژەی 20% بۆ 30%. کۆمپانیاکەش ماوەی 21 رۆژی داناوە، ئەگەرنا داوای (1.5) ملیار دۆلار لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات. ئەم راپۆرتەی ئۆیەڵ پرایس تاڕادەیەک گوماناوییە، چونکە یەکەمجارە ئاژانسێکی وا باوەڕپێکراو لە چەندین شوێنی راپۆرتەکەدا دەستەواژەی "سەرچاوەیەکی نەزانراو" و "سەرچاوەیەکی تایبەت" بەکاربهێنێت، تاڕادەیەک ئەمە لە ئیشی لۆبیستەکان دەچێت کە بەپارە کەیسەکان دەجوڵێنن.

> ئەنجامی سکاڵاکەی ژووری بازرگانیی پاریس هەرچییەک بێ، کێشە بۆ نەوتی هەرێمی کوردستان دروست دەکات

### عێراق لە کوێوە نەوتەکەی هەناردە دەکات؟

هەناردەکردنی نەوتی عێراق لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە بەپێی پێگە و هەڵکەوتەی ئەم وڵاتە بیری لێکراوەتەوە، لە سییەکانەوە تا کۆتایی چلەکانی سەدەی بیست، هێڵی کەرکووک و مووسڵ بۆ- حەیفا لەکاردا بوو، دواتر کەنداو. لە ساڵی (1979) ئوردن و عێراق لە بەرنامەیاندا بوو لوولەیەک لە نێوان هەردوو وڵاتدا رابکێشن و رۆژانە یەک ملیۆن بەرمیل نەوت بە خاکی ئوردندا بگاتە دەریای سوور، بەڵام دواتر بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕی ئێران- عێراقەوە پرۆژەکە پەکیکەوت. لە ساڵی 2011 دیسان عێراق و ئوردن رێککەوتن کە رۆژانە (100) هەزار بەرمیل نەوت لە رێگەی راکێشانی بۆڕییەک لە شارۆچکەی حەدیسەی رۆژئاوای عێراقەوە تا بەندەری عەقەبە رەوانە بکەن. گفتوگۆکان بەردەوام بوون و چووە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام داعش هات و ئەم پرۆژەیەی لە رەگەوە هەڵکێشا. لە دوای ساڵی (2014)ەوە هێڵی نەوتی کەرکووک- جەیهان لەلایەن داعشەوە لە ناوچەی مووسڵ (کە بەناوچەی 20 کیلۆمەتری ناسراوە، تێکدرا). ئینجا وەزیری پێشووتری نەوتی عێراق، عەبدولکەریم لوعەیبی، لەگەڵ وەزیری نەوتی ئێران بیژەن زەنگەنە، رێککەوتن کە نەوتی کەرکووک و نەفتخانەی خانەقین بۆڕی ببەنە ئێران، لایەنە تەکنیکییەکانیشی لەناو کۆمپانیای نەوتی باکوور تەواو بوون، بەڵام بەهۆی رێگرییەکانی ئەمریکاوە ئەم پرۆژەیەش پەکیکەوت. ئینجا وەزارەتی نەوتی عێراق

> راپۆرتەکەی ئۆیڵ پرایس لەبارەی سکاڵاکەی کۆمپانیای دیناستی پێترۆلیۆم لەسەر وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، لە ئیشی لۆبیستەکان دەچێت

لە 2018 دا فەرمانی بە کۆمپانیای نەوتی باکوور کرد کە نەوتی کەرکووک بدەنە پاڵاوگەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان، پێشتر هەرچەندێکیان بۆچووە بکرێتە دوو هێندە تا پێداویستییە نێوخۆییەکانی پێ تەواو بکرێت. لە سەرەتای 2019دا دوای چەند سەردانێکی هەردوولا، حکومەتی ئوردن و عێراق رێککەوتن کە رۆژانە 10 هەزار بەرمیل بۆ ئوردن هەناردە بکرێت بە نرخێکی هەرزانتر لە بازاڕ.

لە 28ی ئۆگەستی 2019 دا وەزیری وزەی تورکیا فاتیح دونماز، سەردانی عێراقی کرد. لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانیی هاوبەشدا وەزیری نەوتی عێراق سامر غەزبان گوتی هێڵێکی نوێی گواستنەوەی نەوت لەگەڵ تورکیا دەکەینەوە، لەکاتێکدا ئەو هێڵەی ئەو باسی دەکات زیاتر لە ساڵ و نیوێکە لە جێبەجێکردندایە، ئەم هێڵە نوێیە بە تەنیشت هێڵە کۆنەکەوە رادەکێشرێت، سەرەتا لە K1 واتە لەناو کۆمپانیای نەوتی باکوورەوە پەمپ دەدرێ و دەچێتە K2 – پەمپێکی گەورەی پاڵێوەنەر لە بێجی، تا دەگاتە ناوچەی فەتحە K3. لەوێشەوە لەسەر سنووری پێشخابور وێستگەیەکی گەورەی پێوانەکردن دانراوە کە نەوتی کوردستان لە نەوتی عێراق جیا دەکاتەوە. لەودیویشەوە لەناو تورکیا شەش وێستگەی دیکەی پەمپدان هەن تا دەگاتە جەیهان، لە جەیهانیش تانکیی هەرێمی کوردستان بەجیایە و تانکی عێراقیش بەجیا، چونکە کواڵیتی نەوتەکەیان جیاوازە.

### ئەنجام

هێڵی بۆڕیی نەوتی کوردستان، تەنیا نەوتی کێڵگەکانی تەقتەق، شێخان و تاوکێ دەباتە خورمەڵە و لەوێشەوە هەتا زاخۆیە. عێراق گرفتی لەگەڵ بۆڕییەکە نییە. بەپێچەوانەوە، ئەی نەوتی هەرێمی کوردستان لەکوێوە هەناردە بکرێت؟ بەڵکو گرفت لە فرۆشتنەکەیدایە کە بەغدا پێیوایە دەبێت لە رێگەی ئەوەوە بێت، نەک هەرێم و تورکیا پێکەوە مامەڵە بکەن. هەرچی سکاڵا و ئاریشە یاساییەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی مەرکەزی بەغدایە چاوەڕوان دەکرێت پێش ئەوەی هەردوولا بچنە بەردەم دادگای فیدراڵی، پێشوەخت بە دانوستاندنی سیاسی لە نێوان خۆیان چارەسەرێکی بۆ بدۆزنەوە. یەکێکی دیکە لە هەرە خاڵە لاوازەکانی کەیسی نەوتی کوردستان ئەوەیە چونکە هەرێم دامەزراوەی نیشتیمانیی بەهێزی نییە، هیچ لۆبییەکی گرنگی نێوخۆیی و عێراقی و جیهانی بۆ نەکراوە و نیەتی. لەناو وەزارەت و کێڵگەکانەوە تا دەگاتە لیژنەکانی پەرلەمان و ناوەندەکانی توێژینەوەی تایبەت بە بوارەکە یان نین، یان هیچ تایبەتمەندییەکی بەهێزیان لەم سێکتەرەدا نییە. بۆیە لەناکاو دەبینی بە یەک راپۆرتی ئاژانسێکی وەک ئۆیەڵ- پرایس سێکتەری نەوتی هەرێم دەلەرزێ و رەنگە ئابووریی هەرێمیش تووشی داتەپین بکاتەوە و بیخاتە قاڵبی لێپرسینەوەی یاسایی و نێودەوڵەتییەوە. هەرێمی کوردستان بێ ئەندازە لەم بوارەدا کورتی هێناوە کە پێویستە کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم کاری وردی لەسەر بکات. دواجار هەرچییەک هەیە و نییە لە سەرانسەری عێراقدا بە پارەی نەوت دەڕواتە رێوە. کاتێک نەوت هەناردەکردنەکەی تووشی کێشە بێت، کەواتە کارەساتی جۆراوجۆر دروست دەبێت.

* سەرۆکی ئینستتیوتی مێدیترانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی. خوێندکاری دکتۆرا لە پەیوەندییە ئابوورییە نێودەوڵەتییەکان.

## ژنێکی کورد لە سوێد دەکوژرێ

**ڕووداو- سوێد**

هەفتەی ڕابردوو لە فینلاند پیاوێکی کورد بە تاوانی کوشتنی ژنەکەی سزادرا. لە هەمان کاتدا دوو ژن لە سوێد کوژران. یەکێک لەو ژنانە کە تەمەنی 30 ساڵ بووە لە شاری مالموێ کوژراوە. ئەوی دیکەشیان لە گەڕەکی ڤێلینگبی شاری ستۆکهۆڵم بووە. هەرچەندە پۆلیس بە پاساوی ئەوەی لێکۆڵینەوە تەواو نەبووە، هیچ زانیارییەکی بڵاونەکردووەتەوە، بەڵام بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) هەردوو ژنەکە کۆچبەرن و یەکێکیان کوردە. بەپێی زانیارییەکان، ژنەکەی مالموێ لەلایەن خزمەکانییەوە کوژراوە، هاوژینەکەشی کە لە کاتی ڕووداوەکە لەگەڵی بووە، سکاڵای تۆمارکردووە. ژنەکەی ستۆکهۆڵمیش دەگوترێ پەیوەندی بە دۆستی پێشوویەوە بووە و گوایە کوردە و خەڵکی باشووری کوردستانە.



ڕووداو
ژنان
ژمارە ( 568 ) - دووشەممە 2019/9/2

### نێچیرڤان بارزانی ناوی لێناوە ژیان

# بەغدا ناسنامە ناداتە کچێکی هەڵەبجەیی

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو — هەولێر**

سەرەتا کە گەڕایەوە کوردستان ناوی مریەم بوو، پاشان بووە ئامینە، ئینجا گەشاو و پاشان هاوناز، دواتر نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ناوی لێنا "ژیان"، بەڵام هیچکام لەو ناوانە لەسەر ناسنامەیەکی فەرمیی ئەو کچە هەڵەبجەیی نین.



ژیان کامەران یەکێکە لە منداڵە ونبووەکانی هەڵەبجە

### لە هەتیوخانەیەکی تارانەوە بۆ هەڵەبجە

ژیان کامەران، یەکێک لە منداڵە ونبووەکانی هەڵەبجە بەهۆی کیمیابارانەوە، چیرۆکی ژیانی دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "لەکاتی کیمیابارانی هەڵەبجە تەمەنم چوار پێنج مانگ بووە، منیان بردووەتە هەتیوخانەیەکی تاران. ژن و پیاوێکی فارس بەناوەکانی هۆشەنگ و فاتیمە، دوای مردنی کچە 13 ساڵانەکەیان بە ناوی مریەم، منیان لە هەتیوخانەکە وەرگرتووە و بەخێویان کردووم، هەر لەبەر ئەویش ناویان لێنابووم مریەم".

کاتێک مریەم گەورە دەبێ و دەزانێ منداڵی ئەو خێزانە نییە، بەدوای کەسوکارەکەیدا دەگەڕێ. وەک خۆی دەڵێ لە تاران حاجی ڕەحیم وەحیدی، سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی سەردەشتی ناسیوە و لە ڕێگەی ئەویشەوە لوقمان عەبدولقادر، سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی چەکی کیمیاویی هەڵەبجەی ناسیوە.

مریەم دەڵێت: "دەمویست لە ئێران پشکنینی DNA بکەم، بەڵام پارەم نەبوو، ویستم گورچیلەی خۆم بفرۆشم. خێزانێکی کوردی کامیارانم ناسی، نەیانهێشت گورچیلەم بفرۆشم، 42 ڕۆژ لەلای ئەوان بووم. دواتر لە 2015/5/3 هاتم بۆ ماڵی سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی چەکی کیمیاوی لە هەڵەبجە".

### "خێزانەکەم لە هەورامانە"

زیاتر لە 30 خێزان پێیانوابووە مریەم منداڵی ئەوانە و پشکنینی DNAیان کردووە، بەڵام خۆی یەکێک لەو خێزانانە لە هەموویان بە نزیکتر دەزانێت: "90% دڵنیام خێزانێک لە هەورامان کەسوکاری منن. دایک و باوکەکە لە کیمیابارانەکە شەهید بوون، ئێستا سێ خوشک و دوو برا ماون. لەیلا و ویدا و وەفا و شاکر و فاخیر. خوشکە ونبووەکەشیان کە پێموایە منم، ناوی حەنا بووە. پشکنینی DNAیەکەمان 96% لەیەکدی نزیکبوو. لە 13 خاڵ 11 خاڵیان لەگەڵ من یەکدەگرێتەوە. تەنانەت د. فەرهاد شێخ مارف بەرزنجی، ئەو پزیشکەی پشکنینی DNA ی بۆ کردین، گوتی بە شێوە و ڕوخسار و هەست و سۆزیش تۆ خوشکی ئەوانی".

> ## لە ماوەی سێ مانگدا شەش خێزانیان بۆ دۆزیمەوە

لە ماوەی سێ مانگدا شەش خێزانیان بۆ مریەم دۆزیوەتەوە و هیچیشیان خێزانە ڕاستەقینەکەی نەبوون. ئەو دەڵێ: "ڕۆژێک گوتیان تۆ ناوت ئامینەیە و کردیانم بە خوشکی کەسێک. دواتر گوتیان ببوورە ئەوە خوشکی تۆ نییە. ئینجا کردیانم بە زڕخوشکی دوو کەسی دیکە، دواتر گوتیان ببوورە تۆ خوشکی ئەوانیش نیت و کچی شەونمی، بە ئەویشیان گوت ببوورە هەڵەمان کرد و ئەو کچی تۆ نییە، ئینجا گوتیان گەشاوی. شەش جار پشکنینی DNA ی منیان گۆڕی".

ڕۆژی 2015/8/18 ڕۆژی شادبوونەوەی مریەم بە کەسوکارەکەی بوو، بەڵام دواتر شۆک دەبێت: "پێش ڕاگەیاندنی ئەوەی من کچی کێم، هێرۆخان پەیوەندی پێوەکردم و گوتی بڕیاری ئێمە وایە تۆ ئەمشەو بە دایکت شاد دەبییەوە، من شۆک بووم، وەک ئەوە وابوو خەو ببینم، ڕایانگەیاند کە گێلاس دایکی منە. هەر ئەو کاتە بەرهەم ساڵح پەیوەندی پێوەکردم و پیرۆزبایی لێکردم. گوتم من دایکم نییە، بەڵام ئەو گوتی هیچ مەڵێ و دوایی قسە دەکەین".

مریەم دەبێت بە هاوناز، دەبوو بە ناچاری لەگەڵ ژنێک کە دایکی نەبووە هەڵبکات: "لەکاتی کیمیابارانی هەڵەبجە هاوناز تەمەنی دوو ساڵ و نۆ مانگ بووە، منیش کەمتر لە شەش مانگ بوومە، بەڵام لەبەرئەوەی زۆر دەترسام دژی بڕیارەکە بوەستمەوە، هەوڵمدا خۆمیان لەگەڵ بگونجێنم، دوای چوار ڕۆژ وێنەکەیان نیشاندام، منداڵێکی چاو سەوزی قژ قاوەیی بوو، هیچی لە من نەدەچوو".

هەستی گێلاس بۆ هاوناز لە هەستی دایکێک نەچووە کە 27 ساڵ جگەرگۆشەکەی لێ دابڕابێ: "چەند جارێک پێمگوت بۆ ئەوەندە ساردی لەگەڵم، گوتی لەبەرئەوەی پەروەردەی دەستی خۆم نیت".

### لە هەولێر جێیدەهێڵن

هاوناز لەگەڵ گێلاس دەچێت بۆ پاوە، بەڵام

> ## ئەو خێزانەی بەناوی هاونازەوە منیان وەرگرت حاشیان لێکردم

لە مانگی 11ی 2015 گێلاس دەیهێنێتەوە بۆ هەولێر و تەسلیمی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی دەکاتەوە.

هاوناز دەڵێت نووسینگەی نێچیرڤان بارزانی بۆ دۆسیەکەی هاتنە سەرخەت و لە هەولێر شوێنی حەوانەوەیان بۆ دابین کرد. هاوناز گوتی "ئەو ژنە منی لە ماڵی برازایەکی خۆی دانا. دوای ئەوەی شوقەکەم وەرگرت، پەیوەندیم پێوەکرد، وەڵامی نەدایەوە. تەلەفۆنم بۆ خاڵۆژنم کرد و گوتی گێلاس ڕۆیشتووە بۆ سلێمانی، سەرم سوڕما لەوەی منی لە هەولێر بەتەنیا بەجێهێشت".

بە گوتەی هاوناز، گێلاس حاشای لێکردووە: "بڕیار بوو لە 2016/3/16 من و گێلاس بچین بۆ هەڵەبجە و دواتر بچینە ماڵی ئەوان لە پاوە، بەڵام گێلاس نەهات، گوتیان دایکە ئێرانییەکەت بۆ نەورۆز لێرە دەبێت بۆیە نەهاتووین، تۆش وەرە بۆ پاوە. منیش بۆ ئەوەی دایکە فارسەکەم هەست بە هیچ نەکات، بۆ نەورۆز چوومە پاوە و لەگەڵیان بووم، بڕیار وابوو هەموویان دوای نەورۆز بێن بۆ هەولێر لەگەڵم، بەڵام گێلاس پێیگوتم تۆ باوکت نییە، وا حیساب بکە لە ئەمڕۆوە دایکیشت نییە. ئێستا تۆ نە هاونازی نە مریەمی، بڕۆوە بۆ هەولێر و هەرچی دەکەی خۆت ئازادی. من تووشی شۆک ببووم و هیچم بۆ نەدەگوترا، بۆیە گەڕامەوە هەولێر".

گێلاس دوو جار شووی کردبوو، لە مێردی یەکەمی هاوناز و کوڕێکی هەبووە. هاوناز مردووە و کوڕەکەشی لە هۆڵەندا بووە، بۆیە براکەی کاتێک ئەو کچە هەڵەبجەییەی بینیبوو، گوتبووی ئەوە هاوناز نییە و لە دادگای سلێمانی سکاڵای لەسەر تۆمار کربوو، دوای ساڵ و نیوێک کەیسەکە لە دادگا یەکلایی بووەوە. هاوناز دەڵێت "هەمان ئەو دادوەرەی ناسنامەی هاونازی دا بە من، دوای سێ ساڵ بڕیارەکەی خۆی ڕەتکردەوە و ناسنامەکە لێسەندمەوە".

### نامە بۆ نێچیرڤان بارزانی دەنێرێ

نێچیرڤان بارزانی ناو لە مریەم دەنێت ژیان. مریەم لەوبارەیەوە دەڵێ: "کە گەڕامەوە هەولێر نامەیەکم بۆ نێچیرڤان بارزانی نووسی، پێمگوت بێجگە لە تۆ هیچ کەسێکم نییە، داوام کرد ناوێکم لێبنێ و چیدی بەناوی مردووەکان بانگم نەکەن. گوتم خۆت دایک و باوکم بۆ هەڵبژێرە، ئەو گوتی حەزدەکەی ببە بە کچی خێزانی ئێمە، بەڵام گوتم نامەوێ چونکە من هەڵەبجەییم و بارزانی نیم، ناوی ئێوەش زۆر گەورەیە بۆ من".

مریەم دەڵێت: "ڕۆژی 2018/5/29 چووم بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، نێچیرڤان بارزانی منی بینی و بانگی کردم، گوتی ژیان وەرە بۆ لام، منی لەباوەش گرت و گوتی زۆرت بەسەرهاتووە و هەمووی لەلای من بەجێبێڵە و دەست بە ژیانی تازە بکە، لەمەودوا تۆ ناوت ژیانە و باوکت کامەرانە بۆ ئەوەی بە کامەرانی بژی. ناوی دایکیشت کوردستانە، چونکە کوردستان دایکی هەموومانە، با مێژووی لەدایکبوونیشت 9/21 بێت کە هەمان ڕۆژی لەدایکبوونی منە".

### بەغدا ناسنامەی ناداتێ

ڕۆژی 2019/1/20 لە هەولێر بڕیاری دادگا دەرچوو کە ناسنامە بدرێتە ژیان، بەڵام ژیان دەڵێت "بەغدا ڕازی نەبووە هیچ ناسنامە و ڕەگەزنامەیەکم بداتێ. پێموایە دەستێک هەیە لە بەغدا کە ڕێگری لەوە دەکەن من لەسەر دەستی نێچیرڤان بارزانی ببمە خاوەنی ناسنامە و ڕەگەزنامە. من کچی ئەم کوردستانەم، بەڵام ناسنامەیەکم پێ ڕەوا نابینن".

> ## نێچیرڤان بارزانی پێیگوتم ببە ئەندامێکی خێزانەکەی ئێمە
> ژیان کامەران

سەبارەت بە دۆسیەی ژیان کامەران، لوقمان عەبدولقادر، سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە زانیاریی نوێ ئاشکرا دەکات و دەڵێت: "د.فەرهاد سەرکەوتوو نەبوو لە پشکنینەکانی DNA بۆ مریەم، چونکە هەر ڕۆژە و خێزانێکی دەهێنایە ماڵی ئێمە و دەیگوت لەوان نزیکە".

گوتیشی: "ئێمە چووین بۆ پارێزگای هەڵەبجە، داوامانکرد بەئامادەبوونی هەمووکەناڵە میدیاییەکان ڕابگەیەنرێ کە مریەم کچی کێیە، بەڵام کەناڵی کوردسات گوتیان دەبێت تەنیا ئێمە لەوێ بین، بۆیە بە نیگەرانییەوە پارێزگای هەڵەبجەمان بەجێهێشت و چووین بۆ لای هێرۆخان لە سلێمانی".

لوقمان عەبدولقادر ڕەتیکردەوە کە ئەوە هاوناز بووبێ و گوتی: "مامێکی هاوناز پەیوەندی بە منەوە کرد و گوتی ئەوە هاوناز نییە، چونکە هاوناز مردووە و لە گۆڕستانی بەهەشتی زەهرا نێژراوە. چووین بۆ لای د.فەرهاد و بابەتەکەمان لەگەڵ باس کرد، بەڵام ئەو تووڕە بوو قسەی ناشیرینی کرد، منیش ئارامم کردەوە، ڕێکەوتین کە ڕاینەگەیەنین، بەڵام هەر هەمان ڕۆژ ڕاگەیەندرا کە مریەم، هاونازە".

لەبارەی نەبوونی ناسنامەی ژیانیش، سەرۆکی کۆمەڵەکە دەڵێ: "ئێستا کەیسەکە بووە بە کێشەیەک لەنێوان وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان و عێراق کە چۆن ناسنامە و ڕەگەزنامەی عێراقی بدەن بەو کچە، چونکە بێجگە لەو بەڵگەیەی لە فەرمانگەی منداڵە بێسەرپەرشتەکانی ئێران هێناویەتی و لەوێدا نووسراوە کە ئەمە منداڵی هەڵەبجەیە، هیچ بەڵگەیەکی فەرمی نییە".



کەسوکارەکەی دەڵێن لە دوای سووتانی مێردەکەی، پڕوپاگەندەی زۆر بۆ کچەکەیان کرا

# لە دوای سووتانی مێردەکەی، ئەویش خۆی دەسووتێنێ

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- قەڵادزێ**

مەنیج زۆر لە ناوەکەی ناڕازی بوو کردی بە مەرجان، بەڵام ژیان ئەو مەرجانە نەبوو کە ئەو بەدوایدا گەڕا. تەمەنی گەنجێتی بە هەژاری بەسەربرد و کە شوویشی کرد هەر هەژار بوو، هەر بە هەژاریش سەری نایەوە.

شەوی 2019/8/27 ژنێکی تەمەن 36 ساڵ بەناوی مەنیج عەبدوڵڵا ڕەسوڵ، لە ماڵی باوکی لە گەڕەکی هەنارۆکی قەڵادزێ، نەوتی بەخۆیدا کرد و ئاگری لە خۆی بەردا، ڕۆژی دواتر لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی گیانی دەرچوو.

ژیانی مەنیج پڕ بووە لە کێشە، کێشەکانیش ئەوکاتە زیاتر بوون کە هاوژینەکەی لەدەستدا. سنوور ئەحمەد کە پووری مەنیجە و لە پرسەکەیدا دانیشتبوو، گوتی: "مەنیج لە ماڵی باوکیدا کێشەیەکی ئەوتۆی نەبوو، تەنیا ئەوە بوو باری داراییان باش نەبوو".

سنوور دەڵێت کاتێک مەنیج شووی کرد هیچ کێشەیەکی نەبوو، تا ئەو کاتەی هاوژینەکەی لە ڕووداوێکی تەمومژاویدا سووتا و مرد، ئیدی ژیانی مەنیج کاول بوو.

سنوور گوتی: "دوای سووتانی مێردەکەی، مەنیج هاتەوە ماڵی باوکی، لەوێ باری دەروونی تێکچوو، چەندینجار بردمانە لای پزیشک، بەڵام سوودی لە دەرمانەکان نەدەبینی، بەشێوەیەکی کاتی چاک دەبوو، دواتر وەکو خۆی لێدەهاتەوە، پاشان بردمان بۆ لای مەلا و شێخ، بەڵام ئەوانیش دەردی مەنیجیان پێ چارەسەر نەکرا".

سنوور پێیوایە خوشکەزاکەی بەهۆی ئەو پڕوپاگەندانەی لەدوای لەدەستدانی مێردەکەی بەدوایدا کران، تووشی نەخۆشیی دەروونی بوو "کە مێردەکەی سووتا پڕوپاگەندەی زۆریان بۆ کرد، هەندێکیان دەیانگوت مێردەکەی لە داخی مەرجان خۆی سووتاندووە. هەندێکی دیکە دەیانگوت مەرجان بۆ خۆی هاوژینەکەی خۆی سووتاندووە. پۆلیس دەستگیری کرد، نزیکەی ساڵێک لە زیندان بوو، بەڵام هیچی لەسەر ساغ نەبووەوە، بۆیە ئازادکرا و گەڕایەوە لای دایکی". سنوور گوتیشی: "مەنیج لە داخی ئەو پڕوپاگەندانە چەند جارێک هەڕەشەی خۆسووتاندنی کرد".

بەناز قادر کە براژنی مەنیجە، پێشوازی لە میوانەکانی پرسەکەی دەکرد، قسەکانی پووری مەنیج پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێت: "مەنیج تووشی نەخۆشیی دەروونی بووبوو، پێشتریش دووجار هەوڵی خۆلەناوبردنی دابوو، جارێکیان لە ماڵی خەسووی نەوتی بەخۆیدا کرد و ویستبووی خۆی بسووتێنێ، بەڵام ئەوان نەیانهێشتبوو. جارێکی دیکەش لە ماڵی باوکی".

هەروەها دەڵێت: "شەوێکیان ویستبووی ڕەیحانی خوشکی (کە کەمئەندامە) لە خەودا بخنکێنێ، بەڵام دایکی فریای کەوتبوو".

بە بڕوای بەناز، مەنیج زۆرتر بەهۆی قسە و قسەڵۆکی خەڵک تێکچووە "زۆر بیری لە قسەی خەڵک دەکردەوە و بەو دەنگۆیانە زۆر نیگەران بوو کە دەیانگوت تۆ هاوسەرەکەت سووتاندووە".

بەناز باسی ئەو شەوە دەکات کە مەنیج خۆی سووتاند و دەڵێت: "ئەو شەوە تەنیا دایکی و خوشکەکەی لە ماڵەوە بوون. نەوتی بەخۆیدا کردووە و ئاگری لە خۆی بەرداوە، بە پەلە گەیەنرابووە نەخۆشخانەی قەڵادزێ، لەوێ بەڕێکرا بۆ سلێمانی".

بەناز کە لە نەخۆشخانە لەگەڵ مەنیجدا بووە، دەڵێت بەر لەوەی گیانی دەربچێ، چەند جارێک لەلای ئەو گوتوویەتی پەشیمانە لە خۆسووتاندن.

سەرچاوەیەکی نزیک لە بنەماڵەی هاوسەری مەنیج کە لە پرسەکە دانیشتبوو، گوتی: "ساڵی 2009 مەنیج شووی بە کوڕە ئامۆزایەکی خۆی کرد، ساڵێک پێکەوە بوون، بەڵام لە پڕ شەوێک بوو بە هات و هاوار، گوتیان هاوژینی مەنیج لە نێو جێگەکەیدا سووتاوە. لەسەر ئەو ڕووداوە داوا لەسەر مەنیج تۆمار کرا و پۆلیس مەنیجی دەستگیرکرد. دۆسیەکە هێشتا یەکلایی نەبووبووەوە، پۆلیس مەنیجی ئازاد کرد".

ئەو سەرچاوەیە گوتیشی: "گومان هەبوو کە مەنیج دەستی لە ڕووداوەکەدا هەبێ، چونکە هاوژینەکەی لەسەر جێگا سووتابوو، هەر بۆیەش خەڵک پێیانوابوو دەستێک لە پشت ئەو ڕووداوە هەیە، زۆرتریش باسی مەنیج دەکرا، مەنیجیش زۆر خەمی بەو قسانە دەخوارد، سێ ساڵ لەمەوبەر تووشی نەخۆشیی دەروونی بوو".

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین، لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا لە دەڤەری پشدەر و بیتوێن دوو ژن کوژراون، چوار ژن خۆیان سووتاندووە، شەش ژن سووتان و دوو ژنیش بە مەبەستی خۆکوشتن دەرمانیان خواردووە.

ڕائید شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین، سەبارەت بە خۆسووتاندنی ئەو ئافرەتە بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەو ئافرەتە خۆی سووتاندووە، کەس سکاڵای نەبووە بۆیە کەس نەگیراوە، بەڵام پۆلیس دۆسیەی بۆ کردووەتەوە و دەرکەوتووە نەخۆشیی دەروونی هەبووە".

گوتیشی: "ئەو ئافرەتە پێشتر بە تۆمەتی سووتانی هاوژینەکەی دەستگیرکرابوو، دواتر لە شەڵتەر دانرا، بەڵام تۆمەتەکەی بەسەردا ساغ نەبووەوە و ئازاد کرا".

یوسف عومەر، پسپۆڕی دەروونی لەوبارەوە دەڵێ، هەر کەسێک تووشی ڕەشبینی و بێهیوایی و نەخۆشیی دەروونی بێت، بەدوور نازانرێ پەنا بۆ خۆلەناوبردن ببات.

یوسف عومەر دەڵێت: "بە گوێرەی توێژینەوەکان 90%ی ئەوانەی هەوڵی خۆکوشتن دەدەن، پێشتر کێشەیان هەبووە، 42%یان نەخۆشیی دەروونییان هەیە، لە نێو نەخۆشییە دەروونییەکاندا خەمۆکیی توند هۆکارە بۆ پەلکێشکردنی تاک بۆ خۆکوشتن، 50%ی ئەوانەی خۆیان دەکوژن، خەمۆکیی توندیان هەیە".

ئەو شارەزایەی بواری دەروونی دەڵێت هەر خێزانێک هەستی کرد تاکێکی خێزانەکەی باری دەروونی جێگیر نییە، پێویستە بە زووترین کات بیبات بۆ لای پزیشکی دەروونی. جگە لەوەش لە ماڵەوە ژینگەیەکی گونجاو و دوور لە ژاوەژاو و کێشەی بۆ دابین بکەن، بۆ ئەوەی دەروونی ئارام بێت.



## لە چەمچەماڵ کەسێک کوژرا و یەکێکیش بریندارکرا

**ڕووداو- هەولێر**

ڕۆژی 2019/8/31 لە ناحیەی شۆڕشی قەزای چەمچەماڵ، کەسێک دەسترێژی گوللەی لە دوو کەس کرد. بەپێی زانیارییەکان یەکێکیان کوژراوە و ئەوەی دیکەشیان بریندار بووە. ئەیوب حەمە غەریب، جێگری بەڕێوەبەری تەندروستی چەمچەماڵ ڕایگەیاند: "تەرمی گەنجێک و بریندارێکیان گەیاندە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی چەمچەماڵ کە دەسترێژی گوللەیان لێکراوە، یەکێکیان تەمەنی 22 ساڵە و ئەوەی دیکەشیان 20 ساڵە، بەگوتەی ئەوانەی لەگەڵیشیان بوون، کەسێک دەسترێژی گوللەی لێکردوون". دوای ڕووداوەکە دەزگا ئەمنییەکانی چەمچەماڵ دەستیان بە لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە کردووە، بەڵام تاوەکو ئێستا هۆکاری ڕووداوەکە نەزاندراوە.

# ئەفسەرێکی ئاسایش خۆی دەکوژێ



موشتاق لەنێو بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی هەولێر خۆی کوشت

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو- هەولێر**

ڕائید موشتاق، سەعات 10ی بەیانی بە تەلەفۆنی دائیرەکەی پەیوەندی بە هاوژینەکەیەوە دەکات و دەڵێت مۆبایلەکەم داخراوە، هەر ئیشێکتان هەبوو، پەیوەندی بەم ژمارەیەوە بکەن، بەڵام سەعات چواری ئێوارە کەسێک تەلەفۆن بۆ هاوژینەکەی دەکات و دەڵێت: "موشتاق خۆی کوشتووە".

سەعات چواری ئێوارەی ڕۆژی 2019/8/25 کارمەندێکی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر بەناوی موشتاق خدر، تەمەن 49 ساڵ کە پلەکەی ڕائید بوو، لە ژووری بەڕێوەبەرەکەیدا و بە چەکی ئەو، خۆی دەکوژێت.

(ڕووداو) پەیوەندی بە بەشی ڕاگەیاندنی ئاسایشی هەولێرەوە کرد، بەڵام بەهۆی ئەوەی هێشتا لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە تەواو نەبووە، ئامادە نەبوون قسە بکەن.

ئەمیرە محەممەد، نزیکترین کەسی موشتاقە، بەڵام دەڵێت موشتاق بەشێک لە ژیانی خۆی بە شاراوەیی هێشتبووەوە و بۆی باس نەدەکرد. ئەمیرە لەو بەیانییەوە دەستپێدەکات کە دوایینجار موشتاقی بینیوە و دەڵێت: "ئەو بەیانییە کە بەئاگا هاتین، وەکو ڕۆژانی پێشوو نانی بەیانیمان پێکەوە خوارد، موشتاق خۆی گۆڕی و سەعات 8:30 خولەک ڕۆیشت بۆ دەوام".

سەعات 10 موشتاق پەیوەندی بە هاوژینەکەیەوە دەکات و دەڵێت مۆبایلەکەم داخراوە، هەر کارێکتان هەبوو، پەیوەندی بەم ژمارەیەوە بکەن. ئەمیرە دەڵێت: "سەعات یەک هەر بەو ژمارەیە پەیوەندی پێوەکردمەوە، گوتی ئەمڕۆ مووچە هاتووە، دوای سەعات سێ دێمەوە، بەڵام بوو بە سەعات چوار هەر نەگەڕایەوە".

دوای سەعات چوار و نیو تەلەفۆنێک بۆ ئەمیرە دێت، بەڵام ئەمجارەیان موشتاق نەبوو، بەڵکو هەواڵدەری مەرگی موشتاق بوو.

بە گوتەی ئەمیرە، ئەو چەکەی کە موشتاق خۆی پێکوشتووە، هی بەڕێوەبەرەکەی بووە "چونکە موشتاق نزیکەی چوار مانگ بوو چەکی نەمابوو، لێمان پرسی چی لە چەکەکەی کردووە، بەڵام بۆی باس نەدەکرین".

ئەمیرە دەڵێت موشتاق کەسێکی نهێنیپارێز بوو، تەنانەت بەبێ ئەوەی ئەو پێی بزانێ، ژنی دووەمی هێنابوو. ئەمیرە گوتی: "ژنەکەی بە نهێنی لە پردێ مارەکردبوو، دوای شەش مانگ ئینجا بۆی باسکردم، سەرەتا تووڕە بووم، بەڵام دواتر پێمگوت بەو مەرجە قبووڵی دەکەم کە بە هیچ شێوەیەک ئەو ژنە نەیەتە ئەم ماڵە. ئەویش ڕازی بوو".

موشتاق دوای ئەوەی منداڵێکی لە ژنی دووەمی دەبێ، داوا لە ئەمیرە دەکات بیهێنێتە ماڵەوە بۆ ئەوەی خوشک و براکانی بیناسن، ئەویش ڕازی بووە.

بە گوتەی ئەمیرە، دوو ساڵ پێش ئێستا کێشە کەوتووەتە نێوان موشتاق و ژنی دووەمی، ئیدی بڕیار دەدەن جیاببنەوە. ئەمیرە گوتی: "لە موشتاقم نەپرسی بۆ جیادەبیتەوە، چونکە هیچ شتێکی بە من نەدەگوت، بەڵام دوایینجار شەش مانگ بەر لە ئێستا گوتی دۆسیەکەمان هێشتا لە دادگایە".

ئەحمەد کە کوڕی گەورەی موشتاقە، پێیوایە خۆکوشتنی باوکی بەهۆی ئەوە بووە کە قەرزدار بووە. ئەحمەد گوتی: "ساڵێک و شەش مانگ پێش ئێستا باوکم دوو ئۆتۆمبێلی بە قیست کڕی، هەردوو ئۆتۆمبێلەکە بایی 50 هەزار دۆلار بوون، بەڵام لەبەر ئەوەی بە قیست بوون، بە 70 هەزار دۆلار کڕیبوونی. باوکم دوو ئۆتۆمبێلەکەی فرۆشتەوە و ئەو خانووەی پێ دروست کرد کە ئێستا تێیداین".

بە گوتەی ئەحمەد، بەهۆی ئەوەی موشتاق نەیتوانیبوو قیستی ئۆتۆمبێلەکان بدات، کۆمپانیاکە دەستی بەسەر خانووەکەدا گرت و خانووەکەیان لەدەست چوو. ئەحمەد گوتی: "خۆشییەکەمان زۆری نەخایاند. ئەو خانووەی باوکم دروستی کرد، ئێستا بەکرێ تێیداین".

بە گوتەی ئەحمەد، باوکی هیچ کێشەیەکی نەبووە، بە تایبەتی ئەو ڕۆژانەی دوایی زۆر باش دیار بووە، زۆربەی کات لەگەڵ ژن و منداڵەکانی بووە.

نەبەز خدر، شەوی پێشتر کە ئاهەنگی گواستنەوەی کچەکەی موشتاق بووە، قسەی لەگەڵ براکەی کردووە و باسی هیچ کێشەیەکی نەکردووە. نەبەز دەڵێت موشتاق پێش ئەوەی خۆی بکوژێ، تەلەفۆنی بۆ کردووە، بەڵام نەبەز ئاگای لە تەلەفۆنەکەی نەبووە.

کەسوکاری موشتاق دەڵێن تاکە کێشە کە پێیانوایە هاندەر بووبێ بۆ خۆکوشتنی موشتاق، تەنیا لەدەستدانی خانووەکەی بووە کە پێدەچوو زۆر خەمی لێ خواردبێ.

# گەنجێکی 18 ساڵان خۆی دەسووتێنێ

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو — هەولێر**

هیمداد لەتیف چوار مانگ لەمەوبەر هەوڵی خۆکوشتنی دا و هەوڵەکەی سەری نەگرت، بەڵام هەفتەی ڕابردوو بەشێوەیەکی تراژیدی کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا، دوای ئەوەی لەسەر باڵەخانەیەک ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا و خۆی فڕێدایە خوارەوە.

ڕۆژی 2019/8/24 گەنجێکی تەمەن 18 ساڵ بەناوی هیمداد لەتیف، دانیشتووی قەزای خەبات، لەسەر باڵەخانەیەکی هەشت نهۆمی لە گەڕەکی ڕاستیی شاری هەولێر، ئاگری لە خۆی بەردا و پاشان خۆی فڕێدایە خوارەوە، بە گوتەی شایەتحاڵەکان، دەمودەست گیانی دەرچووبوو.

ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "هاووڵاتییەک ئاگاداری کردینەوە کە کەسێک لە باڵەخانەکەی تەنیشت ماڵەکەی خۆی فڕێداوەتە خوارەوە. پۆلیس گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە و تەرمەکەیان نارد بۆ پشکنین".

بە گوتەی ڕائید هۆگر، گەنجەکە تەمەنی 18 ساڵ بووە، چوار مانگ لەمەوبەر جارێکی دیکەش ویستبووی خۆی لەسەر باڵەخانەیەک فڕێبداتە خوارەوە، بەڵام چەند کەسێک فریای کەوتبوون و نەیانهێشتبوو. ئەوکات گەنجەکە گوتبووی هیچ کێشەیەکی نییە تەنیا لە ژیانی خۆی بێزارە.

پۆلیس قسەی لەگەڵ چەند شایەتحاڵێکی ڕووداوەکە کردووە، ئەوان گوتوویانە گەنجەکە پاش ئەوەی ئاگری لە خۆی بەرداوە، خۆیشی لە باڵەخانەکە فڕێداوەتە خوارەوە. ڕائید هۆگر دەڵێت: "90%ی جەستەی گەنجەکە سووتابوو". گوتیشی: "بە ماوەیەکی کەم پاش ڕووداوەکە توانیمان کەسوکاری بدۆزینەوە، چونکە دایکی گەنجەکە لە بنکەیەکی پۆلیس سکاڵای تۆمار کردبوو کە کوڕەکەی ونبووە، کاتێک لە نەخۆشخانە تەرمەکەی بینی، یەکسەر ناسییەوە".

هیمداد دوای خۆسووتاندنی کەوتبووە حەوشەی ماڵێکەوە، خاوەنی ماڵەکە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت: "سەعات 11:30 خولەک بوو، هەر هێندەمان زانی پارچە ئاگرێک کەوتە حەوشە، ڕامانکرد بینیمان کەسێکە دەسووتێ، هاوژینەکەم ڕایکرد بەتانییەکی هێنا و منیش بەتانییەکەم تەڕ کرد و ئاگرەکەم کوژاندەوە، دواتر پۆلیسم ئاگادار کردەوە".

هیمداد دوو ساڵ لەمەوبەر وازی لە خوێندن هێنابوو، تاوەکو ئەو ڕۆژەی خۆشی سووتاند لە عەلوەی هەولێر کرێکار بوو. سەرحەد فەرحان کە خاڵی هیمدادە، دەڵێت هیمداد برا بچووکی سێ برایان بوو، باوکی لە ژیاندا نەماوە. قەناعەتی بە دایکی هێنابوو کە ڕێگەی پێبدات واز لە خوێندن بێنێ و کار بکات.

خاڵی هیمداد گوتی خوشکەزاکەی کەسێکی کاسب بووە، هەموو بەیانییەک لە قەزای خەباتەوە هاتووەتە عەلوەی هەولێر بۆ کارکردن. تاوەکو چوار مانگ لەمەوبەریش هیچ کێشەیەکی نەبووە "چوار مانگ لەمەوبەر ویستبووی لەسەر باڵەخانەیەک خۆی فڕێبداتە خوارەوە، بەڵام کەسێک فریای کەوتبوو، پاشان پۆلیسی ئاگادار کردبووەوە".

کاتێک کەسوکاری هیمداد بەوە دەزانن کە کوڕەکەیان هەوڵی خۆکوشتنی داوە، ماوەیەک ڕێگە نادەن کار بکات. کاتێکیش لێیان پرسیوە بۆچی دەتویست خۆت بکوژی، هیمداد گوتبووی "هیچ کێشەیەکم نییە، تەنیا لە ژیان بێزارم".

دایکی پێیگوتبوو هەرچییەکت دەوێت بۆت دەکەم، تەنیا جەرگم مەسووتێنە. خاڵی هیمدادیش دەڵێت: "باری دارایی ماڵی خوشکەکەم زۆر باش بوو، خانووی خۆیان هەبوو، خانوویەکیشیان بەکرێ دابوو، بۆیە لەو باوەڕەدا نیم، هیمداد بەهۆی خراپیی باری ئابوورییەوە خۆی سووتاندبێ".

مانگێک دوای یەکەم هەوڵی خۆکوشتنی، هیمداد داوا لە دایکی دەکات ڕێگەی پێ بدات بچێتەوە سەر کارەکەی، بەڵێنی پێدەدات کارێکی وا نەکات دڵی دایکی لێی بڕەنجێ.

سەرحەد فەرحان دەڵێت، دوای ئەوەی دایکی زانی کە کوڕەکەی باش بووە، بەوی گوتووە کە هیمداد داوای کردووە بچێتەوە سەر کارەکەی "منیش پێمگوت ڕێگەی بدە، بەڵام ئاگات لێبێ، ئیدی هیمداد گەڕایەوە سەر کارەکەی".

هیمداد دوو ڕۆژ پێش ئەوەی کۆتایی بە ژیانی خۆی بێنێ، لە ماڵ چووبووە دەرەوە و مۆبایلەکەشی لەگەڵ خۆی نەبردبوو، دایکی دڵی زۆر لەلای بوو، بۆیە لە هەولێر لە بنکەیەکی پۆلیس سکاڵای تۆمار کردبوو، لەو کاتەدا پۆلیس پێیانگوتبوو کە تەرمێکیان دۆزیوەتەوە، کاتێک دەچێت سەیری تەرمەکە دەکات دەبینێت کوڕەکەی ئەوە.

سەبارەت بە هۆکاری خۆسووتاندنی هیمداد، سەرحەد دەڵێت: "هەندێک زانیاریمان هەیە، گوایە هیمداد لە شوێنی کارەکەی لەگەڵ چەند کەسێک بەشەڕ هاتووە، نازانین لەبەر ئەوان خۆی سووتاندووە، یان لە ژیانی خۆی بێزار بووە".



هیمداد چوار مانگ لەمەوبەریش هەوڵی خۆکوشتنی دابوو

# کاروان لە ئاوارەییدا خۆی کوشت

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

پێدەچێ کاروان مەبەستی بووبێ هۆکاری مردنەکەی هەر بە نەزانراوی بمێنێتەوە، چونکە دوای خۆی هەموو ئەو شتانەی لەنێوبردوون کە دەکرا پۆلیس یان کەسوکارەکەی بەهۆیەوە بزانن بۆچی خۆی کوشتووە؟ ئێستا کەسوکارەکەی عەودالی وەڵامی ئەو پرسیارەن.

ڕۆژی 2019/8/21 گەنجێکی تەمەن 24 ساڵ بەناوی کاروان ڕۆکان کە ئاوارەی کەرکووک بوو، لەسەربانی ماڵەکەیان لە قەزای بنەسڵاوە، بە گوللەیەک کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

خێزانەکەی کاروان دانیشتووی گوندی عەلی سەرای سەر بە قەزای داقووقن، لە دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەری 2017 ئاوارە بوون و لە قەزای بنەسڵاوە دادەنیشن.

ڕۆکان خاسیار، تەمەن 53 ساڵ کە باوکی کاروانە و خاوەنی پێنج کوڕ و حەوت کچە لە دوو ژن، بە (ڕووداو)ی گوت: "کوڕەکەم تا بڵێی گەنجێکی بە ڕەوشت و قسەخۆش بوو. قوتابی شەشی ئامادەیی بوو، بەهۆی کوردبوونمان لە شازدەی ئۆکتۆبەر ئاوارە بووین و منداڵەکانم لە خوێندن دابڕان". کاتێک ئاوارە بوون، کاروان نەچووەوە قوتابخانە، بەڵکو دەستی بە کاری بۆیاغ و دیکۆری خانوو کرد.

باوکی کاروان دوایین دیدار و قسەکانی خۆی و کوڕەکەی دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "سەعات یەکی شەو بوو گەڕامەوە ماڵەوە، بینیم کاروان لەبەر دەرگا جگەرە دەکێشێ، پێمگوت کوڕم کات درەنگە با بچینە ماڵەوە، چووینە ژوورەوە، گەلێک سوعبەت و قسەی خۆشمان کرد، پاشان چووە نهۆمی سەرەوە بۆ ئەوەی بخەوێ، بەڵام بەیانی لەگەڵ قیژە و هاواری دایکی بە ئاگا هاتین و بینیمان کاروان خۆی کوشتووە".

باوکی کاروان دەڵێت هەوڵی زۆریان داوە بۆ ئەوەی سەرەداوێکیان دەستبکەوێ، تاوەکو بزانن کوڕەکەیان بۆچی خۆی کوشتووە، بەڵام هیچیان دەستنەکەوتووە. ڕۆکان گوتی: "کاروان پێش خۆکوشتنی سێ سیمکارتی شکاندووە، نازانم بۆچی شکاندوونی، تەنیا یەک ژمارەی لەلای من بوو، فەیسبووکەکەشی سڕیوەتەوە. ئامێری مۆبایلەکەشی فڕێداوەتە نێو ئاو".

گوتیشی: "هاوڕێکانی دەڵێن کاروان کچێکی خۆشویستووە، کچەکە وازی لێ هێناوە بەڵام ئێمە نازانین ئەوە ڕاستە یان نا، چونکە هیچ شتێکی لەلای ئێمە باس نەکردووە".

سدیقە مەجید کە دایکی کاروانە، یەکەم کەس بووە چووەتە سەر تەرمی کوڕەکەی. سدیقە گوتی: "سەعات شەشی بەیانی بەئاگا هاتم، بینیم کاروان بە ئاگایە، لێمپرسی ئەوە نەخەوتووی؟ گوتی: دایکە خەوم نەدەهات، کەمێکی دیکە دەخەوم".

سدیقە چوو بوو بۆ چێشتخانە نانی بەیانی ئامادە بکات، دوای ئەوەی نانی بەیانی ئامادە کردبوو بانگی کاروانی کردبوو نانەکەی بخوات، بەڵام وەڵامی نەدابووەوە.

سدیقە دەڵێت :"کاتێک نانم حازر دەکرد، بینیم کاروان لە نێو ماڵەکەدا دەگەڕێ، پاشان چوو بۆ سەربان، من هەستم بە هیچ شتێکی نامۆ نەکرد، تەنیا گوێم لە تەپەیەک بوو، وامزانی کاروانە و خۆی لە کەلوپەلی سەربان داوە. کە نان ئامادەبوو بانگم کرد، بەڵام وەڵامی نەدایەوە. چوومە سەربان، خوایە ئەوەی من بینیم دوژمنەکەشم نەیبینێ، کاروان خوێنی لەبەر دەڕۆیشت، بە چەکی براکەی کە کارمەندی ئاسایشە خۆی کوشتبوو".

ملازم سەعید کە ئامۆزای کاروانە، سەبارەت بە خۆکوشتنی کاروان دەڵێت ڕاستە دەنگۆیەک هەیە کە ئەو لەبەر کچێک خۆی کوشتووە، بەڵام ئێمە لەوە دڵنیانین.

ماڵی باوکی کاروان ئێستا خانووەکەیان جێهێشتووە و چوونەتە گەڕەکێکی دیکە.

کاتێک باسی حاڵەتی خۆکوشتنی ئەو گەنجەمان بۆ تەها حوسێن والی، پسپۆڕی دەروونی لە سلێمانی کرد، ئەو گوتی: "ئێستا زۆر لە گەنجان بەهۆی یاری ئەلیکترۆنی، یان بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ناخەون. زۆربەی نەخۆشییە دەروونییەکانیش لە حاڵەتی بێخەوی دەردەکەون. هەر نەخۆشێک کە دێتە لامان پرسیاری کاتی خەوتن و ماوەی خەوتنەکەی لێدەکەین، پێویستە پێش یازدەی شەو بخەوین، چونکە یازدە بۆ دووی شەو تایبەتە بە ڕێکخستنی هۆڕمۆنی پشوودان و نەمانی گرفتە دەروونییەکان، ئەگەر بەردەوام نەخەوین، ئەوە تووشی خەمۆکی و تووڕەیی و چەندین نیشانەی دیکەی نەخۆشیی دەروونی دەبین".

هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر لەبارەی ئەو ڕووداوە ڕایگەیاند: "کاژێر حەوت و نیوی بەیانی ڕۆژی 21ی ئاب، پۆلیسی بنکەی بنەسڵاوە لە حاڵەتێکی خۆکوشتن ئاگادار کرانەوە، دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوت گەنجێکی تەمەن 24 ساڵ بەناوی کاروان ڕۆکان خاسیار، بە چەکی کلاشینکۆف خۆی کوشتووە، پۆلیس پەڕاوی لێکۆڵینەوەی بۆ ڕووداوەکە کردووەتەوە، بۆ ئەوەی بزانێ هۆکاری خۆکوشتنی ئەو گەنجە چی بووە".



کاروان پێش ئەوەی خۆی بکوژێ، سیمکارتەکانی شکاندبوو

# ئەرکە ئابوورییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان

سیپان شێروانی*

حکومەت گرنگترین دامەزراوەیە کە بەدرێژایی مێژوو ڕۆڵی لە ژیانی مرۆڤدا هەبووە. لە هەزاران ساڵ لەمەوبەرەوە مرۆڤ پێویستی بە دامەزراوەیەکی باڵادەست هەبووە تا ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ڕێکبخات و ئارامیی ناوخۆیی و پاراستنی لە مەترسی دەرەکی بۆ دەستەبەر بکات. ئەرک و دەسەڵاتی حکومەتەکان بەدرێژایی مێژوو گۆڕانی بەسەردا هاتووە، هەندێک حکومەت هی هاووڵاتیان بوون و هەندێکیش دژی هاووڵاتی. لە سایەی حکومەتی هاووڵاتی و دیموکراسیدا، ژیانی خەڵک خۆشتر بووە و بەرژەوەندییەکانیان پارێزراو بووە. کاتێکیش حکومەت بەرەو دیکتاتۆری دەڕوات، ژیانی خەڵک دەکەوێتە مەترسییەوە. لەو حاڵەتانەشدا حکومەتەکان ڕووبەڕووی ناڕەزایی دەبنەوە و ڕەنگە زۆر جاریش بە خەبات و شۆڕشی چەکداری بگات، بەڵام هیچکات هیچ کەسێک نکۆڵی لە زەروورەتی حکومەت نەکردووە و کەسیش وێنای کۆمەڵگایەکی بێ حکومەت ناکات.

ئەگەر دیدگای زانایانی بواری ئابووری لەبارەی ئەرکی ئابووریی حکومەت بخەینە سەر یەک هێڵ، دەبینین لەلای ڕاستەوە کارڵ مینگێر هەیە کە پێیوایە نابێت هیچ دەستێوەردانی حکومەت لە بازاڕدا هەبێت تا بازاڕی ئازاد بێتە کایەوە. لەلای چەپیشەوە کارڵ مارکس هەیە کە پێیوایە دەبێت تەواوی بڕیارەکان مەرکەزی و لەلایەن حکومەتەوە بێت و نابێت بازاڕی ئازاد هەبێت. لە ناوەڕاستیش هەریەکە لە میلتۆن فریدمان و جۆن ماینەر کینز هەن. فریدمان پێیوایە لە چەند بوارێکی کەمدا نەبێت، نابێت حکومەت دەست لە بازاڕ وەربدات، بەڵام کینز پێیوایە دەبێت حکومەت هاوسەنگی و بەگەڕخستنی تەواو لە بازاڕدا دروست بکات.

ئەرکی ئابووریی حکومەت لە وڵاتانی باکووری ئەورووپادا لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردووەوە لە بیردۆزی کینزییەوە نزیکن و پاڵپشتی لە بازاڕێکی ئازاد و خاوەندارییی تاکەکەسی دەکەن و حکومەتیش تاڕادەیەک دەست لە کاروباری ئابووریی وەردەدات و لەلایەک هاوسەنگی دروست دەکات، لەولاش ئیدارەی ئەو کەرت و پڕۆژانە دەکات کە هەستیارن یان پێویستیان بە سەرمایەی زۆر هەیە و لە توانای کەرتی تایبەتدا نییە، بەشێوازێکی وردیش چاودێریی بازاڕ و کەرتی تایبەت دەکات. بە گشتی دەتوانین بڵێین ئەو حکومەتانە نە سەرمایەدارین و نە سۆسیالیستین، بەڵکو بە حکومەتی خۆشگوزەرانی (welfare government)ناسراون کە ئەرکی حکومەتە ژیانێکی شەرەفمەندانە بۆ هاووڵاتیان دەستەبەر بکات، هەژاری و بێکاری

> **ئابووریی هەرێمی کوردستان لە بیردۆزی جۆن ماینەرد کینزەوە نزیکە**

کەم بکاتەوە و خزمەتگوزارییە گشتییەکانی وەک ئاو و کارەبا و ڕێگاوبان و پەروەردە و تەندروستی بۆ هاووڵاتیان دابین بکات، هەم سنوورێک بۆ هەژاری و هەمیش سنوورێک بۆ دەوڵەمەندەکان دابنێت و لە ڕێگەی وەرگرتنی باجیشەوە پارەی پێویست بۆ حکومەت دەستەبەر دەکات.

حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لە ساڵانی ڕابردوودا هەمان فەلسەفەی ئەو وڵاتانە یان بە شێوازێکی دیکە بڵێین تیۆری ئابووریی کینزی پەیڕەو کردووە. پەرەی بە بازاڕی ئازاد و خاوەندارێتی تایبەتی و کەرتی تایبەت داوە. لەولاش چەند کەرتێکی گرنگ و خزمەتگوزاری لەژێردەستی حکومەتن، بەڵام ئەوەی کە ئەرکی ئابووریی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە حکومەتی وڵاتە ئەورووپییەکان جیادەکاتەوە، چۆنێتی جێبەجێکردنی ئەم فەلسەفە ئابوورییەیە. ئەو کەرتە تایبەتەی کە هەبووە کەموکورتی تێدابووە و لێهاتوو نەبووە، دەستوەردان لە بازاڕدا هەبووە و فەرهەنگێک دروستبووە کە هەر کەسێک بەرپرسی حکومی بێت، بازرگانیشە، بەڵام هەرچی بازرگانە بەرپرسی حکومی نییە، بەمەش بازاڕ ئازادی لەدەست دەدات و چەمکی ڕکابەری لاواز دەبێ کە کرۆکی بازاڕی ئازادە، چونکە بازرگانە ڕەسەنەکان نەیانتوانیوە ڕکابەری بازرگانە بەرپرسەکان بکەن. نەبوونی ڕکابەری وایکردووە زۆر لە پڕۆژەکانی کەرتی تایبەتی کەموکورتییان تێدابێت و "لێهاتوویی" لە ئاستێکی نزمدابێت. ئەمە لە کاتێکدایە کە لێهاتوویی لە سەرەکیترین ئامانجەکانی بە تایبەتیکردنە. لەلایەکی دیکەش زۆر لەو پڕۆژانەی کە لە کەرتی گشتی جێبەجێ دەکرێن، کەموکورتی و بەهەدەردانیان تێدایە و ڕەنگە پێویستیان بە بەتایبەتیکردن هەبێت.

وێڕای دەستکەوت و پێشکەوتنەکانی کابینەکانی دیکەی حکومەت لە بواری ئابووریدا، دەبێ ئەرکی ئابووریی حکومەت لە داهاتوودا کەمکردنەوەی کەموکوڕییەکان بێت. بانکی مەرکەزی کە سیاسەتی نەختینەیی وڵات دادەڕێژێ و یەکێک لە ئامرازەکانی بەردەستی حکومەتە بۆ دەستوەردان لە ئابووری، بەڵام حکومەت ئەو ئامرازەی نییە، بۆیە دەبێ پەنا بۆ ئامرازی دووەم ببات، ئەویش سیاسەتی

> **کەرتی تایبەت کەموکوڕی هەیە، دەستوەردان لە بازاڕ هەبووە و فەرهەنگێک دروستبووە هەرکەسێک بەرپرسی حکومی بێت، بازرگانیشە**

داراییە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەبێت هەوڵبدات بازاڕێکی ئازادی تەواو دەستەبەر بکات، کە تێیدا هەم ڕکابەری هەبێت، هەمیش ڕێ لە بەرپرسان بگرێ و نەهێڵێ ببنە بەشێک لە ڕکابەرییەکە تاوەکو بەرژەوەندی گشتی و تاکەکەسی دژی یەک نەوەستنەوە. دامەزراوەکان لەژێر چاودێریی حکومەتدا ڕکابەری بکەن و لێهاتوویی و بەگەڕخستن بەرز بکەنەوە و نرخی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان دابەزێنن، پاڵپشتی بەرهەمە ناوخۆییەکان بکرێت بە شێوازێک کە زیادکردنی باجی گومرکی و کۆمەکەکان کاریگەری نەرێنی لەسەر لێهاتوویی نەبێت و بەرهەمی خراپی ناوخۆیی جێگەی بەرهەمی کواڵیتی بەرزی هاوردەکراو نەگرێتەوە.

ئەمە بۆ ماوەی درێژخایەن ڕێژەی بێکاری بۆ نزمترین ئاست دابەزێنێ، ئەویش لە ڕێگەی گرنگیدان بە کەرتی تایبەت، نەک دامەزراندنی لە ڕابەدەر لە کەرتی گشتی کە لەلایەک بەرهەمی نابێ، لەلایەکی تریش داهاتێکی زۆری گشتی بۆ مووچە دەبێت. ئەرکی حکومەتە کە زەمینەیەکی لەبار بڕەخسێنێ کە تێیدا وەبەرهێنان و بەرهەمهێنان پێشبکەوێت لە ڕێگەی زامنکردنی ئاسایش و هاوسەنگ هێشتنەوەی باری ئابووری و دوورخستنەوەی لە هەڵبەز و دابەز، نەهێشتنی قۆرخکاری و دابینکردنی ژێرخانی پێویست لە ڕێگەوبان، ئاو، کارەبا و ئینتەرنێت، لەسەرووی هەمووشیانەوە پاراستنی مافی خاوەندارێتی داهێنەر و وەبەرهێنەران. حکومەتی هەرێم تەنیا ئەو پڕۆژانە جێبەجێ بکات کە لە توانای کەرتی تایبەتدا نەبن یان هەستیار بن، پڕۆژەکانی تر و کەرتەکانی تر باشتر وایە بە تایبەتی بکرێن و کەرتی تایبەتی لەژێر چاودێریی چڕی حکومەتدا بن. ڕکابەرییەکی

> **باشتر وایە حکومەت زۆربەی سێکتەرەکان بداتە دەست کەرتی تایبەت**

تەواو بە باشترین شێوە لە نێوان کەرتەکاندا بەڕێوەببات. یەکێکی دیکە لە ئەرکەکانی حکومەت ئەوەیە کە وەبەرهێنانی بیانی و ناوخۆیی هانبدات و یاسایەکی گونجاوی بۆ دابنێ. بە جۆرێک بێت وەبەرهێنەران زۆرتر بۆ کارکردن لەو کەرتانە هان بدرێن کە ستراتیژین و گەشەی ئابووری هەرێمی کوردستان بەرزدەکەنەوە و هەلی کاری زۆر دەڕەخسێنن.

لە کۆتاییدا حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆرترین کاریگەری بەسەر ئابوورییەوە هەیە و بۆ ئەوەی بەشێوازێکی سەردەمییانە و سەرکەوتووانە ڕۆڵی لە ئابووریدا هەبێت، باشتر وایە زۆرترین کەرتەکان بکات بە کەرتی تایبەتی، بەمەرجێک سیفەتەکانی کەرتی تایبەتی بەپێی تیۆرییەکان بێت و ئامانجە سەرەکییەکانی کەرتی تایبەت دەستەبەر بکات، لەلایەکی دیکەش حکومەت چاودێرێکی لێهاتوو و دادگەر بێت بەسەر کەرتی تایبەتەوە کە بە قازانج و بەرژەوەندیی گەشەی ئابووریی و ئاسوودەیی هاووڵاتیان بشکێتەوە.

* مامۆستای زانکۆ

# شەڕی بازرگانی و دابەزاندنی سوودی بانکی نرخی زێڕیان بەرز کردەوە

کاردۆ کەمال

لەگەڵ خاوبوونەوەی گەشەی ئابووریی جیهان لە ماوەی سێ مانگی ڕابردوودا، نرخی زێڕ بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبووەوە. لە سەرەتای مانگی حوزەیرانەوە تاوەکو 26ی ئاب نرخی یەک ئۆنسە زێڕ توانی لە 1280 دۆلارەوە بۆ 1544 بەرز ببێتەوە، بەمشێوەیەش نرخی یەک کیلۆ زێڕ لە 40،960 دۆلارەوە بۆ 49،408 دۆلار بەرزبووەوە.

بۆ ئەوەی لە ئاراستەی داهاتووی نرخی زێڕ تێبگەین، دەبێت لە نهێنی ئەو دوو فاکتەرە سەرەکییە تێبگەین کە نرخی زێڕیان بەرز کردەوە، ئەوانیش:

**یەکەم: شەڕی بازرگانیی نێوان ئەمریکا و چین.**

هەفتەی ڕابردوو واشنتن بە بەهای 550 ملیار دۆلار پێناسی گومرگی بەسەر هاوردەکردنی کاڵا لە چینەوە سەپاند، ئەمە لەکاتێکدا بوو چەند کاژێرێک بەر لە بڕیارەکەی واشنتن، پەکین بە بەهای 75 ملیار دۆلار پێناسی گومرگی بەسەر هاوردەکردنی کاڵا لە ئەمریکاوە سەپاند.

پەرەسەندنی شەڕی بازرگانیی نێوان هەردوو زەبەلاحترین ئابووریی جیهان کاریگەری نەرێنی لەسەر لاوازبوونی گەشەی ئابووری دروست دەکات، ئەمەش کاریگەری لەسەر سێکتەرەکانی ئابووری دەبێت و دابەزینی بازاڕی پشکەکانی لێدەکەوێتەوە، لەهەمانکاتدا دەبێتە هۆکاری کەمبوونەوەی خواست لەسەر نەوت و زیادبوونی خواست لەسەر زێڕ.

پەرەسەندنی شەڕی بازرگانی بووەتە هۆکاری ئەوەی بانکە ناوەندییەکان و بانکی فیدراڵی ئەمریکا ناچار بکات پلان بۆ دابەزاندنی سوودی بانکی دابنێن کە بە فاکتەری دووەم دادەنرێت بۆ بەرزبوونەوەی نرخی زێڕ. چونکە بە دابەزاندنی سوودی بانکی بەهای دراوی وڵات دادەبەزێت، ئەمەش پاڵپشتی کەرتی هەناردەکاری دەکات و وڵاتان دەتوانن بە نرخێکی هەرزانتر کاڵاکانیان هەناردە بکەن .

گۆڕینی ئاراستەی سیاسەتی نەختی لەلایەن بانکی فیدراڵی ئەمریکاوە بووە هۆکاری ئەوەی کە هەریەکە لە بانکی ناوەندی ئوستراڵیا و نیوزیلەنداش سوودی بانکی دابەزێنن، بۆ ئەوەی ئابووریی وڵاتەکانیان لە داکشان بپارێزن.

لە ماوەی ڕابردوودا بانکی فیدراڵی بەبڕی 25 خاڵی سەرەکی سوودی بانکی دابەزاند، ئەمەش دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ئەمریکای تووڕە کرد. ترەمپ داوا دەکات بانکی فیدراڵی بەڕێژەی 1% سوودی بانکی دابەزێنێ، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی دابەزینی بەهای دۆلاری ئەمریکی بتوانێت شەڕی بازرگانی لەگەڵ چین بکات و لەهەمانکاتدا کورتهێنانی بودجە کەمبکاتەوە و خەرجییە سەربازییەکان زیاد بکات.

لەماوەی دوو هەفتەی ڕابردوودا شەڕی بازرگانیی نێوان چین و ئەمریکا پێی نایە قۆناغێکی نوێوە، ئەمەش ترسێکی زۆری لە بازاڕە داراییەکاندا دروستکرد. یەک بەرمیل نەوتی خاوی تێکساس بۆ 52.96 دۆلار دابەزی و نرخی یەک ئۆنسە زێڕیش بۆ 1554 دۆلار بەرزبووەوە.

ترەمپ داوای لە کۆمپانیا ئەمریکییەکان کرد کۆتایی بە کارەکانیان لەگەڵ چین بهێنن، بەڵام هەر یەک ڕۆژ دوای داواکارییەکەی، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا ڕایگەیاند کە لایەنی چینی داوای گەڕانەوەی کردووە بۆ سەر مێزی گفتوگۆ، ئەمەش بەرزبوونەوەی نرخی زێڕی لە 1554 دۆلاردا ڕاگرت.

لەلایەکی دیکەوە بەرزبوونەوەی داهاتی سەر قەواڵەکانی ئەمریکا بە یەکێک لەو ئاماژانە دادەنرێت کە گوزارشت لە مەترسییەکی زۆر دەکات و ئەگەری هەیە ڕووبەڕووی ئابووریی جیهان بێتەوە.

ئەم چارتەی خوارەوە پێمان دەڵێت کە خواستی وەبەرهێنان لەسەر قەواڵەکانی ئەمریکا (تەمەن 10 ساڵ) زیاترە لەو قەواڵانەی کە تەمەنیان 2 ساڵە، ئەمەش گوزارشت لەو مەترسیانە دەکات کە ئەگەری هەیە لە ماوەی دوو ساڵی داهاتوودا ڕووبەڕووی ئابووریی جیهان ببێتەوە، هەر بۆیە وەبەرهێنەران دەیانەوێت لەسەر ئاستی درێژخایەن وەبەرهێنان بکەن نەک کورتخایەن.

شارەزایانی ئابووری پێیانوایە کە پێچەوانەبوونەوەی داهاتی سەر قەواڵە داراییەکانی ئەمریکا گوزارشت لە ڕوودانی داکشان دەکات لە ئابووریدا، ئەمەش بووەتە هۆکارێکی سەرەکی کە بەشێک لە بازرگانان و وەبەرهێنەران سەرمایەکانیان لەو ئاسپاردانەی داهاتێکی بەرزیان هەیە، بگۆڕنەوە بەو ئاسپاردانەی کە تایبەتمەندی سەلامەتی لە خۆدەگرن وەک زێڕ و یەنی ژاپۆنی و فرەنکی سویسری و قەواڵە داراییەکانی ئەمریکا.

لەلایەکی دیکەوە بەشێک لە شارەزایانی بازاڕە داراییەکان پێیانوایە لە ماوەیەکەوە بۆ ماوەیەکی دیکە، ڕەوشی بازاڕی زێڕ گۆڕانی بەسەردا دێت، پەرەسەندنی شەڕی بازرگانی و دابەزاندنی سوودی بانکی لەلایەن بانکە ناوەندی و فیدراڵییەکانەوە ئێستا بووەتە هۆکاری بەرزبوونەوەی نرخی زێڕ، بەڵام ئەگەریش هەیە لەگەڵ هێمنبوونەوەی ڕەوشی شەڕی بازرگانی، هەروەها دانوستاندن لە نێوان چین و ئەمریکا، نرخی زێڕ جارێکی دیکە بۆ خوار ئاستەکانی 1500 دۆلار دابەزێتەوە، چونکە هێشتا خستنەڕوویەکی زۆری زێڕ لە بازاڕدا هەیە، ئەمە جگە لە بازاڕی ڕەشی ئەم کانزایە کە پەرەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە.

بەپێی دوایین ڕاپۆرتی ئاژانسی ڕۆیتەرز سەبارەت بە بازاڕی زێڕ، ساڵانە بە بەهای ملیاران دۆلار زێڕ لە زامبیا و غانا و تەنزانیاوە بە قاچاخ دەبرێتە ئیمارات و لەوێشەوە هەناردەی بازاڕەکانی ئەورووپا دەکرێت، بەم شێوەیەش هیچ باجێک لەسەر ئەو زێڕە وەرناگیرێت کە لە ئەفریقاوە بە قاچاخ دەبرێتە ئیمارات.

بۆیە لەلایەن دەستەکانی چاودێری داراییەوە گومان لەسەر ئەو بڕە زێڕە دروستبووە کە لە ئەفریقاوە هەناردەی ئیمارات دەکرێت، ئەمەش بووەتە هۆکاری ئەوەی لەماوەی ڕابردوودا چەند کۆمپانیایەکی بواری دەرهێنان و چاککردنی زێڕ مامەڵە لەگەڵ ئیمارات ڕەتبکەنەوە، بەمشێوەیەش زۆربوونی خستنەڕووی زێڕ لە بازاڕی ڕەشدا کاریگەری لەسەر دابەزینی نرخەکەی دەبێت لە داهاتوودا.

لەلایەکی دیکەوە بەپێی ڕاپۆرتێکی سندووقی (سپایدەر گۆڵد) کە خاوەنی زۆرترین پشکی زێڕە لەجیهاندا، بەرزبوونەوەی بەهای دراوی ئەلیکترۆنی بیتکۆین، بەرزبوونەوەی نرخی زێڕ سنووردار دەکات.

ئەگەرچی دراوی ئەلیکترۆنی بیتکۆین توانی ببێتە جێگرەوەی دراوی کاغەزی لە هەریەکە لە وڵاتانی ڤەنزوێلا و زیمبابوێ، بەڵام لە وڵاتانی پێشکەوتووی وەک ئەمریکا و ژاپۆن و کۆریا یاسای بۆ دەردەکرێت و هەوڵ دەدرێت تێکەڵاوی سیستمی دارایی وڵاتەکانیان بکەن بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی یاسا و بەشێوەیەکی ڕێکخراو و تەواو سەلامەت بازرگانان بتوانن مامەڵەی پێوە بکەن، ئەم هەنگاوانەش لە کۆتاییدا دەبێتە هۆکاری سنووردارلبوونی بەرزبوونەوەی بەهای دراوە ئەلیکترۆنییەکان و بەرزبوونەوەی نرخی زێڕ.

لەماوەی ڕابردوودا زۆربەی ئەندامانی پەرلەمانی ڕۆمانیا دەنگیان بەوەدا کە دەبێت ئەو 61 تۆن زێڕەی ڕۆمانیا لە ئینگلتەرا هەڵیگرتووە، بگەڕێتەوە نێو ڕۆمانیا بۆ ئەوەی ئینگلتەرا بەکاری نەهێنێ بۆ چارەسەرکردنی کێشە داراییەکانی. هەروەها بانکی ناوەندی ئەورووپا ترسی لە ئیتاڵیا هەیە ئەو زێڕەی کە وەک یەدەگ هەیەتی، بەکاری بهێنێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی خۆی.

ئەمە جگە لەوەی بانکی ناوەندیی هیندوستان (RBI) هەمان سیاسەتی بانکی ناوەندیی چین و ڕووسیا پەیڕەو دەکات لە کڕینی زێڕدا. بانکی ناوەندیی هیندوستان پلانی هەیە لەمساڵدا 1.5 ملیۆن ئۆنسە زێڕ بکڕێت کە دەکاتە 746.7 تۆن .

بەپێی ئامارەکانی سندوقی نەختی نێودەوڵەتیش، بانکی میللیی چین هاوشێوەی ڕووسیا کڕینی زێڕی لە مانگی دیسەمبەری ڕابردووەوە زیاد کردووە.

لەلایەکی دیکەوە چاکسازی لە هەیکەلی ئابووریی هیندستان و چین، خواست لەسەر زێڕ زیاد دەکات. بەوپێیەی کە ئەو دوو وڵاتە 70%ی خواستی جیهان لەسەر زێڕ پێکدەهێنن.

سەبارەت بە نرخی زێڕ لە قۆناغی داهاتوودا، پێشبینی دەکرێت لەئەگەری بەردەوامبوونی شەڕی بازرگانی نێوان ئەمریکا و چین و بەردەوامبوونی دابەزاندنی سوودی بانکی لەلایەن بانکی فیدراڵی ئەمریکاوە، ئەوا نرخی زێڕ بەردەوامبێت لە بەرزبوونەوە و بگاتە ئاستەکانی 1600 دۆلار، پاشان 1700 دۆلا بۆ هەر ئۆنسێک.

بەڵام لە حاڵەتی ڕاگرتنی شەڕی بازرگانی، ئەوا نرخی زێڕ لە قۆناغی داهاتوو لە نێوان ئاستەکانی 1470 دۆلار بۆ 1550 دۆلار بۆ هەر ئۆنسێک جێگیر دەبێت.

*** شارەزای بازاڕە داراییەکان لە کۆمپانیای Varinfx**




کێرڤی قەواڵەکانی گەنجینەی ئەمریکا



# نیشانەکانی کەمیی ڤیتامین C

**ڕوودا و- برایت سایت**

ڤیتامین C یەکێکە لە ڤیتامینە پێویستەکان کە ڕۆڵێکی گرنگ لە تەندروست هێشتنەوەی جەستەدا دەبینێ، دەبێت ڕۆژانە بڕی پێویست لەم ڤیتامینە وەربگیرێت، چونکە کەمیی ئەم ڤیتامینە چەندین گرفت دروستدەکات. نیشانەکانی کەمیی ڤیتامین C بریتین لە:

### - هەوڵئاوسانی پووک:

خوێنبەربوون و هەڵئاوسانی پووک یەکێکە لە نیشانەکانی کەمیی ڤیتامین C، بۆیە پزیشکان دەڵێن ڕۆژانە دەبێت خانمان 75 میلیگرام و پیاوان 90 میلیگرام لەم ڤیتامینە وەرگرن بۆ ئەوەی دەم و ددانیان تەندروست بێت.

### - هەڵوەرینی قژ:

دووکەرتبوون و هەڵوەرینی قژ یەکێکی دیکەیە لە نیشانەکانی کەمیی ئەم ڤیتامینە، بەر لەوەی پارەیەکی زۆر بۆ ڕێگە چارەسەرییە ناپێویستەکان بۆ ئەم گرفتە خەرج بکەیت، دەبێت هەوڵبدەیت ڕۆژانە ڤیتامین C وەربگریت، بڕۆکلی و کیوی دوو میوەی دەوڵەمەندن بەم ڤیتامینە.

### - ئازاری جومگەکان

ڤیتامین C دژە ئۆکسێنێکی بەهێزە، کەمیی ئەم ڤیتامینە دەبێتە هۆی هەوکردن لە جەستەدا کە ئازاری درێژخایەنی جومگەکانی لێدەکەوێتەوە، ئازاری بەردەوامی جومگەکانیش یەکێکە لە نیشانە بەربڵاوەکانی کەمیی ئەم ڤیتامینە.

### - زیادبوونی کێش:

ئەگەر بەبێ هیچ هۆکارێک کێشی جەستەت زیاد دەکات، لەوانەیە هۆکارەکەی کەمیی ڤیتامین C بێت، ئەمەش چونکە ئەم ڤیتامینە بۆ سووتاندنی چەورییە زیادەکانی جەستە بەسوودە، بۆیە توێژینەوەکان دەریانخستووە کەمیی ڤیتامین C دەبێتە هۆی زیادبوونی کێشی جەستە.

### - وشکبوونی پێست:

ئەم ڤیتامینە ڕۆڵی هەیە لە دروستکردنی کۆلاجین لە پێستدا، بۆیە بە کەمبوونی ئەم ڤیتامینە و دروستنەبوونی کۆلاجین، پێست وشک دەبێتەوە و چرچ و لۆچی دروستدەبن. دەتوانرێت جگە لە خواردنی ئەو خۆراکانەی ڤیتانین C یان تێدایە، چەند جۆرێکی کرێمی تایبەت بەم ڤیتامینەش لە پێست بدرێن.



# خۆراکە باش و خراپەکان بۆ پێستی ژێر چاو

**ڕوودا و- برایت سایت**

هەندێ کەس سەرەڕای خەوێکی باشیش، کەچی ژێر چاویان هەر ڕەشە و هەڵدەئاوسێ، بەڵام جگە لە کەمخەوی، خۆراکیش ڕۆڵێکی گرنگی هەیە بۆ ئەو گرفتەی پێستی ژێر چاو.

## ئەو خۆراکانەی دەبنە هۆی هەڵئاوسانی پێستی ژێر چاو بریتین لە:

### خۆراکە لە قوتوونراوەکان

بڕێکی زۆری سۆدیۆمیان تێدەکرێت، ئەمەش بە نەرێنی کار دەکاتە سەر هەموو ئەندامەکانی جەستە بە گشتی و پێستی ژێر چاوەکان بەتایبەتی. بۆیە باشتر وایە بۆ دووربوون لە هەڵئاوسانی ژێر چاوەکان لە خۆراکە لەقوتوونراوەکان دوور بیت.

### شەکر

زۆر خواردنی شەکر هۆکارە بۆ هەوکردن لە جەستەدا کە ئەمەش زیاتر لە پێستی ژێر چاوەکاندا دەردەکەوێت. شەکر دەبێتە هۆی تەنکبوونی پێستی ژێر چاوەکان و هەڵئاوسانیان.

### بیبەری تیژ

بەماددەی (کاپسیاسین) دەوڵەمەندە، ئەم ماددەیە دەبێتە هۆی هەوکردن لە جەستەدا، بۆیە بۆ ئەو کەسانەی بەردەوام گرفتی هەڵئاوسانی ژێر چاویان هەیە باشترە خواردنی بیبەری تیژ سنووردار بکەن.

## ئەو خۆراکانەی هەڵئاوسانی ژێر چاو کەمدەکەنەوە:

### شۆفان

خواردنی شۆفان لە ژەمی بەیانیان ڕێگەیەکی کاریگەرە بۆ کەمکردنەوەی ئاوسانی ژێر چاوەکان، هەروەها بەهۆی دەوڵەمەندی بە ریشاڵە خۆراکییەکان، کۆئەندامی هەرس چالاک دەکات و قەبزی ناهێڵێت.

### ئاڤۆکادۆ

بەهۆی دەوڵەمەندی بە ڤیتامین K ، ڕەشی و ئاوسانی ژێر چاوەکان ناهێڵێت، دەتوانرێت جگە لەوەی لەگەڵ زەڵاتە بخورێت، بەشێوەی پارچەی بچووک ڕاستەوخۆ بۆ ماوەی 10 خولەک لە پێستی ژێر چاو بدرێت.

### خەیار

دانانی پارچە خەیار بۆ ماوەی 15 خولەک لەسەر چاوەکان، هەم ماندووبوونیان ناهێڵێت و هەمیش ڕەشی و ئاوسانی ژێر چاوەکان کەمدەکاتەوە.



# چەند ڕێگەیەک بۆ تەندروست هێشتنەوەی کۆڵۆن

**ڕوودا و- برایت سایت**

کۆڵۆن یان ڕیخۆڵە ئەستوورە بەشێکە لە کۆئەندامی هەرس و یەکێکە لە ئەندامە گرنگەکانی جەستە کە درێژییەکەی 1.52 مەترە. خۆراک و وەرزش ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕن لە تەندروست هێشتنەوەی ئەم ئەندامەدا، بۆیە ڕۆژانە ئەو هەنگاوانە جێبەجێ بکە:

### 1 ڤیتامین c بخۆ:

سەوزە و میوەکان سەرچاوەی سروشتیی ئەم ڤیتامینەن کە جگە لەوەی بۆ پاراستنی پێست پێویستە، یارمەتی پاککبوونەوەی کۆڵۆنیش دەدات. سەرچاوە دەوڵەمەندەکانی ئەم ڤیتامینە بریتین لە میوە مزرەکان، سپێناخ، بڕۆکلی و شلک.

### 2 پرۆبایۆتیکەکان وەرگرە:

پرۆبایۆتیکەکان جۆرێکن لە بەکتریا سوودبەخشەکان. توێژینەوەکان دەریانخستووە ئەو بەکتریایانە هەوکردن لە کۆڵۆندا کەمدەکەنەوە و پرۆسەی هەرسکردن خێرا دەکەن. پرۆبایۆتیکەکان لەنێو هەریەک لە ماست و چەند جۆرێکی پەنیردا هەن.

### 3 ئاو بخۆرەوە:

کەمخواردنەوەی ئاو یەکێکە لە هۆکارەکانی قەبزی، بۆیە ڕۆژانە بەپێی پێویست دوو لیتر ئاو بخۆرەوە، دەتوانیت لە وەرزی گەرمادا لەجیاتی ئاو میوە ئاودارەکانیش بخۆیت وەک خەیار، شووتی و شلک.

### 4 ریشاڵە خۆراکییەکان بخۆ:

توێژینەوەکان دەریاخستووە ریشاڵە خۆراکییەکان مەترسیی شێرپەنجەی کۆڵۆن کەمدەکەنەوە، میکانیزمەکانی هەوکردن هێواش دەکەن و پرۆسەی هەرسکردن خێرا دەکەن. نیسک، بڕۆکلی و دانەوێڵە توێکڵدارەکان بژارەی دروستن بۆ خواردن، چونکە بە ریشاڵە خۆراکییەکان دەوڵەمەندن.

### 5 وەرزش بکە:

هەوڵبدە ڕۆژانە لانیکەم 30 خولەک وەرزش بکە. بەمەش کێشی جەستەت ڕێکدەبێت و لە کاریگەرییە خراپەکانی قەڵەوی دوور دەبیت، پیادەڕۆیی و ڕاکردن باشترین بژارەن.

# بۆچی بەردەوام برسیتە؟

**ڕوودا و- برایت سایت**

بەشێکی خەڵکی بەردەوام سکاڵای ئەوە دەکەن کە برسییانە، تەنانەت ئەگەر ماوەیەکی کەمیش بەسەر خواردنی ژەمەکەیاندا تێپەڕیبێت، توێژینەوەکان چەندین هۆکاریان بۆ هەستکردن بە برسێتی بەرەوام دۆزیوەتەوە کە بەشێکیان ئەمانەن:

### - کاربۆهیدرات:

زۆر خواردنی پاستا، نان و خۆراکە شیرینەکان کە بڕێکی کەمی ریشاڵی خۆراکییان تێدایە، زۆر بەخێرایی هەرس دەکرێن، بۆیە زوو هەست بە برسێتی دەکەی. توێژینەوەکان دەریانخستووە ئەو خۆراکانەی بە ریشاڵ دەوڵەمەندن درەنگتر هەرس دەکرێن، بۆیە باشترە ئەو خۆراکانە هەڵبژێریت کە ریشاڵی خۆراکییان تێدایە، وەک دانەوێڵە توێکڵدارەکان، سەوزە و برنجی بۆر.

### - شەکرە:

شەکرە بە گشتی و جۆری دووەمی بەتایبەتی، یەکێکە لەو نەخۆشییانەی وا لە بەشێکی تووشبووان دەکات بەردەوام هەست بە برسێتی بکەن، ئەمەش چونکە شەکر لە خوێندا دەمێنێتەوە و لەلایەن خانەکانی جەستەوە بەکارناهێنرێ، دەبێت تووشبووانی شەکرە ڕێژیمێکی خۆراکی تەندروست بۆ کۆنترۆڵکردنی شەکرەکەیان پەیڕەو بکەن.

### - وەرزشی زۆر:

تاوەکو چالاکیی جەستەییت زیاتربێت زووتر هەست بە برسێتی دەکەی. ئەمەش چونکە لەو ماوەیەدا جەستە بڕێکی زیاتری کالۆری دەسووتێنێ و زیندە چالاکییەکانی جەستە خێراتر دەبن، توێژینەوەکان دەریانخستووە خواردنی خۆراکی تەندروست بەر لە وەرزش یارمەتیدەرە بۆ گەورەبوونی ماسولکەکان و کەمتر زیان پێگەیشتنیان.

### - دەرمان:

هەندێک جۆری دەرمان هەن کە ئارەزووی خواردن زیاد دەکەن، بۆ نموونە دەرمانەکانی دژە خەمۆکی و شەکرە، باشتر وایە هەر کەسێک دوای وەرگرتنی هەر دەرمانێک ئەگەر هەست بە برسێتی بەردەوام یان زیادبوونی کێش دەکات، پزیشکەکەی خۆی ئاگادار بکاتەوە.

### - کەمخەوی:

کەمخەوی دەبێتە هۆی زیادبوونی هۆرمۆنی (گرێلین) کە ڕۆڵی هەیە لە ڕێکخستنی ئارەزووی خواردن، بەمەش ئەو کەسانەی کەمخەون، هەمیشە هەست بە برسێتی دەکەن و زیاتر لەبارن بۆ قەڵەوبوون.



# ئەو نیشانانەی ناچارت دەکەن بچیتە لای پزیشک



**ڕوودا و- وەمەنس هێڵس**

هەندێک نیشانە هەن کە بە دەرکەوتنیان نابێت پشتگوێیان بخەی و دەبێت سەردانی پزیشک بکەی و چارەسەر وەربگری، لەوانە:

### - ئازاری لەناکاوی چاو:

هەستکردن بە ئازاری لە ناکاوی چاو لەوانەیە نیشانەیەکی هەوکردنی چاو بێت. بۆ ڕێگەگرتن لە تەشەنەسەندنیشی پێویستت بە سەردان پزیشک و وەرگرتنی چارەسەرە.

### - هەناسەتەنگی:

لەکاتی هەندێک چالاکی جەستەیی شتێکی ئاساییە ئەگەر هەست بە هەناسەتەنگی بکەی، بەڵام ئەگەر بەشێوەیەکی بەردەوام هەناسەتەنگیت هەبوو، دەبێت سەردانی پزیشک بکەی، چونکە لەوانەیە بەهۆی نەخۆشییەکی دڵ یان سییەکان بێت.

### - لێڵبوونی بینایی:

لە کەسانێکدا کە خۆیان تووشبووی نەخۆشییە درێژخایەنەکانی وەک شەکرە، بەرزەپەستانی خوێن و بەرزیی ئاستی کۆلیسترۆڵی زیانبەخشن، لەوانەیە لەدەستدانی لەناکاوی بینایی شتێکی چاوەڕوانکراو بێت، بەڵام لە کەسێکدا کە تەندروست بێت و هیچ گرفتێکی نەبێت، تێکچوونی ئاستی بینین لەوانەیە نیشانەی نەخۆشی بێت، لەوانەش شەکرە.

### - ئازاری لەناکاوی شان:

ئازاری لەناکاوی شان لەوانەیە نیشانەی جەڵتەی دڵ بێت، بۆیە دەبێت بە جددی وەربگیرێت.

### - ڕەقبوونی مل:

ڕەقبوونی مل بەبێ سەرئێشە لەوانەیە هۆکارەکەی گرژبوونی ماسولکەکان بێت، بەڵام ئەگەر سەرئێشەی لەگەڵدابێت نیشانەی هەوکردنی مێشکە، بۆیە باشترە بە زووترین کات سەردانی پزیشکی بۆ بکرێت.

### - ئازار لەکاتی میزکردن

یەکێک لە نیشانەکانی هەوکردنی میزەڕۆ ئازارە لەکاتی میزکردن، بۆیە ئەو ئازارە و لەگەڵیشیدا خوێناوییبوونی میز لەو نیشانانەن کە ڕاوێژی پزیشکیان پێویستە.



(فۆتۆ: AFP)

# تاران بیر لە ڕێککەوتن لەگەڵ ترەمپ دەکاتەوە

هیوای ئێرانییەکان بە دەرنەچوونەوەی ترەمپ لە هەڵبژاردنی داهاتوودا لاواز بووە

ڕووداو - هەولێر



# برێگزت ئێرلەندییەکان یەکدەخاتەوە؟

کێشەی هاتوچۆ و بازرگانیی نێوان هەردوو ئیرلەندا یەکێ لە خاڵە سەرەکییەکانی ناکۆکیی نێوان بەریتانیا و یەکێتی ئەورووپایە

ڕووداو - هەولێر



کێشەی هاتوچۆ و بازرگانی سەرسنووری نێوان هەردوو ئیرلەنداکە یەکێک لە ناکۆکییەکانی نێوان بەریتانیا و یەکێتی ئەورووپایە (فۆتۆ: AFP)

# ئەمریکا لەگەڵ حووسییەکانی یەمەن دادەنیشێ

ڕووداو - هەولێر



ئەوە یەکەمجارە ئیدارەی ئەمریکا هەوڵی کردنەوەی کەناڵی ڕاستەوخۆی پەیوەندی لەگەڵ حووسییەکان بدات (فۆتۆ: AFP)

# ڕووسیا و تورکیا پیشەسازیی هاوبەشی چەک تاوتوێ دەکەن

تورکیا بەنیازە دوو جۆر فڕۆکەی پێشکەوتوو لە ڕووسیا بکڕێ

ڕووداو - هەولێر



یەکێ لەو بوارانەی ئەنقەرە و مۆسکۆ دەیانەوێ کاری هاوبەشی تێدا بکەن، دروستکردنی فڕۆکەی (TFX)ی تورکییە کە ئەنقەرە دەیەوێ شوێنی (F_16) بگرێتەوە



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# یەکێتی، کۆنگرەی بۆ چییە؟

واقیعێک لە کوردستاندا هەیە ڕەنگە لە دونیادا کەموێنە بێت، ئەویش ئەوەیە کە حیزبایەتی بووە بە ژیانی کۆمەڵایەتی. واتا کۆمەڵگەی کوردی بچووککراوەتەوە لە دوو کۆمەڵگەی حیزبیدا، کۆمەڵگەی یەکێتی و کۆمەڵگەی پارتی. کاریگەریی باش و خراپی هەریەک لەم دوو حیزبەش ڕاستەوخۆ لەسەر ژیانی تاک بە تاکی کۆمەڵگەی کوردی ڕەنگ دەداتەوە. ئەمەش پێچەوانەی هەموو ڕێسا و یاسایەکی کۆمەڵایەتی و حیزبایەتییە لە جیهاندا.

کوردستان تا ئەم دۆخە خراپە تێدەپەڕێنێ، پێویستە ئەو هەستیارییە لەبەرچاو بگیرێت. تێکچوونی هەریەک لەم حیزبانە، یەکسانە بە تێکچوونی کۆمەڵگە بچووککراوەکە. لەبەرانبەر ئەمەشدا دیسپلینی حیزبی و ژیانێکی تەندروستی حیزبیانەی هەر کامیان، ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی لەسەر سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئیداریی جوگرافیای کارکردنیان دەبێت. بۆیە لەم تێڕوانینەوە بۆ واقیعی کوردستان، لانیکەم لەم قۆناغەدا دەبێت بەو چاوەوە لەو دوو حیزبە سەرەکییە بڕوانین کە چارەنووسمان بەوانەوە بەستراوە. واتا مەرج نییە کەسێک ئەندامی حیزبەکان نەبێت، لە کێشە و بەڵایان بەدووربێت. بەدیاریکراوی ئەگەر خێریشیان تەنها بۆ خۆیان و ئەندامەکانیان بێت، بە دڵنیاییەوە شەڕیان بۆ هەموومانە. بۆیە پێویستە ئەوانەی لە دەرەوەی کاری سیاسی و حیزبایەتیشدان لە کوردستان، هەست بە بەرپرسیارێتی ئەم واقیعە تاڵە بکەن و یارمەتیدەر بن بۆ ژینگەیەکی تەندروستی حیزبیانە لە هەریەک لەم کۆمەڵگە بچووککراوانەدا، کەس پێیوانەبێ کە تێکچوو پێی ئەو ناگرێتەوە. ئەو پەندە کوردییە بۆ ئەمڕۆ نەگونجاوە کە دەڵێت (ئاگرە سوورە لەخۆم دوورە).

ئەگەر تەماشای کێشە و ناکۆکییەکانی ناو یەکێتی بکەین لە ڕابردوودا کە بوو بە زادەی لەدایکبوونی بزووتنەوەی گۆڕان، ئەو ململانێ سیاسییانەی دروست بوون و زۆنی سلێمانی بوو بە چەقی ڕووبەڕووبوونەوە، هەموو خەڵکی ناوچەکە لێی زیانمەند بوون. سلێمانی تووشی پاشەکشێ بوو، کەسانی حیزبی و ناحیزبی باجی تێکچوونی شیرازەی ئەو کۆمەڵگە بچووککراوەیەی یەکێتییان دا. سەرئەنجام لەو لۆژیکەشەوە کە هەردوو کۆمەڵگە بچووکەکە مەحکومن بە کاریگەریی خستنە سەر یەکتری، پارتیش باجی کێشەکانی ناو یەکێتی دا و بوو بە بارمتەی ئەو گرفتانەی کە سلێمانی پێوەی دەیناڵاند. ئەمە پێچەوانەکەشی دروستە، ئەگەر هاوکێشەکان بەو جۆرەش بکەونەوە کە سبەی هەولێر کێشەی لەو جۆرەی هەبێت و ببێتە چەقی ململانێ، سەرئێشەی بۆ یەکێتی و سلێمانی دەبێت.

ئێستا قسەوباسێکی گەرم و گوشاری جۆراوجۆر هەن کە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان کۆنگرەی چوارەمی ببەستێ. ئەگەر کۆنگرە لە ژیانی هەر حیزبێکدا پێویستییەک بێت بۆ خۆنوێکردنەوە، بۆ تازەکردنەوەی ئامانج و بەرنامەی سیاسی، بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ هەلومەرج و ئەو ژینگە سیاسییەی کاری تێدا دەکات. بۆ یەکێتی بەستنی کۆنگرە پێویستییەکی لەوە زیاترە. چونکە سەرباری ئەو پێویستییە گشتییانە کە بۆ هەموو حیزبەکانی کوردستان ڕاست و پێویستن، بەڵام یەکێتی بە کۆمەڵێک هۆکاری تایبەت لە هەموویان زیاتر پێویستی بە بەستنی کۆنگرەیە. لەلایەک کاتێکی زۆر بەسەر ئەو وادەیەدا تێپەڕیوە کە وەک بڕیاری کۆنگرەی سێیەم بۆ بەستنی کۆنگرەی چوارەم دیاریکرابوو. هەروەها لە کۆنگرەی سێ تەئکید لەوە کرایەوە کە ئەگەر سێ مانگ لەو وادە دیاریکراوە تێپەڕێت، سەرکردایەتی حیزبەکە شەرعیەتی نامێنێ. لەدوای تێپەڕبوونی ئەو وادەیەش یەکێتی پلینیۆمی بەست و لەوێش خۆی پابەند کرد بە کاتێکی دیاریکراوی ترەوە، ئەویش تێپەڕی و کۆنگرەی هەر نەبەست. لەسەرڕووی هەموو ئەو هۆکارانەشەوە، بەهۆی کۆچی دوایی مام جەلال، بەستی کۆنگرە بوو بە پێویستییەکی حەتمی، بەڵام یەکێتی هەر کۆنگرەی نەبەست. لەو ماوە درێژەشدا کۆمەڵێک پێشهاتی سیاسی لە کوردستان ڕوویاندا کە دەبوو یەکێتی و هەموو حیزبەکان بە بەرنامە و ئامانج و شێوازی کارکردنیان و تەنانەت هەیکەلی خۆشیاندا بچنەوە و ئەوانەش بە کۆنگرە دەکران.

لەگەڵ هەموو ئەو پێویستیانەشدا، دەبێت ئەوە بپرسین یەکێتی یان هەر حیزبێکی تر کۆنگرە بۆچی دەبەستێ؟ بێگومان وەڵامەکەی ڕوونە بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەیە کە باسکران. لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا یەکێتی زەمینەی ئەو کۆنگرەیەی خۆشکردووە تا بتوانێ ئەو ئامانجانە بەدی بهێنێ؟ خۆی نوێ بکاتەوە، بەرنامە و ئامانجە سیاسییەکانی بەپێی قۆناغی دراسەکراوی ئایندە دابڕێژێ؟ شکڵ و هەیکەلەی کارکردنی بۆ دۆخی ئێستا بگۆڕێ؟ یان تەنها دەرفەتی ئەوەی هەیە کۆنگرەیەک ببەستێ بەبێ ڕەچاوکردنی هەلومەرج و ئەو پێویستیانەی قۆناغەکە لێی دەخوازن؟

هەموو کەس دەزانێ یەکێتی دوای کۆچی دوایی ڕابەرەکەی تووشی دۆخێکی نەخوازراو بووە، حاڵەتێکی ئاسایی و سروشتیشە حیزبێک سەرکردەیەکی وەک مام جەلال لەدەست بدات، شیرازەی تێکبچێت. کەواتە یەکێتی لەم قۆناغی بێ مام جەلالییەدا پێویستی بە کاتی زیاتر هەیە بۆ زەمینەخۆشکردن بۆ کۆنگرەیەکی ئاسایی. بەتایبەت کە لە سەردەمی مام جەلالیش وادەی بەستنی کۆنگرەکان زۆر دوادەکەوتن، هۆکارەکەشیان ئەوە بوو کە مام جەلال دەیویست کۆنگرەیەک ببەستێ دۆخی یەکێتی بەرێتە پێشەوە نەک تووشی لێکترازانی بکات. جا ئەگەر ئەوە بۆ خودی مام جەلال پێویست و ئاسایی بووبێت، بۆ ئێستای یەکێتییەکی بێ مام جەلال، زۆر ئاساییترە کە بەستنی کۆنگرە لەوە زیاتریش دوابخرێت.

## یەکێتی لەم قۆناغی بێ مام جەلالییەدا پێویستی بە کاتی زیاتر هەیە بۆ زەمینەخۆشکردن بۆ کۆنگرەیەکی ئاسایی

هەرکەسێک وەک چاودێرێک تەماشای ڕەوشی تایبەتی یەکێتی کردبێت، لە کۆچی تاڵەبانییەوە بۆ ئێستا، هەست بەوە دەکات لەدوای تێکچوونی شیرازەی کارکردن لەناو یەکێتی و پەراوێزکەوتنی ناوەندە شەرعییەکانی بڕیاری حیزب و ئۆرگانەکانی، بەڵام وردە وردە بەرەو دۆخی ئاسایی و خەسڵەتی کاری حیزبی خۆی هەنگاوی دەنا. لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا زۆرجار ئەوەمان بیستووە کە سەرکردەکانی یەکێتی ڕاشکاوانە دەیانگوت هیچکات یەکێتی بەئەندازەی ئێستا تەبا و بێ کێشە نەبووە و بڕیارەکان لە ئۆرگانە حیزبییەکانەوە وەردەگیرێن. بەڵام لەوکاتەوەی پرسی کۆنگرە بەچڕی هێنرایە ئاراوە، جارێکی تر خەریکە یەکێتی دەچێتەوە ئەو سەردەمە نەخوازراوەی دوای مردنی مام جەلال تووشی بوو.

بۆیە ئەوانەی کە پەرۆشی ئەوەن یەکێتی (باشتر و بەهێزتر و تۆکمەتر بێت)، دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرن ئەوەی زامنی یەکێتییەکی لەو جۆرە دەکات، خۆشکردنی زەمینەیەکی پڕ لە تەبایی و سەقامگیریی ناوخۆیی یەکێتییە لەپێش بەستنی کۆنگرە. بەڵام ئێستا یەکێتی نە ئەو زەمینەیەی خۆشکردووە و نە دڵنیایی ئەوەشی دەستەبەر کردووە کە گرتنەبەری ڕێکارەکانی بەستنی کۆنگرە پێشهاتی شڵەژاوتر ناهێنێتە ئاراوە. بۆیە باش وایە یەکێتی هەندێ پشوودرێژانەتر مامەڵە بکات، دەرگا بۆ نووسەر و ڕۆشنبیر و شارەزایانی تری دەرەوەی حیزبەکەشی بکاتەوە بە خستنەڕووی پڕۆژە و بیروبۆچوونەکانیان یارمەتیدەر بن بۆ ئامادەکردنی پڕۆژەیەکی هەمەلایەنتر کە هەموو یەکێتییەکان پێکەوە ببەستێتەوە و حیزبێکی بەدیسپلین و ژیانێکی تەندروستانەی حیزبیانە بۆ ئایندەی یەکێتی بهێنێتە ئاراوە.

ئەگەر هەستیاری و ململانێی کۆنگرە بخرێتە لاوە، ئێستا یەکێتی بە قۆناغێکدا تێپەڕ دەبێت کە ئەگەری ئەوە هەیە بتوانێ وەبەرهێنان لە تێکۆشانی ڕابردوویدا بکاتەوە. بەڵام هیچ دڵنیاییەک نییە لەوەی بەستنی کۆنگرەیەکی بەپەلە و بێ زەمینەخۆشکردن بۆ سەرکەوتنی، یەکێتییەکی وەک دوو ساڵ پێش ئێستاشی لێ بەرهەم بێتەوە.



ڕێبوار کەریمی
rebwar.karimi@hotmail.com

# کورد وەک بەنی قوڕەیزە!

فەرمانی جیهادی دژی گەلی کورد لەلایەن ئایەتوڵڵا خومەینییەوە، ساتەوەختی مێژوویی دەستتێکەڵکردنێکی شەیتانیی نێوان فوندامێنتالیزمی شیعی و ناسیۆنالیزمی ئێرانی بوو کە چل ساڵ لەمەوبەر (ڕۆژی 28ی گەلاوێژ بەرامبەر 19ی ئابی 1979) دەستپێکرد و بە شەپۆلی ئیعدامەکانی ئایەتوڵڵا خاڵخاڵی لە شارەکانی کوردستان گەیشتە لوتکە.

نووسەرانی کتێبی «مێژوو و کۆمەڵناسیی جینۆساید»، فاکتەرە هاندەرەکانی کۆمەڵکوژی بەسەر چوار پۆلدا دابەش دەکەن: ئامانجدارێتی، گیانی تۆڵەسەندن، ترس لە دوژمن و ڕامالینی گەماری (بۆ وێنە ڕامالین و سڕینەوەی ئەوانەی مەترسین بۆ سەر پاکژی و یەکدەستیی نەتەوەیی، کولتووری، ئایینی و تاد.). چاوخشاندنێکی خێرا بەسەر ئەو فاکتەرانەی لە چوارچێوەی ئەو دەستتێکەڵکردنە شەیتانییەی فوندامێنتالیزمی شیعی و ناسیۆنالیزمی ئێرانیدا سەرکوتی خوێناویی بزووتنەوەی مافخوازانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی خستە بواری جێبەجێبوونەوە، دەیسەلمێنێ کە ئەوەی بە فتوای جیهادی خومەینی دەستپێکرد، پراوپڕی مەرجەکانی کۆمەڵکوژی بوو. هەڵبەت فتوای جیهاد دژی گەلی کورد تەنیا ڕەهەندێکی چەکداریی نەبوو، بەڵکو ڕێگای بۆ وەگەڕکەوتنەوەی پرۆسەی جینۆسایدی زمانی، کولتووری و ئابووریش خۆش کرد. پرۆسەیەک کە لە چوارچێوەی پرۆژەی دەوڵەت- نەتەوەسازیی ئێرانیی سەردەمی پاشایەتیی پەهلەویدا دەستپێکرد و لەدوای ئینقلابی ئێرانیشەوە هەروا بەردەوامە (شۆڕش لە زمانی فارسیدا "انقلاب"ی پێ دەگوترێ، ئەوە لە کاتێکدا انقلاب لە زمانی عەرەبیدا بە مانای کودەتا دێت. من لێرەدا هەر وشەی ئینقلاب بەکاردەهێنم، چونکە ئەوەی بەسەر شۆڕشی ئێرانی ساڵی 1979دا هات، تا ڕادەیەکی زۆر ئینقلاب بوو هەر بە مانا عەرەبییەکەی!).

ئەوەی بزووتنەوەی کورد لەدوای ئینقلابی ساڵی 1979ی ئێران داوای دەکرد، لانیکەمی داخوازیی بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی مافخواز بوو. بەوەشەوە، ئەو بزووتنەوەیە تەنیا یەک وەڵامی لە ڕێبەرانی ئینقلابی ئێران وەرگرتەوە: سەرکوت.

## "فتوای جیهاد دژی گەلی کورد تەنیا ڕەهەندێکی چەکداریی نەبوو، بەڵکو ڕێگای بۆ وەگەڕکەوتنەوەی پرۆسەی جینۆسایدی زمانی، کولتووری و ئابووریش خۆش کرد"

فتوای جیهادی دینی بۆ سەرکوتی خوێناویی بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی، دیاردەیەکی سەرنجڕاکێشی مێژووییە. من لێرەدا تەنیا تیشک دەخەمە سەر سێ تایبەتمەندی هەستیاری ئەو تاوانکارییە:

**یەکەم:** خومەینی فتوادەری جیهاد بوو، بۆیە ئەوە ڕاستییەکی مێژووییە کە خومەینی بەرپرسیاری یەکەمی هەموو ئەو جینایەتانەیە کە دوای ئینقلابی ئێران، دژی گەلی کورد کراون. هەڵبەت ئەم ڕاستییە ڕاستییەکی ترسناکی دیکەی خستووەتە ژێر سێبەری خۆی: خومەینی فتوادەری جیهاد بوو، بەڵام زەمینەخۆشکەری ئەو فتوایە، واتە نەیارانی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد؛ دنەدەرانی خومەینی و داخوازکارانی گرتنەبەری سەرکوتی بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان تەنیا خومەینی و بگرە تەنیا هاوەمرامەکانی خومەینی، نەبوون! بۆ وێنە سەرکردەکانی ڕەوتی میللی- مەزهەبیی ئێران، کە بەڕواڵەت میانەڕەوتر بوون، هەر بەڕادەی خومەینی بۆ حاڵی کورد بەرچاوتەنگ، بەڵام لەو بەپێچوپەناتر و لەبنەوەبڕتر بوون. بەڵگەنامە مێژووییەکان و وتەی بەشدارانی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە دەیسەلمێنن کە ئەوەی لە پشت تاوانی مێژوویی فتوای جیهاد دژی گەلی کوردەوە بوو ڕەوتێک بوو؛ خومەینی بوو بە ناوی خوازراو بۆ ئەو ڕەوتە ئایینی- نەتەوەییە.

**دووەم:** نووسراوە و بیرەوەریی زۆر لە بەرپرسە سەربازییەکانی هێرش بۆ سەر کوردستان نیشانی دەدەن ئەوەی ئەوان لە ژێر سەرناوی "پاککردنەوەی کوردستان لە ئەشرار و خراپکاران" یان "ڕزگارکردنی کوردستان لە مەترسیی جیابوونەوە" ئەنجامیانداوە، تەنیا ڤێرژنی هێورکراوە و ئەنجامی جێبەجێکردنی تەنیا بەشێک لەو پیلانانە بووە کە بۆ سەرکوتی کوردستان، لە سەریاندا بووە. بەشێک لە بەرپرسە پاسدارەکانی ئەو سەردەمە بەڕاشکاوی دان بە قەوارەی گەورەی بەدبینی و ڕێژەی بەرزی ڕق و قینلەدڵیی بەڕێوەبەرانی پەلاماری کوردستاندا دەنێن. ئەوەی لەوناوەدا ڕوونە دوو شتە: یەکەم: ئیرادەی بەهێزی ئەوان بۆ خاشەبڕکردنی "شەڕ و خراپە" (کە مەبەستیان خەڵکی کورد و بەتایبەتی هێزە کوردییەکان بووە) و دووەم، نیازی "خێرخوازانە"ی ئەوان کە بریتی بووە لە گێڕانەوەی "ئاشتی" و "ئارامی" بۆ کوردستان! نەخشەڕێی بەدیهێنانی ئەم نیازەشیان بریتی بووە لە "بەدەستهێنانی ڕەزایەتی خودا لەڕێی بەجێگەیاندنی فەرمانی جیهادی ئیمام خومەینییەوە"!

**سێیەم:** بەشێکی بەرچاو لەوانەی بەدەم فتوای جیهادی خومەینییەوە هاتن و وەک هێزی چەکدار، بەشداریی کوێرانەی ئەو تاوانە مێژووییەیان کرد، کەسانێک بوون کە نە زانیارییەکیان لەسەر کوردستان هەبووە، نە هیچ پێشینەیەکی چەکداریی ئەوتۆشیان هەبووە، بەڵکو تەنیا لەسەر بنەمای بەجێگەیاندنی فرمانی خومەینی بەرەو کوردستان کەوتبوونە ڕێ. بەدەربڕینێکی تر، زۆربەی ئەوانە مرۆڤە ئاساییەکانی کۆمەڵگەی ئێران بوون. ئەمە پرسیارێکی هەژێنەرە سەبارەت بە سایکۆلۆژیای کۆمەڵکوژی کە چ شتێک وا دەکا مرۆڤێکی ئاسایی وا بە ئاسانی بەشداری لە کوشتاری بێڕەحمانەی کەسانێکدا بکا کە هیچیان لەبارەوە نازانێ؟

دوو دەروونناسی پسپۆڕ: دانیەل چریت و کلارک مەککاولتی، کە لە سایکۆلۆژیای کۆمەڵکوژییان کۆڵیوەتەوە، لەڕێی "تیۆری ناهاوتەرازی"یەوە وەڵامێکیان بەو پرسیارە داوەتەوە. بەگوێرەی وتەی ئەو زانایانە، ناهاوتەرازی ئاماژە بە دۆخێکە کە تێیدا دەشێ لە نێوان ئایدیالە ئینسانییەکانی کەسێک و واقعی دەرهەستدا ناتەبایی پێکبێت. لەم دۆخانەدا مرۆڤ هەوڵدەدا لەڕێی پاساوهێنانەوە یان دۆزینەوەی بیانوو قەناعەت بە خۆی بهێنێ، واتە تەرازی هاوکێشەکە ڕاست بکاتەوە. بە گوێرەی لێکدانەوەی ئەو سایکۆلۆژیستانە، ئەم میکانیزمە لەودیو زۆربەی کۆمەڵکوژییەکانەوە ئامادەیە. کەیسی پەلاماردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن هەزاران گەنجی مورێدی بڕوادار و گوێڵەمستی خومەینییەوە، نموونەیەکی باڵکێشە کە دەشێ لەڕێی تیۆری ناهاوتەرازییەوە تێیبگەین: لێرەشدا کەسانێکی ئایدیۆلۆژی کە هەوساری ئاوەزیان دابووە دەست ڕێبەرێکی کاریزماتیک، سێ خێری گەورەیان لەبەرچاو بوو کە نەیدەهێشت تاوانکارییەکانیان ویژدانیان بهەژێنێ: یەکەم: بەرژەوەندیی ئیسلام، کە دەبوو هەموو شتێکی "خۆمان" و "ئەوان"یشی بکرێ بە قوربان؛ دووەم: بەجێگەیاندنی فەرمانی جیهادی پێشەوای ئایینی (ڕوح اللە خمینی) کە مانای بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی پەروەردگاری دەگەیاند و، سێیەم: ڕزگارکردنی کوردستان لەدەست خۆیان گوتەنی؛ "گروهەکە کوردییە جیابوونەوەخوازەکان" کە خومەینی بە "یەهوودی بەنی قوڕەیزە"ی دەشوبهاندن (بەگوێرەی پڕۆپاگەندانی حکومەت، ئەم گروهەکە کوردییانە بەدیلگیراوانیان سەردەبڕی و تەرمەکانیان دەشێواند و دەستیان بەسەر ژنومنداڵی خەڵکیدا دەگرت!).

وەک دەبینین، لێرەدا پرۆسەیەکی چەندلایەنەی سایکۆلۆژی لەگۆڕێدایە کە "ڕەگەزی نائەقڵانی" لە کرداردا دەگەیەنێتە لوتکە. لەم پرۆسەی مێشکشۆرینەوەیەدا، "زانیاریی چەواشە"، "ئیلتزامی ئایدیۆلۆژیک بە بەهاکان" و "تەرجیحاتی عاتفیی دەسبەجێ و بیرلێنەکراوە"، وادەکەن کە مرۆڤ بەبێ وشیارییەکی ئەوتۆ بەرامبەر قووڵایی مۆتیڤەکانی، لە کەسێکی ئاساییەوە ببێتە تاوانکارێکی دڕندە. هەڵبەت لێرەدا ناکرێ ئیدی باس لە دیاردەیەکی تێپەڕیو بکەین. لەڕاستیدا، ناسیۆناڵ- جیهادیستەکانی ڕاسپێردراوی خومەینی بۆ کوردستان، تەنیا ڕێکەوتێک نەبوون لە ڕابردوودا، بەڵکو بەرهەمی پرۆسەیەک لە شەیتانیزاسیۆنن کە دەشێ لە داهاتووشدا، بە فۆڕماتی جیاواز و هاندەری ئاڵۆزی دیکەوە سەرهەڵێننەوە و کارەسات بخوڵقێنن.

## "ناسیۆناڵ- جیهادیستەکانی ڕاسپێردراوی خومەینی بۆ کوردستان، تەنیا ڕێکەوتێک نەبوون لە ڕابردوودا، بەڵکو بەرهەمی پرۆسەیەک لە شەیتانیزاسیۆنن کە دەشێ لە داهاتووشدا کارەسات بخوڵقێنن"

### چل ساڵ دوای جیهاد

ئەوانەی ئاشنای دۆخی ئێرانن، دەزانن کە لە نێوان «دنیای ئەزموونکراوی کوردی» و«دنیای ئەزموونکراوی ئێرانی»ی هەڕەتی ئینقلابی ئێراندا کەلێنێکی وێژمانیی قووڵ لەگۆڕێدا بوو. فەرمانی جیهادی خومەینی و ئاسەوارە وێرانکارەکانی، ئەو کەلێنەی بەشێوەیەکی سامناک قووڵتر کردەوە. زەبری زۆرداری و سیاسەتی حاشالێکردن تاکە ستراتیژی تائێستای سیستمێکی تۆتالیتێر بۆ داپۆشینی ئەو کەلێنە بووە. دەسەڵاتدارێتییەکی سادیستیانەی حاکم، خۆی لە خۆیدا بەبڕشتترین هۆکار بووە بۆ ئەوەی کورد لەبیری نەچێتەوە "ئەویدی" چی بەسەرهێناوە و؛ چۆن بەرەوڕووی ویستە مێژووییەکان و مافە سەرەتاییەکانی بووەتەوە. لەلایەکی ترەوە، لەسەرئاستی کۆمەڵگەی غەیرەکوردی ئێرانییش، چ هێمایەک لە گەشەی ئەخلاقی و وشیاریی هاووڵاتیانەی گشتی بۆ هەڵگرتنی بەرپرسیارێتیی تاوانکارییەکی مێژوویی لە ئارادا نییە، بگرە بە پێچەوانەوە؛ کورد قوربانییەکە کە زۆرجار مامەڵەی تاوانکارێکی هەمیشە جێی گومان لەگەڵ مافخوازییەکانی دەکرێ.

برینی فتوای جیهاد لەسەر ڕۆحی برینداری نەتەوەیەکی مافخوراو، هەرگیز سارێژ نابێت. لەڕاستیدا، قەوارەی دەلالەتەکانی جینۆساید، بەتێپەڕینی ڕۆژگار و دوورکەوتنەوە لێی، باشتر خۆی دەنوێنێ. وەبیرهێنانەوەی جینۆساید هەمیشە پرسی دارشتنەوەی سنوورەکانی نێوان "من" و "ئەویدی"یە. بەپێچەوانەی ئەنجامی هێندێ توێژینەوە و شیمانەی هێندێ زانای بواری جینۆساید، واپێدەچێ نەوەکانی داهاتووی کۆمەڵگەی سیاسیی ڕۆژهەڵات زۆر هەستیارانەتر لە نەوەی سەردەمی فتوای جیهادی خومەینی، لەگەڵ دەلالەتەکانی ئەو تراژێدییە مێژووییە مامەڵە بکەن. ڕادیکاڵیزەبوونی "وێژمانە بەدیلەکان" هەنووکەییترین دەرکەوتی ئەو هەستیارییەن. هەڵبەت هەر ڕەوایەتی هەڵگوازتنێکی ئەخلاقی لە تراژیدییەکی دەستەجەمعیی ئەوتۆ، دەبێ دووانەی بەرپرسیارێتی هەڵگرتنێکی سیاسیش بکرێ بۆ کەمکردنەوەی ئەگەری دووبارەبوونەوەی ئەو کارەساتە لە داهاتوودا. خاوەندارێتی لە جینۆساید ئاسان نییە!

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



هێڤیدار ئەحمەد

# کێ ئامادەیە خۆی پیاوخراپ بکات؟

28 ساڵی تەواوە خەڵکی ئێمە داوای چاکسازی دەکەن. ئەی بۆ ناکرێ، بە کێ دەکرێ، چۆن دەکرێ و چۆن سەرکەوتوو دەبێ؟ ئەمانە کۆمەڵێک پرسیارن و بەردەوام دەکرێن، لێرەدا وەڵامی هەندێکیان دەنووسم.

گەندەڵی و خراپکاری ڕەهەندێکی مێژوویی هەیە و کەڵەکە بووە. ئەی چۆن چارەسەر بکرێ؟ دەستی لێ هەڵگرین و هەروا بەردەوام بێ، یان دەبێ چاک بکرێ؟ باشە کێ خۆی پیاوخراپ دەکات و دەست بۆ مەلەفی گەندەڵی دەبات؟

هەندێ هەنگاو بۆ گەڕانەوەی متمانە لە نێوان خەڵک و حکومەت کە هیچ خەرجییەک و قانوونێکیشی ناوێ:

یەکەم: دوای پێکهێنانی حکومەت، قسەوباسی زۆر لەسەر گۆڕانکاریی ئیداری دەکرێ، بۆ ئەم گۆڕانکارییانە دەکەن؟ ئەمە سێ وەڵامی هەیە: یان هەندێک کەس دەمێکە لەو پۆستەدان، یانیش کەسەکە بەکەڵکی ئەو پۆستە نەهاتووە، یانیش گەندەڵ بووە؟ ئێ خۆ ناکرێ ئەوەی سیفەتی سێیەمی هەبێ، تەنیا بگۆڕدرێ و ڕەوانەی ماڵەوە بکرێ، بەڵکو دەبێ بۆ خەڵک مەعلوم بێ کە دوای لادانی، ئیجرائاتی توندی لەگەڵ دەکرێ. بەمە دەڵێن چاکسازیی ڕاستەقینە و گەڕانەوەی حوکمی یاسا کە پشت بە خەڵک دەبەستێ.

دووەم: خەڵک بڕوایان وایە کە حکومەت دەتوانێ بەسەر هەموو کێشەکاندا زاڵ بێ، بەتایبەت ئەوانەی بە یاسا چارەسەر دەبن، بەڵام کە لە پێش چاوی حکومەت سەرپێچی لە یاسا کرا و حکومەت خۆی لێ بێدەنگ کرد، خەڵک بڕوای بە حکومەت نامێنێ و ئەمە ترسناکترین لەدەستدانی متمانەیە لەنێوان خەڵک و حکومەت.

سێیەم: دەبێ خەڵک بزانن ئەوەی لە چاکسازی دەگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی حکومەت، چی لێدێت و چۆن خەرج دەکرێ. چونکە پاڵپشتیی خەڵک بۆ حکومەت زۆر بەهێزترە لە پاڵپشتیی حیزب بۆ حکومەت.

چوارەم: ڕاگەیاندنی سەرجەم پۆستەکانی کارگێڕی بە دانانی مەرجی پێویست بۆ هەر پۆستێک لە ڕێگەی سیستەمێکی ئەلیکترۆنی بێ. هەر کەسێ مەرجی پێویستی نەبێ بۆی نەبێ تەقدیم بکات. بۆ نموونە (ئەگەر بۆ پۆستێک 50 کەس پێشکەشی کرد، 10 کەس لەوانە بەرزترین خاڵیان هەبێ وەک (تەمەن، بڕوانامە، زمان، ئەزموونی کارکردن، ڕابردوو... هتد) ئەو 10 کەسە لەلایەن لیژنەی تایبەت موقابەلە بکرێن و هەریەکە کارنامەی چوار ساڵی کارکردنی خۆیان پێشکەش بکەن، بەپێی کارنامەکە کەسەکە بۆ ئەو پۆستە هەڵبژێردرێ.

پێنجەم: کارنامەی حکومەت شەش مانگ جارێک یان ساڵانە بۆ ڕای گشتی ڕێژەی جێبەجێکردنی ئاشکرا بکرێ کە حکومەت لە چ پێشکەوتنێکدایە.

شەشەم: حکومەت ئەگەر نەتوانێ کۆنترۆڵی کەرتێک بکات بەهۆی گەندەڵییەوە، دەتوانێ بە ڕێگایەکی دیکە چارەسەری بکات، ئەویش سپاردنی ئەو کەرتە بە کەرتی تایبەت لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی.

لە سەنگاپوورە چۆن وایان لە کەرتی تەندروستی کردووە کەمترین پارە خەرج بکەن و لەهەمان کاتدا هێزی مرۆیی لەدەست نەدەن کە بەهۆی نەخۆشییەوە گیانیان لەدەست دەدەن؟

لە نزیکی هەموو گەڕەکەکان باشترین ئامێری وەرزشییان داناوە بەبێ بەرامبەر، بۆ ئەوەی خەڵک وەرزش بکەن و لە نەخۆشیی شەکرە و گوشاری خوێن و دڵ بەدووربن. سوودەکانی ئەمە چین؟

خەڵک کەمتر تووشی نەخۆشی دەبن و پارەیەکی باش بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە لە دابینکردنی دەرمان کە زۆر زۆر لەوە زیاترە بۆ دانانی ئامێرە وەرزشییەکان تەرخان دەکرێ. خەڵکی سەنگاپوورە وایانزانی حکومەتەکەیان موهتەمە بە ژیان و تەندروستییان و بەمەش حکومەت هەم متمانەی لە نێوان خۆی و خەڵکەکەی بەهێز کرد، هەمیش تەندروستی خەڵکی خۆی دەپارێزێ. ئەوان گەورە بیریان کردووەتەوە و گەورە بوونە.

پێویستە حکومەتی ئێمە لەسەر هەموو بازرگانێک ئەو خاڵە بسەپێنێ کە هەر خۆراکێک دەهێنێتە نێو هەرێمی کوردستان لەسەری نووسرابێ ئەم خوراکە چەند کالۆری تێدایە و بۆ تەندروستی چۆنە، لەگەڵ ئەمەش باشترین کۆنترۆڵی هەبێ. خەڵک لەم کارانەوە وا هەست دەکەن کە حکومەت گرنگی بە ژیانی ئەوان دەدات و بەمەش متمانە دەگەڕێتەوە.

لە وڵاتی ئێمە تەنیا 10%ی خەڵک لە پلەی بەرپرسیارێتیدان، 90% ی خەڵک لەژێر حوکمی ئەو بەرپرسانەدان. نە داهێنانێک لەم وڵاتە هەیە، نە پشتبەخۆبەستن هەیە بۆ بەهێزکردنی پرسی ئابووری جگە لە نەوت! تەنانەت بە گوێرەی دوایین ڕاپۆرتی بانکی نێودەوڵەتی 24%ی گەنجەکانی کوردستان بێکارن. ئەمە ژمارەیەکی زۆر ترسناکە. دەبێ ئەوانەی بەرپرسن، کار بۆ ئەم خەڵکە بدۆزنەوە، نەک بۆ کوڕەکانی خۆیان. لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا تەنیا لە یەک شوێن 37 کەس دەستبەکاربوون کە زۆربەی ئەو کەسانەی لەوێ کاردەکەن دەوڵەمەند دەبن، زۆربەی زۆریان کوڕ و خزمی نزیکی بەرپرسەکانن و بەڵگەکەش لای من هەیە. دەبێ حکومەت قۆڵی بۆ هەڵماڵێ و بۆ ماوەیەک ڕوو لە خەڵکی خۆیشی بکات.

قسەیەک هەیە دەڵێ "هەموو شتێک ڕەنگە فرسەتی دووەمی هەبێ، تەنیا متمانە نەبێ"



هۆگر ئیبراهیم حەکیم*

# کۆنگرەی حزبەکان لە سەردەمی شێتەکانی دیموکراسیدا

دیموکراسی بەدرێژایی تەمەنی سەرەڕای ئەوەی باشترین شێوازی حوکمڕانییە، لەگەڵ ئەوەش چەندین نموونەی هێناوەتە پێش کە کارەساتی زۆر گەورەی دووچاری مرۆڤایەتی کردووە. دیارترینیان هیتلەرە کە بەرهەمی پرۆسەی دیموکراسی بوو. بە ڕوانین لە ئەدەبیاتی جەنگی دووەمی جیهانی، تێبینی ئەوە دەکەین کە ئامادەکارییەکانی ئەم جەنگە پەیوەستە بە گەشەکردنی هزری ڕاستڕەوە توندڕەوەکان و بڵاوبوونەوەی لەنێو کۆمەڵگە لۆکاڵییەکان، بەتایبەت لە وڵاتانی ئەورووپی. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئەم دەستەیە لە توندڕەوەکان لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە بگەنە دەسەڵات و جیهان پەلکێشی شەڕ بکەن. کەواتە ئەو کاتەی دیموکراسی کۆمەڵێک سەرکردەی دەروونەخۆش دەهێنێتە پێشەوە، لەبری ئەوەی ئاشتی و ئازادی بەرپابێت، شەڕ و ئاشووب دەبێتە بەرهەمی دیموکراسی.

ئەگەر بڕوانینە دوایین وێستگەکانی هەڵبژاردن لەسەرتاسەری جیهان، دەبینین کەسانێکی وەک دۆناڵد ترامپ لە ڕەسەنترین نموونەکانی دیموکراسی لەسەر ئاستی جیهان دەگاتە تروپکی دەسەڵات. ئێستاش نوێترین نموونەی جیهانی پڕ سوپرایزی دیموکراسی هەڵبژاردنی بۆریس جۆنسنە وەک سەرکردەی پارتی پارێزگارانی بەریتانیا کە ڕاستەوخۆ دەبێتە سەرۆکوەزیرانی بەریتانیاش. لێرەوە دەکەوینە بەردەم هەڵوەستەی تازە و کۆمەڵێک پرسیار دروست دەبێت کە ئایا جیهان لەسەردەمی ترامپەکانی دیموکراسی بەرەو کوێ دەچێت؟ ئایا چ بارودۆخێک دەرفەتی بۆ ئەو جۆرە کەسایەتیانە دروست کردووە لە نموونەی دیموکراسی ئەمریکا و بەریتانیا ببنە واجیهەی دوو دەوڵەتی زلهێز. لەپاڵ ئەمەشدا پرسیاری ئەوە دروست دەبێت کە چ هۆکارێک لە پشت سەرکەوتنی هزر و پارتە ڕاستڕەوەکانە لە ئەورووپا و وڵاتە زلهێزەکان.

دیاردەی ترامپەکانی هەڵبژاردن (لە بەشێک لە نووسینەکاندا شێتەکانی هەڵبژاردن بەکاردێت)، خەریکە دەبێتە دیاردەیەکی جیهانی و دەروازەیەک بۆ گەیشتنی کەسانی دەروونەخۆش بە تروپکی دەسەڵات، جا ئەم دەسەڵاتە چ دەسەڵاتی حکومی بێت یان دەسەڵاتی حزبی و ڕێکخراوەیی. ئەگەر سەیری دوایین نموونەکانی هەڵبژاردن بکەین، دەبینین ئەوانەی خاوەن کەسایەتی تایبەتن و جیاوازن، یاخود خاوەن سەرمایەیەکی بێ بنەمان، دەرفەتی سەرکەوتنیان هەیە، ئەمەش بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ بەرەو هەڵدێر چوونی کولتووری دیموکراسی لەسەر ئاستی تاک. نموونە تازەکان و ڕوخسارە نوێیەکانی دیموکراسی، ئەوانەی هەمیشە بانگەشەی گۆڕانکاری دەکەن، زیاتر ئەوانەن کە بەتاڵن لەو تایبەتمەندیانەی لە سیاسەتمەداردا هەیە، ئەوانەی هیچ باکگراوندێک و هیچ ژێرخانێکی مەعریفییان نییە بۆ سیاسەت و حوکمڕانی. لێرەوە دیسان دەکەوینە بەردەم پرسیارێکی جەوهەری، ئایا ترامپەکان بوونەتە نموونە بۆ ئەوانەی کە تەنیا جیاوازبوونیان هانیان دەدات بۆ ئەوەی لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە بێنە پێشەوە؟

ئێستا هەڵبژاردن وەک سیمایەکی دیاری دیموکراسی ڕۆچووەتە نێو هەموو ڕێکخستنێکەوە، دیارترین جۆری ئەو ڕێکخستنانەی کە شانازی بە دیموکراسیبوونی خۆیانەوە دەکەن پارتە سیاسییەکانن کە بەشێکی زۆری پرسی بەڕێوەبردن و دیاریکردنی ئۆرگانەکانی بە پرەنسیپە دیموکراسییەکانەوە بەستووەتەوە، دیارترینیان ئەو کۆنگرانەی کە ئامانج لێی دیاریکردنی دەستەی سەرکردایەتی پارتە سیاسییەکانە. لەم گۆشەیەوە ئەگەر لێکدانەوە بکەین بۆ دیاردەی ترامپەکانی هەڵبژاردن و ئەو کۆنگرەیەی کە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن حزبەکانی پێ ناچار کردووە، شوێنی خۆیەتی بپرسین ئایا دەرفەتی هاتنە پێشەوەی ترامپەکان تا چ ئاستێکە؟ ئایا ئەگەر ئەم کەسایەتیانە هاتنە پێشەوە پرۆسەی دیموکراسی و پرسی سیاسی و ئایندەی هەرێم بەرەو کوێ دەچێت؟

پارتە سیاسییەکانی کوردستان بەپێی تەمەنیان چەند نەوەیەکیان تێپەڕاندووە. هەموو کاتێک لە سەروبەندی گۆڕانی نەوەکاندا ئەگەری گۆڕانکاری بە ئاراستەی کارەسات کراوە بووە. ئێستا دوای ئەوەی گۆڕانکاریە سیاسییەکان خێراتربوون، نەوەکان خێراتر دەگەنە ئاستی ئەوەی بێنە واجیهەی حزبەکانیان، بۆیە دەرفەتی چوونە پێشەوە بۆ هەموو ئەو کەسانەش کراوەتەوە کە هیچ تایبەتمەندییەکی سیاسیان نییە. لەپاڵ ئەوەشدا وا بڕیارە ئەو حزبانە بە گەورە و بچوکیانەوە کۆنگرە ببەستن و سەرکردایەتی نوێ دەستنیشان بکەن، بەو حزبانەشەوە کە کۆنگرە لێیان بووەتە مۆتەکەی هەڵوەشانەوە. بۆیە کاتێک لە ڕوخسارە نوێیەکانی ئەو حزبانە ورد دەبینەوە، تێدەگەین کە دیاردەی ترامپەکانی هەڵبژاردن ئەگەر کەسایەتی زۆر نەشیاو بگەیێنێتە سەرکردایەتی حزبە خاوەن دەسەڵاتەکان، هەم حزبەکان و هەمیش پرۆسەی سیاسی دەکەوێتە بەردەم ئایندەیەکی ناڕوون.

لە بانگەشەی دەستە و تاقمە نوێیەکان بۆ کۆنگرە و نوێبوونەوە، دەردەکەوێت کەسانێک خۆیان ئامادە کردووە جڵەوی حزبەکانیان بگرنە دەست کە بەدڵنیاییەوە دەتوانین پێیان بڵێین شێتەکانی هەڵبژاردن. چەند فاکتەرێک هەڵوێست و پێگەی ئەو کەسانە بەهێز دەکات لەوەی بتوانن زیاتر بێنە پێشەوە، لەوانە: ژینگەی حزبی کە بنکەی جەماوەری حزبەکان خەڵکانی کەمدەرامەتن و لەڕووی کولتووری دیموکراسیەوە لاوازن، بۆیە بە ئاسانی وەلائیان دەکڕدرێت و دەتوانرێت دەنگەکانیان بەکاربهێنرێ. لەم جۆرە بارودۆخەدا ئەوانەی لەسەر میراتێکی گەورە دانیشتوون دەتوانن ئاسانتر دەنگەکان بکڕن.

هەروەها لەڕووی کۆمەڵناسیی سیاسییەوە، کۆمەڵگەی کوردی بەهۆی شەپۆلی نادروستانەی سۆشیال میدیاوە، بووەتە کۆمەڵگەیەکی پۆپۆلیستی و سەرکردە پۆپۆلیستەکان زۆرترین جەماوەریان هەیە، بە تایبەت ئەوانەی توانیویانە باوکایەتییەکی ناشەرعی بۆ پێگە و ماڵپەڕە میدیاییەکان بکەن. ئەوانە لەو زۆنگاوە پۆپۆلییەوە دەتوانن خۆیان بگەیێننە هەموو ئەو شوێنانەی خۆیان ئارەزوویانە.

خاڵێکی دیکە دەستگرتنە بەسەر ئۆرگانە سەربازییەکان و دەستە چەکدارەکانی ناو حزب، ئەمە دەرفەتی زۆری بۆ کۆمەڵێک کەس ڕەخساندووە کە خۆیان وەک فریادڕەسی قەیرانەکانی حزب نیشان بدەن. ئەمانە ئەگەری گەیشتنیان بە سەرکردایەتی سیاسی زیاترە بەهۆی ئەو هەڕەشە زۆرەی لە کادیرەکانی خۆیانی دەکەن. کەواتە دەتوانین پێشبینی ئەوە بکەین کە کۆنگرەکانی ئەمجارە کۆنگرەی شێتەکانی هەڵبژاردن دەبێت.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# گۆڕان دەتوانێ لە پارتی فێربێ

لەم مانگەدا گۆڕان هەڵبژاردن بۆ سەرکردایەتییەکەی دەکات. ئەمە دووەمجارە لە پاش کۆچی دامەزرێنەر و یەکەمین ڕێکخەری گشتییەوە هەڵبژاردن بکات. کەچی لە هەمان ماوەدا و بۆ دەمێکی درێژتریشە یەکێتی ناتوانێ کۆنگرە ببەستێ و لە سەردەمی ڕاگوزەری پۆست غیابی تاڵەبانییەوە بپەڕێتەوە سەردەمی پۆست تاڵەبانی. لەگەڵ ئەوەشدا گۆڕان ئاڵنگاریی لەپێشن و مەترسیی جدیی لەسەرن.

پێشبینی دەکرێت و دڵنیاییش هەیە کە ڕێکخەری گشتیی گۆڕان هەڵبژێردرێتەوە. ئەمەش واتە درێژەدان بەو سیاسەتە نەرم و پشوودرێژانەیەی لە قۆناخی پۆست نەوشیروان مستەفادا ئەو حیزبە لەسەری ڕۆیشت و ئەنجامەکەی بەشداریکردنی بوو لە حوکمڕانیدا. ئەمەش دروست ئەو شتەیە کە بەشێکی دیاری جەماوەری ڕانەهێنراوی گۆڕانی بەو خیتابە کەمتر تووڕە و توونده نیگەران کردووە. بەڵام ئەو هەڵبژاردنەوەیە بەو مانایەشە کە لەپشت عومەری سەید عەلییەوە دوو گەنجی خوێندەوار لەڕووی سیاسییەوە (واتە چیا و نما) لە ساڵانی داهاتوودا بڕیارسازانی گۆڕان دەمێنن، ئەوان وایانکرد لەدوای مەرگی باوکیانەوە بزووتنەوەکەیان بەدەردی یەکێتی نەچێت.

زۆرجار گوێم لە جەماوەری گۆڕان دەبێت کە دەڵێن ئەمجارە بزووتنەوەکەیان دەنگی جاری ڕابردووشی پێ نایەتەوە. ئەمەش زۆر هۆکاری هەیە کە تەنیا یەکێکیان دوورکەوتنەوەی گۆڕانە لە خیتابی ئەنتی پارتی و بارزانی. هۆیەکانی دیکەی ئەوەیە کە گۆڕانی پاش نەوشیروان مستەفا دوو پێکهێنەری گرنگی گۆڕانی سەردەمی نەوشیروان مستەفای تێدا لاواز بووە، ئەوانیش بریتین لە یەکەم: نەبوونی سەرکردەیەکی کاریزمی لە واجیهەی بزووتنەوەکەدا و دووەمیش کەمبوونەوەی دەرکەوتنی گەنج، هەم لەنێوەوەی گۆڕاندا و هەم وەک نوێنەری گۆڕانیش لە شانۆی سیاسیدا.

دەرکەوتنی نەوەی نوێ لەسەر حیسابی گۆڕان و بردنی دەنگەکانی، هەردوو پەیامەکەی بۆ ئەو حیزبە لەلایەن دەنگدەرانی جارانیەوە تێدابوو. چونکە شاسوار عەبدولواحید هێندەی زمانە ڕادیکاڵەکەی ڕووی لە یەکێتی و حوکمڕانیی سلێمانییە و باسی هەڵواسینی دەکردن، بە چارەکی ئەوە خیتابی دژایەتیی پارتی نەبووە. ئەوەش سەلماندی کە دەنگدەری زۆنی ڕەنگاوڕەنگ هەرچییەک دژەپارتی نەبێ بە چاکی نازانێ. هەروەها سەلماندیشی، ناکرێ نەوەی نوێ لەلایەن کەسانێکەوە نوێنەرایەتی بکرێت کە ناچنە نێو نەوەی نوێ و نازانن چییاندەوێ.

ئەو کەسانەی کە بەرپرسیارێتیی گۆڕانیان هەڵگرت، لەدوای کۆچی دوایی ڕێکخەری گشتی و ئەو شکستەی لە هەردوو هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و عێراقدا تووشیان بوو، ڕایان وایە بەشێک لەو سەرکردانەی گۆڕان کاتێک نەوشیروان مستەفاش مابوو، هۆکاری ناسەقامگیریی نێو گۆڕان بوون. دەشڵێن ئەو سەرکردانە مەرگی ئەویان بە فرسەت زانی بۆ شکاندنی بزووتنەوەکە و ئەو کولتوورەی نێو یەکێتییان هێنایە نێو گۆڕانیش، بەوەی کە هەرکەسێک هەوڵبدات لەجیاتی ئیشکردن بۆ بەهێزکردنی بزووتنەوەکە، پلە و پۆستی هەستیاری لەلابێت. ئەوان دەڵێن ئەو سەرکردانە (کە سەرکردەی پێشووی یەکێتیش بوون) تەکەتول و بێ هیواکردنی گۆڕانخوازانیان لە ژووری بەرپرسەکانەوە گەیاندە نێو ماڵی هەوادارانی گۆڕانیش. بۆیەش دەڵێن، سەرەڕای تەزویری ڕێکخراو، ئەو کەسانە هۆکاری سەرەکیی شکستەکان بوون و هەزاران گەنج هەبووە هەر گۆڕان بووە، بەڵام نەچووە بۆ دەنگدان. وەک یەکێک لەو سەرکردانە بۆی باسکردم، کاتێک لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا هێرشکرایە سەر گردی زەرگەتە، بەدەیان کەس و بەتایبەتیش گەنجان هاتبوون داکۆکی لە گردەکە بکەن، بەڵام پەنجەیان مۆر نەبوو، دەنگیان بە گۆڕان نەدابوو.

بۆیە کاتێک سەرکردایەتیی گۆڕان هەڵدەبژێردرێ و ئەو کەسانەی تێدانامێنن کە بە هۆکاری لاوازبوونی بزووتنەوەکە دەزانران، دەنگدەرانی جاران و ئێستای بزووتنەوەکە چاوەڕوانییان گەورەتر دەبێ و بەتایبەتیش هەردوو کوڕەکەی نەوشیروان مستەفا (کە بەکردەوە بڕیاردەر و ڕێکخەری گۆڕانن) لەبەردەم تاقیکردنەوەی زۆر سەختدا دەبن و دەبێ بیسەلمێنن کە ئەوان گۆڕانیان لە شکستێکەوە نەبردووەتە نێو شکستێکی دیکە.

یەکێتی و حیزبە ئیسلامییەکانیش بەتەمان وەک گۆڕان، بەڵام بە بەستنی کۆنگرە هەڵبژاردن بۆ سەرکردایەتییان بکەن. لەنێو زۆربەشیاندا هەستدەکرێ پەیامەکەی دەنگدەر بۆ هەبوونی سەرکردەیەکی کاریزماتیک وەک واجیهە و بایەخدان بە گەنج و خەمی نەوەی نوێ گوێی لێناگیرێ یان هێشتا نەگەیشتووە. ئەنجامی ئەمەش لە هەڵبژاردنی داهاتوودا بە نەرێنی بەسەر ئەو حیزبانەدا دەشکێتەوە.

لەو نێوانەدا، پارتی بە هەموو کەموکوڕییە زانراو و نەزانراوەکانییەوە، لە هەموو حیزبەکانی دیکە مونەزەمتر و بەئاگاتر لەو پەیام و گۆڕانکارییانە دەردەکەوێ. چونکە دەنگدەرەکەی ڕێبەرێکی کاریزمیی هەیە و سەرۆکی هەرێمێکی کراوە و گەنجدۆستی هەڵبژاردووە و سەرۆکی حکومەتێکی خوێندەوار و ئاگاداریشی هەیە. لەو گۆڕانکارییانەی لەنێو حیزبەکەی و حوکمڕانیشدا دەیکات، بەردەوام گەنج و دەموچاوی نوێ دێنە پێش. پێموایە لەوەدا یەکێتی ناتوانێ و تەبیعەتی ململانێکانی ناویشی وان کە نەتوانێ، بەڵام گۆڕان دەتوانێ زۆر لە پارتی فێربێ.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

RÛDAW



## سەمیانی پەریزادە: نێرەمووکم و پەیوەندیم لەگەڵ کچێک هەیە

10


خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو

سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەری نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: بەختیار مستەفا bextyar@rudaw.net

ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قڕگەیی

دیزاینەران: هونەر مەرجان، کاکە مەلا ئەسعەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات

نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997

ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی 0750 486 34 12 – Tel: 0751 811 00 04

rudaw@rudaw.net






